تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

کەبات

ماسك بەستن

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6006) چوارشەممە 16ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەرە "500" دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکارییەکانی ئەمەریکا دەکات



ئێوارەی دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/١٥ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ماتیو تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و خواست و دەرفەتی پەرەپێدانیان، گفتوگۆی ستراتیژیی عێراق و ئەمەریکا، مەترسییەکانی تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەی داعش و گرنگیی بەردەوامیی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ عێراق لە شەڕی دژی تیرۆردا، هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر - بەغدا و پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقیان تاوتوێ کرد.

هەردوولا هاوڕا بوون کە تێپەڕاندنی کێشە و تەحەدییەکانی بەردەم عێراق، پشتگیری و کاری پێکەوەیی و هاوکاریی نێوان لایەن و پێکهاتە عێراقییەکانی پێویستە و لەمبارەیەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەتوانێت یارمەتیدەر و هاوکار بێت.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان کرد کە لە چوارچێوەی بەشێکی دیکەی هاوکارییە سەربازییەکانیدا بۆ عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی داعش، ئەمڕۆ بەشێکیان لە پشکی هەرێمی کوردستان ڕادەستی وەزارەتی پێشمەرگە کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق ستایشی وڵاتەکەی بۆ پێکەوەژیان و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی دەربڕی و ئاماژەی بە گرنگیی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیری لە ناوچەکە کرد، هەروەها پشتگیریی ئەمەریکای بۆ هەرێمێکی بەهێزی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا دووپات کردەوە.

دواییین پێشهاتەکانی باڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەوڵ و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و گرنگیی کارکردن بۆ پاراستنی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی جێی بەیەخی هاوبەش، بەشێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات



دوێنێ سێ شەممە 15ی ئەیلوولی 2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە خاتوو جینین پلاسخارت نوێنەری سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی- پێویستە دۆخێکی لەبار دروست بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارەی دەڤەری شنگال بتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە

سیاسی و دواییین پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێ کرا. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر تەحەددیاتی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و سەرۆک بارزانی بۆچوون و تێبینییەکانی لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و یاسای هەڵبژاردن بۆ نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خستەڕوو.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەردانی مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بە نەرێنی هەڵسەنگێندرا و، پەیوەست بە دەڤەری شنگالیش هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە دۆخێکی لەبار دروست بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارەی دەڤەری شنگال بتوانن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بگەڕێنەوە.

پارێزگاری هەڵەبجە:

ئێمە نانی تاڵ بخۆین داوا لە عێراق ناکەین راستەوخۆ مووچە بداتە فەرمانبەرانی هەڵەبجە



ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە وەڵامی وتەکانی د.ڕێبوار کەریم لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەداتەوە و دەڵێت، موتلەقەن دووبارە لە ڕاستیەوەو ئەسڵی نییە ئێمە داوای مووچە بکەین لە بەغدادەوە شتی وانیە، ئێمە نانی تاڵ دەخۆین و داوای مووچە لە کەس ناکەین لە حکوومەتی هەرێمی دەکەین، یاداشتەکەی ئێمە ئەوەیە کە داوای بەپارێزگابوونی هەڵەبجەمان کردووە، داوای بودجەمان بۆ هەڵەبجە کردووە، ئێمە حکوومەتی خۆمان هەیە من بە حکوومەتەکەی خۆم دەڵێم کەمتەرخەمیت لە یەکەوە تا هەزار، مووچەی من لای بەغدا نییە بەڵام حکوومەتی هەرێمی من ئیستحقاقی دەستووری و هەڵبژاردنی هەیە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ڕێبوار تاڵەبانی: پێویستە حکوومەت جدی بێت لە دادگاییکردنی پارێزگاری کەرکووک



سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ، پارێزگاری کەرکووک هیچ چاودێرییەکی لەسەر نییە و بە ئاڕەزووی خۆی هەموو کارێك دەکات و باکی بە هیچ کەس نییە، بۆیە پێویستە کورد چیتر بێ دەنگ نەبێت و هەڵوێستی هەبێت.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

مەحموود عوسمان: بە ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر دەبێت



سیاسەتمەداری کورد و پەرلەمانتاری پێشووی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، باس لە هەنگاوەکانی حکوومەت دەکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و پرۆژە ناوخۆییەکان بۆ باشتکردنی گوزەرانی خەڵك.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

114 ملیار دینار بەسەر 140 هەزار خێزان دابەش دەکرێت

6



هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق لەبارەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان

3



لێکۆڵەرێکی ئوردنی:

پێگەی ستراتیژیی کورد بووەتە جێگای بایەخی وڵاتانی جیهانی و ئیقلیمی

لێکۆڵەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاروباری ئیران لە زانکۆی (موئتە)ی ئوردن دەڵێت، لەو دۆخە ناجێگیرەی ئێستا ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت گەلی کورد پێویستی بە سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیەتی.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



سەرکۆماری یۆنان بۆ تورکیا: ئەگەر ئاشتیت دەوێت دەبێ هەموو کات خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکەیت

5



نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕ لە سەرووی 100 هەزار دیناڕە

7

بەهۆی تێوەگلانی لە گەندەڵییەوە

گەشتکردن لە پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک قەدەغە دەکرێت



دەستەی دەستپاکی لە عێراق ڕایگەیاند کە بەتۆمەتی گەندەڵی، فەرمانی قەدەغەی گەشتکردن و بانگهێشتکردن بۆ بەردەم دادگا بۆ هەریەك لە پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، ڕاکان سەعید و بەڕێوەبەری باڵەخانەکانی قوتابخانەکانی کەرکووک دەرکراوە.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)




سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت هاوکاریی عێراق بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکان

سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/١٥ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە خاتوو جێنین پلاسخارت نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پرۆسەی سیاسی و دۆخی عێراق بە گشتی و دواییەن پێشهاتەکانی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراقیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تاوتوێ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەرێنیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد و دووپاتی کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت هاوکاریی عێراق بکات لە چارەسەرکردنی کێشەکان، تێپەڕاندنی دۆخەکە و تەحەدیاتی بەردەمی. سیستمی فیدراڵی لە عێراق، پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، جموجوڵەکانی داعش و چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش، بەشێکی دیکەی گۆبوونەوەکە بوو.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی جەختی لە چارەسەرکردنی بنەڕەتییانەی کێشەکان لە چوارچێوەی پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان کردەوە

دوێنێ سێشەممە ١٥-٩-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جینین پلاسخارت نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی دواییەن گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی عێراق و پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرا.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە بەردەوامیی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی فیدراڵی کرد و جەختی لە چارەسەرکردنی بنەڕەتییانەی کێشەکان کردەوە لە سەر بنەمای دەستوور و لە چوارچێوەی پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هاووڵاتییانی عێراق.

میکانیزمەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق و زەمینە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بۆ شوێنەکانیان، تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو.

مەحموود عوسمان:

بە ڕێککەوتنی هەوڵێر و بەغدا ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر دەبێت




سیاسەتمەداری کورد و پەرلەمانتاری پێشووی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، باس لە هەنگاوەکانی حکوومەت دەکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و پڕۆژە ناوخۆییەکان بۆ باشتکردنی گوزەرانی خەڵک.

د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری دێرینی کورد، بە خەباتی ڕاگەیاند: باشکردنی پەیوەندیی هەولێر و بەغدا هەنگاوێکی باشە و کاریگەریی لە ڕووی دارایییەوە دەبێت، گرفتەکان چارەسەر دەکات کە پەیوەندییان بە بژێوی و مووچەی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر گرفتەکان چارەسەر ببن و ئەگەر بتوانین مادەی ١٤٠ چارەسەر بکەین، ناوچەکە ئاسایی بکەینەوە و ئیدارەی هاوبەش دابنرێت بۆ ئەو ناوچانە بەپێی دەستوور، دۆخەکە ئاسایی بکرێنەوە، زۆر گرنگە، چونکە دۆخی ئەو ناوچانە تێکچووە، بۆیە ئەو پەیوەندییانە خزمەتی عێراق و کوردستانیش دەکات".

جەختیشی کردەوە کە هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا هەنگاوێکی باشە و دەشبێت تەماشای دۆخەکە بکەین، دەبێت تەرکیز لەسەر بەغدا بکەین و گرنگە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوین، کازمییش پیاوێکی گونجاوە و خۆی لە کوردستان بووە، بەڵکو ئەمە ڕێگایەك بێت بۆ دەستپێکی شتی باش". د. مەحمود عوسمان ڕاشیگەیاند: "ڕێککەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، بۆ سەقامگیریی هەردوولا گرنگە، چونکە ئەگەر ڕێك نەکەوین، سەقامگیری نابێت". ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەوە دۆخی هەرێمی کوردستان باشتر دەبێت و ژیان و گوزەرانی خەڵکیش باشتر دەبێت.

دەوڵەتی یاسا: محەمەد حەلبوسی ڕەتی دەکاتەوە دووبارە دەنگ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان بدرێت



فراکسیۆنی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەرۆکایەتی نووری مالیکی ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی ڕەتی دەکاتەوە یاسای هەڵبژاردنەکان، بە ئامانجی دەنگدان لەسەر هەموارکردنەوەی، بخرێتە کارنامەی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە.

لەمبارەیەوە ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گاتع روکابی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: محەمەد حەلبوسی دەڵێت کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، دەنگ لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکاندا دراوە و ناکرێت دووبارە دەنگی لەسەر بدرێتەوە، تا ئەو کاتەی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە پەسەند نەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمییدا بڵاونەکرێتەوە.

گاتع روکابی ڕاشیگەیاند، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی بە هێزە سیاسییەکانی ڕاگەیاندووە کە ناتواندرێت هەموارکردنەوەی ژمارەیەك لە بڕگەکانی نێو یاسای هەڵبژاردنەکان بخرێتە دەنگدانەوە تا لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە، یاسای هەڵبژاردنەکان پەسەند نەکرێت و گوتی: دەتواندرێت لە میانی پێشکەشکردنی داواکارییەك بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران کە لەلایەن ١٠٠ ئەندامی ئەنجوومەن واژووکرابێت، هەموارکردنەوەی بڕگەکانی نێو یاسای هەڵبژاردنەکان، بخرێتە دەنگدانەوە.

لەئێستادا گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشووەختە پرۆژەیاسای نوێی هەڵبژاردنەکانە کە لە سااڵی ڕابردووەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەیاساکە بە تایبەتیش فرەبازنەیی، تا ئێستا پەسەند نەکراوە.

پێشتر سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕۆژی شەشی حوزەیرانی ساڵی داهاتووی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشووەختە دیاریکرد و بەڵێنی ئەوەی دا کار بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی بێگەرد لەژێر سەرپەرشتی نیوەوڵەتییدا بەڕێوەبچێت.

لێکۆڵەرێکی ئوردنی:

پێگەی ستراتیژیی کورد بووەتە جێگای بایەخی وڵاتانی جیهانی و ئیقلیمی



لێکۆڵەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاروباری ئیران لە زانکۆی (موئتە) ی ئوردن دەڵێت، لەو دۆخە ناجێگیرەی ئێستا ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت گەلی کورد پێویستی بە سەربەخۆیی و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیەتی. د. ئیاد ئەلەجالی، لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت: ئەزموونی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان و زیندووی کوردە بۆ سەرکەوتنی لەسەر ئاستە سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسییەکان، چونکە هەرێمی کوردستان توانیویەتی دەستکەوتی سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت.

ئیاد ئەلەجالی ئاماژەشی بەوەدا: پێگەی ستراتیژیی کورد لە ناوچەکەدا بووەتە جێی بایەخی وڵاتانی جیهانی و ئیقلیمی، بۆیە جیهان و ناوچەکە بە گرنگییەوە دەڕواننە ئەم پێگەیە. ئەلەجالی دەشڵێت: ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە بارودۆخێکی ناجێگیردا تێ دەپەڕێت و خواستی گەلی کورد لە ئیدارەی زاتی و هەرێم گەورەتر بووە، ئەوان دەیانەوێت بە ڕێگای دیموکراتییانە مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بهێنن.


ملیاردێرێکی ئەمەریکی 100 ملیۆن دۆلار بۆ هەڵمەتی پڕۆپاگەندەی جۆ بایدن تەرخان دەکات

خەبات – مەریوان ئەقشبەندی

مایك بلومبێرگ ملیاردێری ناسراوی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئامادەیە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی جۆ بایدن پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا تەرخان بکات.

ملیاردێرەکەی ئەمەریکا کە دژی هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپە بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی تەئکیدی کردەوە کە تەنها ئەمساڵ نزیکەی یەك ملیار دۆلاری بۆ پرۆژەکار و پرۆسەی خۆکاندیدکردنی جۆ بایدن پاڵێوراوی حزبی دیموکراتی ئەمەریکا بۆ سەرۆکایەتی وڵات خەرج کردووە و چڕکردنەوەی هەوڵەکانیشی لە ویلایەتی فلۆریدا بۆ ئەوەیە کە ئەو ویلایەتە پێشووەخت بەئەلکترۆنی لەمانگی ١١ی ئەمساڵ دەنگ بدەن و زۆرترین ڕێژەی دەنگدەر لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا لەوێیە.

مایك بلومبیرگ هەروەها دەڵێت: دۆناڵد ترەمپ ناوبانگی ئەمەریکای لەکەدارکردووە و دەبێ لەم هەڵبژاردنەدا بەسەرکەوتنی جۆ بایدن کۆتایی بەو سیاسەتە شێتانەی ترەمپ بهێنرێت.



لەلای خۆشیەوە دۆناڵد ترەمپ دەڵێت لەپارەی خۆم هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەم و دڵنیام ئەمەریکییەکان ئەوەیان لەبیرناچێت کە لەمانگی شوباتی ئەمساڵەوە نەمهێشتووە هیچ سەربازێکی ئەمەریکی لەجیهاندا بکوژرێت و چەند هەوڵمداوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.

تەقینەوەیەک ئۆتۆمبێلێکی دیپلۆماتکارانی بەریتانیای لە بەغدا کردە ئامانج

دوێنێ سێشەممە سەرچاوەیەکی ئەمنی لە عێراق ڕایگەیاند کە لە دەوروبەری ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدای پایتەخت، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی دیپلۆماتکارانی بەریتانیادا، تەقیوەتەوە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیوستووە ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە کە ئۆتۆمبێلێکی دیپلۆماتکارانی بەریتانیا لە میانی هاتنی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بۆ ناوچەی سەوز، بۆمبێکی چێنراو پیایدا تەقیوەتەوە.

بەگوتەی سەرچاوەکە، تەقینەوەکە هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتووەتەوە، تەنها زیانی بە ئۆتۆمبێلەکە و پەرژینی ئەمنی دەوروبەری ناوچەی سەوز گەیاندووە و باسی لەوەشکرد کە دوای تەقینەوەکە هێزە ئەمنییەکان شوێنی تەقینەوەکەیان گەمارۆداوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش دەسەڵاتدارانی عێراق هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەبارەوە بڵاونەکردووەتەوە.

پێشتریش ئەفسەر لە پۆلیسی بەغدا، نەقیب حاتم جابری ڕایگەیاندبوو کە تەقینەوەیەك لە یەکێك لە دەروازەکانی ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا ڕوویداوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە. ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە لەڕێگەی سیستەمی بەرگریی «سیرام»ەوە ڕێگریی لە سێ موشەکی کاتیوشا کراوە کە ئاراستەی ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا کرابوون.



پارێزگاری هەڵەبجە: ئێمە نانی تاڵ بخۆین داوا لە عێراق ناکەین ڕاستەوخۆ مووچە بداتە فەرمانبەرانی هەڵەبجە

لە ڕومادی و سامەڕا و نەجەف نەوت نییە کەچی مووچەی ئەوان دەدرێت ئەی بۆ نەوتیان بەستووە بە ئێمەوە

ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە وەڵامی وتەکانی د.ڕێبوار کەریم لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەداتەوە و دەڵێت، موتلەقەن دووری لە ڕاستیەوەو ئەسڵی نییە ئێمە داوای مووچە بکەین لە بەغدادەوە شتی وانیە، ئێمە نانی تاڵ دەخۆین و داوای مووچە لە کەس ناکەین لە حکوومەتی هەرێمی دەکەین، یاداشتەکەی ئێمە ئەوەیە کە داوای بەپارێزگابوونی هەڵەبجەمان کردووە، داوای بودجەمان بۆ هەڵەبجە کردووە، ئێمە حکوومەتی خۆمان هەیە من بە حکوومەتەکەی خۆم دەڵێم کەمتەرخەمیت لە یەکەوە تا هەزار، مووچەی من لای بەغدا نییە بەڵام حکوومەتی هەرێمی من ئیستحقاقی دەستووری و هەڵبژاردنی هەیە، دەشڵێت: من پێم وانییە خەڵکی هەڵەبجە داوای ئەوە بکەن ڕاستەوخۆ بەغدا مووچەیان بچێتەسەر بەغدا ئەمە کەیسی سیاسییە، کەیسی پارە نییە، خەڵک ڕاپەڕینی بۆ کەرامەتی کرد.

تراژیدیا و کارەساتی سەدەی بیست لە هەڵەبجە دایە

هەروەها لە وەڵامی پەرلەمانتارێکی کورد کە لە وتووێژێکدا لەبەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە هەردوو پارێزگاری سلێمانی و هەڵەبجە خاڵی سەرەکی داواکارییان لەکازمی ئەوە بوو کە مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگاکانیان ڕاستەوخۆ لەبەغدادەوە بدرێت. ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە ڕایگەیاند: موتلەقەن قسەکانی ئەو دووری لە ڕاستیەوەو ئەسڵی نییە، ئێمە داوای مووچە بکەین لە بەغدادەوە شتی وانییە، ئێمە نانی تاڵ دەخۆین و داوای مووچە لە کەس ناکەین لە حکوومەتی هەرێمی دەکەین، یاداشتەکەی ئێمە ئەوەیە کە داوای بەپارێزگابوونی هەڵەبجەمان کردووە، داوای بودجەمان بۆ هەڵەبجە کردووە، عێراقی نوێ لەسەر ئەم دێرە دروست دەبێت، لە ئەنجوومەنی ئاسایش، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بڕیار دەدات کە دەبێت عێراق بڕووخێت و نیزامی سەدام بگۆڕدرێت چونکە خاوەنی چەکی کۆکوژە، چەکی کۆکوژیش مایەی هەڕەشەیە لە ئاشتی ناوچەکە و سەلامەتی ناوچەکە. عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ وە ڕووخاوە تا ئەمڕۆی ٢٠٢٠/٩/١٥ کە یەک پارچە چەکی کۆکوژ نەدۆزراوەتەوە تاکە بەڵگە بۆئەوەی شەرعیەت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات کە عێراق



بڕوخێنێت، ئەو چەکە کۆکوژەیە کە لە هەڵەبجەدا بەکاری هێناوە، بۆیە مالیکی و جەعفەری و عەبادی و کازمی هەموویان قەرزاری هەڵەبجە و کەیسی هەڵەبجەن. ١٩٨٨/٣/١٦ تراژیدیا و کارەساتی سەدەی بیست لە هەڵەبجە دایە، ئێمە گوتوومانە دەبێت قەرەبووی زیانەکانی هەڵەبجە بدەیتەوە.

پێم وانییە خەڵکی هەڵەبجە داوا بکەن مووچەیان بچێتە سەر بەغدا

هەروەها لەوەڵامی ئەو پرسیارەی پێت وانیە فەرمانبەرانی هەڵەبجە داوای ئەوە بکەن ڕاستەوخۆ مووچەیان بچێتەسەربەغداد؟ ئازاد تۆفیق گوتوویەتی: من پێم وانییە خەڵکی شارەکە داوای ئەوە بکەن، شاری هەڵەبجە پارێزگایەکە ١٣٠ هەزار کەسین لە مەرکەزی قەزا و چوار ناحیە پێکهاتووە، ئێمە حکوومەتی هەرێمیان هەیە و قەوارەیەکی خۆیەتی ئەم حکوومەتی هەرێمە دەبێت شەڕی بودجە و مووچەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی بکات. لە ڕومادی و سامەڕا نەوت نییە و لە نەجەف نەوت نییە کەچی مووچەی ئەوان دەدرێت ئەی بۆ نەوتیان بەستووە بە ئێمەوە!!!

خەڵک ڕاپەڕینی بۆ کەرامەتی کرد

ئازاد تۆفیق دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم دەبێت مووچەی خەڵک بدات ٣٠ ڕۆژ جارێک، من دەزانم قەیرانی دارایی هەیەو نەوت دادەبەزێت و دەزانم بودجە لە عێراقەوە نایەت، ئێستا مامۆستایەک یەک ملیۆنی هەبێت بووە بە ٧٥٠ هەزار دینار، بەڵام دەبێت ٣٠ ڕۆژ جارێک مووچەی بیدرێتێ. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی خەڵک کە مووچەی نەدرێتێ لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە تۆ وەک پارێزگار چارەسەرت چییە بۆ مووچەخۆرانی شارەکەت؟ لەوەڵامدا پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێت: ئەمە کەیسی سیاسییە، کەیسی پارە نییە، خەڵک ڕاپەڕینی بۆ کەرامەتی کرد، بۆ ئازادی و سەربەستی کرد خەڵکیش ئازادە چی دەڵێت خەڵک «تف» دەکاتە من ئازادە، دەشتوانێت داوای مووچە لەبەغدا بکات ئازادە. گوتیشی: من پارێزگاری هەرێمی کوردستانم لە هەڵەبجە، من بە حکوومەتەکەی خۆم دەڵێم کەمتەرخەمیت لەیەکەوە تا هەزار، مووچەی من لای بەغدا نییە بەڵام حکوومەتی هەرێمی من نیستحقاقی دەستووری و هەڵبژاردنی هەیە، من بۆخۆم نانی تاڵ دەخۆم و داوا لە عێراق ناکەم.

ڕێبوار تاڵەبانی:

پێویستە حکوومەت جدی بێت لە دادگاییکردنی پارێزگاری کەرکووک

دۆخی ئەمنی کەرکووک زۆر خراپە و کوردیش هیچ ڕۆڵێکی لەو ناوچانە نییە



بەهۆی بە هەدەردانی سامانی گشتی لە دروستکردنی قوتابخانە و چەند کارێکی دیکە، دادگا بڕیاری قەدەغەکردنی گەشتکردن بۆ دەرەوە و دادگاییکردنی ڕاکانی دەرکردووە، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەڵێ، پارێزگاری کەرکووک هیچ چاودێرییەکی لەسەر نییە و بە ئارەزووی خۆی هەموو کارێک دەکات و باکی بە هیچ کەس نییە، بۆیە پێویستە کورد چیتر بێ دەنگ نەبێت و هەڵوێستی هەبێت، چونکە بەوجۆرە هەڵبژاردنیش بکرێت کورد هیچ سوودێک ناکات.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: پێویستە حکوومەت جدی بێت لە دادگایکردنی پارێزگاری کەرکووک، چونکە هیچ چاودێرییەکی کارەکانی پارێزگار نەکراوە و ئەنجوومەنیش هەڵوەشاوەتەوە بۆ ئەوەی چاودێریان بکات، بۆیە بە ئارەزووی خۆیان کاریان کردووە و بێ باک بووە.

ڕێبوار تاڵەبانی گوتیشی: کاتی ئەوە هاتووە کورد بە یەکگرتوویی بڕیاری خۆی بدات و لە دانوستانەکانیش باسی ئەو پرسانە بکرێت، چونکە پارێزگار جگە لەتێکدان چاوەڕێی هیچی لێ ناکرێت، گەر هەڵبژاردنیش بکرێت سوودی نابێت، بۆیە کارێکی هەڵەیە کورد بەوشێوەیە هەڵبژاردن بکات. گوتیشی: دۆخی ئەمنی کەرکووکیش زۆر خراپە و چالاکی داعش زۆرە و کوردیش لەو ناوچانە هیچ ڕۆڵێکی نییە.



هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق لەبارەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕایگەیاند کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی سەرجەم دامەزراوە خزمەتگوزاری و ئەمنییەکان، هەروەها حکوومەتەکانی خۆجێی لە پارێزگاکاندا پابەندکردووە لەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن بۆ ئەوەی ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم بکەن تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. لەمبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، عەلی عەباس جیهانگیر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: مستەفا کازمی سەرجەم دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم بکەن تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. گوتیشی: سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بەو ڕاسپاردنەی، سەرجەم دامەزراوە خزمەتگوزاری و ئەمنییەکان، هەروەها حکوومەتەکانی خۆجێی لە پارێزگاکاندا پابەندکردووە لەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن بۆ ئەوەی ژینگەیەکی گونجاو فەراهەم بکەن تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان. گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، عەلی عەباس جیهانگیر ڕایگەیاند کە هەماهەنگییان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە تا ژینگەیەکی گونجاو لە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان فەراهەم بکەن و گوتی: لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکەی مستەفا کازمی، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق نووسینگەیەکی لە شنگال کردووەتەوە لە پێناو گەڕانەوەی زۆرترین ئاوارە بۆ زێدی خۆیان.

بە تایبەت ئاوارەی ئێزدیی.

جێی باسە پێشتر سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە میانی سەردانەکەی بۆ کەمپی ئاوارەکانی قادیا لە پارێزگای دهۆک بەڵێنی ئەوەی دابوو کە داواکاری و پێدەوایستی ئاوارەکان لە کەمپی قادیا و کەمپەکانی دیکە جێبەجێ دەکات و ڕایگەیاندبوو کە حکوومەت هەوڵی زیاتر دەدات تا ئاوارەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.

بەڕپرسێکی بزووتنەوەی ئیسلامی:

پیلانێکی زۆر گەورە لە دژی کورد بەڕێوەیە

بەڕپرسێکی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان هۆشداریی لە پیلانێکی زۆر گەورە لە پەرلەمانی عێراقەوە دژی کورد، دەدات. سەید حەسەن شێخانی، بەڕپرسی مەڵبەندی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کەرکووک، بە ناڕاستی باسنیوزی ڕاگەیاندووە، ئێستا نەیارانی کورد بە هاوئاوازە کوردەکانیشەوە، کار لەسەر دروستکردنی پشێوی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی کورد لەو ناوچانە، دەکەن.

حەسەن شێخانی هەروەها ڕایگەیاند، ئەو نەیارانەی کورد بە بیانووی هەمواورکردنەوەی دەستوور، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکەنەوە و لەوەش مەترسیدارتر، دەیانەوێ بە یاسای نوێی هەڵبژاردن دەنگی کورد و کورسیەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، کەم بکەنەوە. ئەو بەڕپرسەی بزووتنەوەی ئیسلامی پێیوایە ئەگەر عێراق هەمووی یەک بازنە بێت یان هەر پارێزگایەک یەک بازنە بێت، کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق زیاتر دەبن و هۆشداریی دا لەوەی، ئەگەر کورد یەکڕیز نەبێت، ئەوا کورد زەرەر دەکات، چونکە لە پەرلەمانی عێراقەوە پیلانێکی زۆر گەورە لە دژی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیە.

هەرێمی کوردستان.. 597 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 27 کەسیش گیانیان لە دەست

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ٥٩٧ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و ٢٧ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە، بەمەیش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە، ٣٧ هەزار و ٩٠٧ حاڵەت و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و ٣٩١ کەس.

دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، پێنج هەزار و ٤٤٣ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و دەرەنجام ٥٩٧ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا، ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە:

پارێزگای هەولێر، ١٦٤ تووشبوو و پێنج حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای سلێمانی، ١١٠ تووشبوو و پێنج حاڵەتی گیانلەدەستدان.

ئیدارەی گەرمیان، ٢٥ تووشبوو، سێ حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای دهۆک، ٢٦٥ تووشبوو ١٢حاڵەتی گیانلەدەستدان.

پارێزگای هەڵەبجە، ٣٣ تووشبوو، دوو حاڵەتی گیانلەدەستدان.

ئاماژە بەوەشدەراوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٨١ نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە و گەڕاونەتەوە ناو خێزانەکانیان.



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئامارەی بەوەش کردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنـاوە تا ئێستا، ٣٩٢ هەزار و ٦٨٣ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گەیشتووەتە، ٣٧ هەزار و ٩٠٧ تووشبوو، هەروەها هەزار و ٣٩١ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە.



عەرەبی هاوردە پێداگری لەسەر داگیرکردنی زەویوزاری گوندەکانی سەرگەڕان دەکەن

دوێنێ سێشەممە ٢٠٢٠/٩/١٥، ژمارەیەک لە عەرەبە هاوردەکان بە سەرپەرشتیی شێخ ئەحمەد غەزال سەرۆکی هۆزی شەمەر لە گوندی (رافیدەین)ی سەر بە دووبز، گرد بوونەتەوە و ڕایان گەیاندووە چیتر لە دانیشتوانی گوندە کوردەکان قبووڵ ناکەن ڕووبەڕووبنەوە و هەر دەگەڕێنەوە سەر گوندەکان.

بەپێی زانیارییەکان ئەو عەرەبە هاوردانە بە پاڵپشتیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک لە دادگاکانی کەرکووک گرێبەستی کشتوکاڵییان بۆ نوێ دەکرێتەوە و پێداگرن لەسەر ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی سنووری سەرگەڕان.

لەم بارەیەوە، عەبدولوتەلیب نەجمەدین، بەڕێوەبەری ناحیەی سەرگەڕان بەوەکالەت، بە خەباتی ڕاگەیاند: بۆ بابەتی گەڕانەوەی عەرەبەکان، ئەندام پەرلەمانەکان بەردەوام لەسەر خەتن و ئەوان لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی عێراق قسەیان کردووە و ئەویش پەیوەندیی بە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووکەوە کردووە لەسەر بابەتی زەویوزاری سنووەرەکە و وەزیری کشتوکاڵ گوتوویەتی ئەو بابەتە ڕابگرن.

گوتیشی: بەڕێوەبەری کشتوکاڵیش پەیوەندی پێوە کردووین لەو بارەیەوە و لەم سنووەرە کێشەی زەویوزار زۆرە و ئەو عەرەبانەی کە داوای خانوو دەکەن ئەوانەش هەر ڕەوانەی دادگا دەکرێن تاکوو ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و ئەو عەرەبانە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا هاتبوونە ناو گوندی «پەڵکانە» و چووبوونە ناو دوو خانووی هاوولاتییەکی کورد و خاوەن خانووەکانیش لە دادگا سکاڵایان لەبارەیەوە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان دەستەی دەستپاکی لە عێراق ڕایگەیاند کە بەتۆمەتی گەندەڵی، فەرمانی قەدەغەی گەشتکردن و بانگهێشتکردن بۆ بەردەم دادگا بۆ هەریەک لە پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، ڕاکان سەعید و بەڕێوەبەری باڵەخانەکانی قوتابخانەکانی کەرکووک دەرکراوە، جگە لەوەیش فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ٢٣ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتیی کەرکووک لە دۆسیەی بنیاتنانی ژمارەیەک قوتابخانە لە کەرکووک دەرکراوە.

لەمبارەیەوە فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان دەستەی دەستپاکی لە عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاوی کردەوە کە دادگای لێکۆڵینەوە تایبەت بە پرسەکانی دەستپاکی لە کەرکووک، بەپێی ماددەی ٣٤٠ لە یاسای سزاکان و بەهۆی بەهەدەردانی دارایی گشتیی لە پرۆژەی بونیادنانی ژمارەیەک قوتابخانە کە پێشتر بەشێکی ئەو قوتابخانانە بنیاتنرابوون و دواتر بۆ تەواوکردنی بنیاتنانی قوتابخانەکان درابوونە کۆمپانیایەکی بیانی بە بڕی ٥٧ ملیار دینار، فەرمانی بانگهێشتکردنی پارێزگاری کەرکووک و بەڕێوەبەری باڵەخانەکانی قوتابخانەکانی کەرکووک بۆ بەردەم دادگا دەرکردووە، ئەو دۆسیە پارێزگاری پێشووی کەرکووکیش دەگرێتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە دادگای تایبەت بە پرسەکانی دەستپاکی لە کەرکووک هەر لەسەر ئەو دۆسیەیە، فەرمانی قەدەغەی گەشتکردن و دەستگیرکردنی بۆ ٢٣ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگای کەرکووک دەرکردووە لەنێویاندا بەڕێوەبەری پێشووتری پەروەردە.

لە کۆتایی مانگی ئابی ڕابردوودا، دەستەی دەستپاکی لە عێراق ئەوەی شوێنپێی خۆیان قایم بکەن، ئینجا گوندەکانی دیکەش داگیر بکەن.

دانیشتوانی گوندەکانی سەرگەڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوان ئامادە نین گوندەکانیان چۆڵ بکەن و ڕووبەڕووی عەرەبە هاوردەکان دەبنەوە، لە بەرامبەردا عەرەبە هاوردەکان لە گوندی ڕافیدەینی سەر بە دووبز گرد بوونەتەوە و گوتوویانە هەر دەگەڕێنەوە ئەو گوندانە.

کێشەی زەویوزاری گوندەکانی ناحیەی سەرگەڕانی سەر بە قەزای دووبز بۆ سەردەمی حکوومەتی ڕووخاوی بەعس دەگەڕێتەوە کە کوردانی ڕەسەنی ناوچەکە بە زۆرەملێ و بە زەبری چەک دەرکراون و مووڵک و زەویوزاریان دراوەتە عەرەبی هاوردەی ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروووی عێراق، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو کوردانە بەپێی بەڵگەی فەرمی، تاپۆی ساڵانی ١٩٦٠یان هەیە و سەدان ساڵە لەو ناوچەیە نیشتەجێن.

زیاتر لە ٣٨ گوند لە سنووری سەرگەڕان کێشەی مووڵکداریان هەیە، ٢٦ گوند زەوییەکانیان دراونەتەوە جووتیاری کورد و عەرەب بەلایاندا ناچێت، بەڵام ١٢ گوند کێشەکانیان لە نێوان جووتیارانی کورد و عەرەبدا ماون و عەرەبەکان سەرەڕای ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٣ قەرەبوو کراونەتەوە و بە فەرمی گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان، بەڵام جارێکی دیکە بە پاڵپشتیی سوپا و حەشدی شەعبی و بە نووسراوی ساختەی ڕاکان جبووری پارێزگای سەپێندراوی کەرکووک گەڕاونەتەوە و داوای زەویوزاری ئەو ١٢ گوندە دەکەن کە زیاتر لە ٦٣ هەزار دۆنم زەوییە.

هيئة النزاهة
جمهورية العراق
COMMISSION OF INTEGRITY

وەزیری پلاندانانی عێراق:

نە من و نە وەزیری دارایی ژمارەی فەرمانبەرانی وڵات نازانین

وەزیری پلاندانانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە ژمارەی فەرمانبەر و مووچەخۆرانی وڵاتەکەی زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی ڕادەگەیەندرێت.

خالید بەتاڵ، وەزیری پلاندانانی عێراق لە گرتەیەکی ڤیدیۆییەدا، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە، ڕایگەیاندوە نە ئەو وەک وەزیری پلاندانان، نە وەزیری دارایی ژمارەی ڕاستەقینەی فەرمانبەرانی عێراق نازانن.

خالید بەتاڵ پێیوایە ژمارەی ڕاستەقینەی فەرمانبەران لە عێراق، وەک دەگوترێ دوو ملیۆنە، ڕاست نییە، بەڵکو زیاترە لە چوار ملیۆن فەرمانبەر. حزبە عێراقییەکان، بە تایبەت حزبە گەورە شیعییەکانی ئەو وڵاتە، کە دەستیان بەسەر حوکمڕانیی عێراقدا گرتووە، بەردەوام بە دزین و بە هەدەردانی سامانی عێراق تۆمەتبار دەکرێن.

ئەگەرچی عێراق خاوەن گەورەترین یەدەگی نەوتیی جیهانە و یەکێکە لە وڵاتە هەنارەکار سەرەکییەکانی نەوت لە جیهان، کەچی بەردەوام بودجەی ئەو وڵاتە کورت دەهێنێت و زۆر بە دەگمەن پرۆژەی ژێرخان، لەو وڵاتەدا دروست دەکرێت.

لە سەرەتای مانگی ١٠ـی ساڵی ٢٠١٩ـەوە، خەڵکی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق بەردەوام خۆپیشاندان دەکەن و داوای دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و کاربا، لە حکوومەتی وڵاتەکەیان دەکەن.

بەهۆی تێوەگلانی لە گەندەڵییەوە

گەشتکردن لە پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک قەدەغە دەکرێت



بەرپرسی جبەخانەکانی داعش لە کەرکووک دەستگیرکرا

ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە بەرپرسی جبەخانەکان لە بەناو کەرتی ریاز لە ویلایەتی کەرکووک سەربە داعش لە پارێزگای کەرکووک دەستگیرکراوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاژانسی ناوبراو بڵاوی کردەوە کە پشت بەستن بە زانیارییەکانی هەواڵگریی، هێزەکانی ئاژانسی هەواڵگریی سەربە پۆلیسی فیدراڵ لە وەزارەتی ناوخۆ گەورە تیرۆریستێکیان لە بەناو ویلایەتی کەرکووک لە پارێزگای کەرکووک دەستگیرکردووە و کە بەپێی مادەدی چواری تیرۆر بەتۆمەتی ئەندامبوون لە داعش داواکراوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو گەورە تیرۆریستەی کە دەستگیرکراوە وەک بەرپرسی جبەخانەکان لە بەناو کەرتی ریاز لە ویلایەتی کەرکووک سەربە داعش کاری کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە، ئەو دەستگیرکراوە لە میانی لێکۆڵینەوە بەرانبەرکانیدا دانی بەوەداناوە کە ئەندامی ڕێکخراوی داعشە و ڕاشیگەیاندووە کە دوو کوڕی پێش خۆی بوونەتە چەکداری داعش کە یەکێکیان کوژراوە و ئەوەی دیکەیش لەلایەن هێزەکانی ئاژانسی هەواڵگرییەوە دەستگیرکراوە.

بەسرە.. قۆناغی پێنجەمی ئۆپەراسیۆنی (بەڵێنی ڕاستگۆ) دەستپێکرد



فەرماندەی پاسەوانی سنووری ناوچەی چوار، عەمید خەڵەف بەدران ڕایگەیاند کە لە میانی قۆناغی پێنجەمی ئۆپەراسیۆنی «بەڵێنی ڕاستگۆ» کە بە ئامانجی سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لە باشووری پارێزگای بەسرە دەستگیرکراون، ١٨ داواکراو دەستگیرکراون.

عەمید خەڵەف بەدران لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: هێزە ئەمنییەکان قۆناغی پێنجەمی ئۆپەراسیۆنی (بەڵێنی ڕاستگۆ)یان بە ئامانجی سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لە ناوچەکانی ئوم تەیحە سەربە قەزای ئەبو خەسیب و ناوچەی ڕومەیلە سەربە قەزای زوبێر باشووری پارێزگای بەسرە، دەست پێ کردووە.

فەرماندەی پاسەوانی سنووری ناوچەی چوار، عەمید خەڵەف بەدران ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی قۆناغی پێنجەمی ئۆپەراسیۆنی «بەڵێنی ڕاستگۆ» لە پارێزگای بەسرە، ١٨ داواکراو دەستگیرکراون و ئۆپەراسیۆنەکەیش بەردەوامە.

پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕاگەیاندبوو کە هێزە ئەمنییەکان قۆناغی پێنجەمی ئۆپەراسیۆنی «بەڵێنی ڕاستگۆ»یان بە ئامانجی سەپاندنی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لە باشووری پارێزگای بەسرە دەست پێ کردووە.

18 فڕۆکەی جەنگی لە فەڕەنسا وەردەگرین و ئامادەکاریی تەواویشمان کردووە ئەگەر جەنگ بەرۆکمان بگرێت

سەرکۆماری یۆنان بۆ تورکیا: ئەگەر ئاشتیت دەوێت دەبێ هەموو کات خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکەیت



سەرکۆماری یۆنان، دوای گرژی و ئاڵۆزیی نێوان تورکیا و یۆنان لەسەر دەریای سپی، بۆ یەکەمجار و لە ڕێورەسمی ٧٧ـەمین ساڵیادی گێڕانەوەی دوورگەی (مێیس) بۆ سەر یۆنان پەیامێکی بۆ تورکیا نارد و دەڵێت ئەگەر ئاشتیت دەوێت، دەبێت هەموو کاتێک باشتر خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکەیت.

کاتەرینا ساکالاڕۆپۆلو سەرکۆماری یۆنان، ڕێورەسمی ٧٧ـەمین ساڵیادی گێڕانەوەی دوورگەی (مێیس) بۆ سەر یۆنان، وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی: ئەوکاتەی قەیرانێک دروست دەبێت، ئێمە لەگەڵ دیالۆگداین و پشتگیری لە دیالۆگ دەکەین، بەڵام لەژێر هەڕەشەدا هیچ دیالۆگێک ناکەین. یۆنان لە ماوەی ١٠ ساڵدا ١٠ ملیار یۆرۆی بۆ کەرتی سەربازی خەرج کردووە، سەرکۆماری یۆنانیش دەڵێت ١٥ هەزار چەکدارمان بەهێز دەکەین و پڕ چەکیان دەکەین، هەروەها ١٨ فڕۆکەی جەنگیش لە فەڕەنسا وەردەگرن و ئامادەکاریی تەواویان هەیە بۆ جەنگ، ئەگە بەرۆکیان بگرێت.

ئەم قسانەی سەرکۆماری یۆنان لە کاتێکدان کە کیریاکووس میچۆتاکیس، سەرۆکوەزیرانی یۆنان، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاندبوو کە ئامادەیە لەگەڵ ئەردۆغان کۆببێتەوە، باسی لەوەش کردبوو کە تورکیا هەنگاوێکی ئەرێنی ناوە بەوەی کەشتی (ئووروچ ڕەیس)ی لە دەریای سپی کشاندەوە و بۆ مینای ئەنتالیای گەڕاندەوە.

سەرۆکوەزیرانی یۆنان گوتیشی: ئەسینا ناچێتە ناو پێشبڕکێی چەکەوە، ئێمە تەنیا پارێزگاری لە خۆمان دەکەین و ئەوانەش کە دەنگۆی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە ١٢ دوورگەمان پڕ چەک کردووە لەدژی تورکیا، درۆیە و هیچ بنەمایەکیان نییە. من وەکوو سەرۆکوەزیران ئامادەم لەسەر مێزی گفتوگۆ لەبارەی دەریای سپی لەگەڵ ئەردۆغان دابنیشم. جێی باسە ماوەی زیاتر لە دوو مانگە تورکیا لە دەریای سپی بە چوار کەشتییەوە بەدوای غازی سپیدا دەگەڕێت و کۆمەڵێک چەکوچۆڵی لە نزیکە دوورگەکانی یۆنان جێگیر کرد و ئەمەش بووە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی نێوان تورکیا و یۆنان و تەنانەت وڵاتانی ئەورووپی و بەتایبەتی فەڕەنسا لەدژی تورکیا هاتنە دەنگ.

ئەمەریکا هەوڵ دەدات هاوردەکردنی یۆرانیۆم لە ڕووسیاوە کەم بکاتەوە



وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی هاوردەکردنی یۆرانیۆم لە ڕووسیاوە لە پێناو بەهێزکردنی ئەنیستیتۆی ئەتۆمیی ئەمەریکا لەگەڵ دامەزراوەی وزەی ئەتۆمیی ڕووسیا واژووی لەسەر ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە کرد. وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکا ڕایگەیاند ڕەشنووسێکی ئامادەکردووە بۆ هەمواركردنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیەی سەبارەت بە هاوردەکردنی یۆرانیۆم لە ڕووسیاوە کە لە ١٩٩٢ لەگەڵ ئەو وڵاتە واژووی کردووە کە ماوەیەک هەڵپەسێدرابوو.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ دامەزراوەی وزەی ئەتۆمیی ڕووسیا واژووی لەسەر کراوە لە ئەگەری جێبەجێکردنی هەمواركردنەوەکەدا، ڕێککەوتننامەکەدا تا ٢٠٤٠ درێژ دەکرێتەوە و لەم ماوەیەدا، وابەستەیی ئەمەریکا بەو یۆرانیۆمەی لە ڕووسیاوە دێت کەم دەبێتەوە. بەپێی ئەم ڕەشنووسە ڕێژەی یۆرانیۆمی هاوردەکراو لە ڕووسیا کە لەئێستادا لەسەدا ٢٠ـە و لە ٢٠ ساڵی داهاتوودا، بە تێکڕایی دەگەیەندرێتە لەسەدا ١٧ و لە ٢٠٢٨ یشەوە کەم دەکرێتەوە بۆ لەسەدا ١٥.

لەسەرەتای ساڵەوە تا ئێستا ٥٤ ڕۆژنامەنووس بە هۆکاری جۆراوجۆر کوژراون

لانیکەم 366 ڕۆژنامەنووس لە جیهاندا بە کۆڕۆنا گیانیان لەدەستداوە



ڕێکخراوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی Press Emblem Campaign کە ناوەندەکەی لە شاری جنێڤی سویسرایە، بڵاوی کردەوە کە لە سەرەتای مانگی ئاداربەوە تا ئێستا لانیکەم ٣٦٦ ڕۆژنامەنووس بەهۆی توشبوونیان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە. لە میانی دانیشتنەکانی خولی ٤٥ـەمینی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی دووشەممە لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری جنێڤ دەستپێکرد، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکە PEC، بلایسی لیمپین گوتارێکی پێشکەش کرد و باسی لەوە کرد کە لە میانی ڕۆژانی ڕابردوودا، گیانلەدەستدانی ڕۆژنامەنووسان بە پەتاکە ڕووی لە هەڵکشانکردووە، بەتایبەتی لە هیندستان.

بلایسی لیمپین بانگەوازی ئاراستەی ٤٧ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ کرد و داوای کرد بڕیار دەربکەن لە پێناو پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە قەیرانی تەندروستیی جیهانیی. بەپێی زانیارییەکانی PEC لە ٤٧ وڵاتی جیهاندا، لانیکەم ٣٦٦ ڕۆژنامەنووس لە مانگی ئاداردەوە تا ئێستا بە پەتای کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها باس لەوە دەکرێت کە لە یەکی تەموزەوە تا سەرەتای ئەیلوول، ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە دوو هێندە زیادی کردووە. هاوکات PEC ئەوەشی خستووەتەڕوو کە لەسەرانسەری جیهاندا لە سەرەتای ساڵەوە تا ئێستا، ٥٤ ڕۆژنامەنووس بەهۆکاری جۆراوجۆر کوژراون، بەو شێوەیەش ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە میانی ئەمساڵدا، گیانیان لەدەستداوە و کوژراون ٤٠٠ ڕۆژنامەنووسی تێپەڕاندووە.

تەمپ بۆ ئێران:
هەر هێرشێک بکەنە سەر ئەمەریکا هەزار ئەوەندەی هێرشەکەتان بەهێزتر دەبێت



بەیانی دوێنێ سێشەممە دۆنالد تەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە تویتێکدا ڕایگەیاند، بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لەوانەیە ئێران پلان بۆ کوشتن یان هەر هێرشێکی دیکە لە دژی ئەمەریکا دابنێت بۆ تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژرانی قاسم سولەیمانی تیرۆریست کە کوژرا لەسەر پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشێک و هەروەها لەسەر کوشتنی سەربازانی ئەمەریکایی و ئەو هەموو کوشتن و مەینەتیانەی خستنیەوە بە درێژایی چەندان ساڵ. هەر هێرشێک لەلایەن ئێرانەوە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان لە دژی ئەمەریکا ئەنجام بدرێت، ئەوا ئێران ڕووبەڕووی هێرشێک دەبێتەوە کە هەزار جار بەهێزتر دەبێت.

هەروەها بە پێی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکا، ماڵپەڕی پۆڵیتیکۆ لە ڕاپۆرتێکیدا نووسیویەتی بەپێی کاربەدەستێکی حکوومەتی ئەمەریکا کە ئاگاداری مەسەلەکەیە و هەروەها کاربەدەستێکی دیکە کە زانیاریە هەواڵگیریەکانی بینیوە، ئێران تاووتوێی کوشتنی باڵێوزی ئەمەریکا بۆ ئەفریکای باشوور دەکات. ئەم دوو کاربەدەستە دەڵێن کاربەدەستانی دیکەی حکوومەتی ئەمەریکا ئاگادارن لە مانگی سێیەوە هەڕەشە بۆ سەر لانا مارکس هەیە، بەڵام لەم چەند هەفتەیەی دوایی هەڕەشەکان زیاتربوون. دەشڵێن باڵێوزخانەی ئێران لە پریتۆریا دەستی لە پلانگێڕییەکەدا هەیە. هەمان سەرچاوە باسی لەوەش کردووە کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا هێشتا بە تەواوی بۆیان ڕوون نەبووەتە بۆچی ئێرانییەکان دەیانەوێت خانم مارکس بکەنە ئامانج، بەڵام یەکێک لە کاربەدەستەکان گوتویەتی ڕەنگە ئەو پەیوەندییە پتەوی نێوان خانم مارکس و تەمپ هۆکارەکە بێت.

ئێران.. لە 24 کاتژمێردا 140 تووشبووی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا


لە ئێران لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ١٤٠ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە. تێکڕای ژمارەی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لە ئێران بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ ٢٣ هەزار و ٤٥٣ کەس.

دوێنێ سێشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ١٤٠ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، هەروەها دوو هەزار و ٧٠٥ حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراوە. سیما سادات لاری باسی لەوەش کرد کە تا ئێستا، ٢٣ هەزار و ٤٥٣ کەس لە ئێران بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە، ٤٠٧ هەزار و ٣٥٣ کەس.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ئەوەشی خستەڕوو کە ڕەوشی تەندروستی سێ هەزار و ٨١١ نەخۆش ناجێگیرە و تا ئێستا، ٣٤٩ هەزار و ٩٨٤ تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. سیما سادات لاری هەروەها باسی لەوە کرد کە لە تەواوی ئێراندا، سێ ملیۆن و ٦١٣ هەزار و ٨٩١ پشکنین بۆ پەتاکە ئەنجامدراوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران پارێزگاکانی تاران، مازەندەران، گیلان، قوم، ئەسفەهان، خۆراسانی ڕەزەوی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، کرمان، خۆراسانی باکوور، سیمنان، یەزد، زەنجان و قەزوینی بە «ناوچەی سوور» و پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەلبورز، فارس، لورستان، هورموزگان، ئەردەبیل، بووشەهر، کرماشان، کۆهگلویە-بویەر ئەحمەد، خۆراسانی باشوور، مەرکەزی، ئیلام، چەهارمەحاڵ-بەختیاری، گولستان و خوزستان-ی بە «ناوچەی مەترسیدار» ناوبرد.

جیهان.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە 30 ملیۆن نزیک دەبێتەوە
ژمارەی گیانلەدەستدانیش گەیشتۆتە 932 هەزار و 802 کەس



لە سەرانسەری جیهان، ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهانی چین سەریهەڵدا و بە جیهاندا بڵاوبوویەوە، ٢٩ ملیۆن و ٤٤٩ هەزار کەسی تێپەڕاند. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ٩٣٢ هەزار و ٨٠٢ کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە کاتێکدا ژمارەی تووشبووانی پەتاکە لە جیهان گەیشتووەتە، ٢٩ ملیۆن و ٤٤٩ هەزار و ٦٣ کەس، ٢١ ملیۆن و ٢٨٠ هەزار و ٢٩٨ تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. هاوکات لەئێستادا، حەوت ملیۆن و ٢٣٥ هەزار و ٩٦٣ کەس لە جیهاندا هەڵگری ڤایرۆسەکەن. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆرترین ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە پەتاکە تۆمارکردووە کە تا ئێستا شەش ملیۆن و ٧٤٩ هەزار و ٢٨٩ حاڵەتی تووشبوون و ١٩٩ هەزار حاڵەتی گیانلەدەستدانی بەو پەتایە تۆمارکردووە.

پەرلەمانی کوردستان داوای کردووە ئەمساڵ کرێی خوێندن کەم بکرێتەوە



ساڵانە بە هەزاران قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە حکوومەت وەردەگیرێن و بەهۆی جێ بەجێکردنی سیستمی پارالێل لە بەرامبەر وەرگرتنی قوتابی پارە وەردەگیرێت، بڕیارەدری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش دەڵێ، داوامان لە وەزارەت کردووە ئەمساڵ کرێی خوێندنی پارالێل کەم بکرێتەوە.

د. گەلاوێژ عوبێد، بڕیارەدری لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «لیژنەکەیان هەوڵەکانیان چڕ کردووتەوە بۆ ئەوەی ئەمسااڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن، بەتایبەتی کۆرسی خوێندن لە کۆلێژە پزیشکی و زانستییەکان زیاد بکرێن، ئەویش بەهۆی دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر قوتابی و بە دەستهێنانی نمرەی بەرز».

بڕیارەدری لیژنەی پەروەردە گوتیشی: «ئێمە دوێنێ وەک لیژنەی پەروەردە سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانیستییان کردووە و، داواکارییەکانی خۆمان ئاڕاستەی وەزارەت کردووە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ئەمسااڵ نرخی خوێندنی پارالێل کەمبکرێتەوە بۆ قوتابیان».

د. گەلاوێژ عوبێد ڕوونی کردەوە: «شێوازی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەک سااڵی ڕابردوو دەبێت لە ڕێگەی زانکۆلایەن، بەاڵم بۆ هەندێ کۆلێژ سیستمی کریدیت بەکاردێت، هەموو هەوڵێکیش بۆ سەرخستنی پڕۆسەی خوێندنی ئەمسااڵ دەدەین».

وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەمەڕاسیمێکدا یەکەمی کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی خەاڵتکرد



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٤ بە بەشداری د.عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی و د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە سەرۆک زانکۆکان، مەڕاسیمی خەاڵت کردنی یەکەمەکانی کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ بەڕێوەچوو.

لەمیانی بەڕێوەچونی مەڕاسیمی خەاڵت کردنەکەشدا بریکاری وەزارەت وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا لەپاڵ پیرۆزبایی لە سێ یەکەمەکانی کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆی هەولێری پزیشکی، وتی : ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند ڕاستییەکی بۆ ڕوون کردینەوە کە پیشەی پزیشکی و زانستییە پزیشکییەکان پیرۆزترین و مرۆییترین پیشەن بۆ دابینکردنی پاراستنی ئاسایشی کۆمەاڵگە، هاوکات گرنگی کردنەوەی زانکۆی هەولێری پزیشکیشی هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕوونکردەوە.

هەروەها ئەو سەرکەوتنەی ئێوە نایێت لێرەوە کۆتایی پێبێت، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەزانست و فێربون بدرێت و بەرەو ئاستی مەعریفی بەرزتر و دەسکەوتی گەورەتر هەنگاو بنێن.

پارێزگەڕێ دهۆکێ پێشوازیا پارێزگەڕێ سلێمانیێ کر



د.عەلی تەتەر پارێزگەڕێ دهۆکێ پێشوازیا د.هڤال ئەبوبەکر پارێزگەڕێ پارێزگەها سلێمانیێ کر. د هەڤدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا گشتی یا هەرێما کوردستانێ و پێرابونێن خو پاراستنێ ژ پەتایا کورونایێ و پرۆژێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەوێن ل سنورێ هەردوو پارێزگەها دهێنە ئەنجامدان هاتە کرن. پارێزگەڕێ سلێمانیێ پیرۆزباهیا د.عەلی تەتەر پارێزگەڕێ دهۆکێ کر ل دور وەرگرتنا پوستێ پارێزگەها دهۆکێ و هیڤی سەرکەفتنێ بو خواست.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، حوسێن پەلکوێیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری جاف(حاجی ئیسماعیل پەلکوێیی) باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی باوکی خوالێخۆشبووتان بەرەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاک تەها بەهادین پێندرۆیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول(بەهادین محەمەد جەبرائیل پێندرۆیی) باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە کوردپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆقان داواکارین خوالێخۆشبووی باوکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، جەوهەر قەهار،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(قادر قەهار)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و خزم و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبووی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ئاینی و کۆمەاڵیەتی دیاری خۆشناوەتی و شاری هەولێر(مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەد گەرۆتە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاک جەلیلە خڕە،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو(حەپسە سلێمان جاسەنەیی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتانبەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی جەمال تۆفیق،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک(جەمال تۆفیق)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی



114ملیار دینار بەسەر 140هەزار خێزاندا دابەش دەکەین

حکوومەتی هەرێمی کوردستان 114 ملیار دینار دابەشدەکات بەسەر 140 هەزار خێزاندا، سیستەمێکی نوێشی ئامادەکردووە بۆ دابینکردنی هاوکاری مانگانە بۆ ئەو خێزانانەی پێویستییان بە هاوکارییە.

کوێستان محەممەد وەزیری کار و کاروباری کۆمەاڵیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 114 ملیار دیناری تەرخان کردووە و لە چەند ڕۆژی داهاتوو دابەشی دەکەین بەسەر ئەو خێزانانەی پێویستیان بە هاوکارییە».

کوێستان ئاماژەی بەوەکرد: «بڕە پارەکە دەدرێت بە 140 هەزار خێزان و هەر خێزان و بڕی 100 هەزار دیناری پێدەدرێت، ئەو خێزانانە دەگرێتەوە پێویستییان بەهاوکارییە لە خاوەن پێداویستی تایبەت و بێوەژن و کرێچی و هەرخێزانێک مەرجەکانی دابەشکردنی هاوکارییەکە بیگرێتەوە».

وەزیری کاروکاروباری کۆمەاڵیەتی، دەڵێ: «لە ماوەی ڕابردوو 88 هەزار هاووڵاتی لە چوارچێوەی تۆڕی چاودێری خێزان هاوکاری مانگانەیان وەردەگرت، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو مووچەکانیان بڕاوە، ئێستا سیستمێکی نوێمان حازرکردووە ناردوومانەتە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەسەند کردنی، هەرکات دۆخی دارایی حکوومەت باش بوو، ئەوە بەپێی ئەو سیستمە ناوی ئەو خێزانانە دیاری دەکرێت، کە پێویستیان بە هاوکارییە، هاوکارییان بۆ دابینکرێت».

وەزارەتی داد دووەمین فەرمانگەی جێبەجێکردن دەکاتەوە

وەزارەتی داد لە ڕاگەیندراوێکدا ڕایگەیاند: بەمەبەستی فراوانکردن پانتایی خزمەتگوزارییەکانی، لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی دووەمی کردەوە، کە تیایدا کۆمەڵێک مامەڵەی هاووڵاتیان رایی دەکرێت.

لەوانە: یەکەم: یاسای کۆکردنەوەی قەرزەکانی حکومەت بە پێی یاسای ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ی هەموارکراو، دووەمیان: حوکمی بیانییەکان کە شایەنی جێبەجێکردنن لە عێراق بە پێی یاسای جێبەجێکردنی (ئەحکامە بیانییەکان) ژمارە (٣٠) ی ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمی پەیاننامە نێودەوڵەتییەکان کە لە عێراق کاریان پێدەکرێت. سێیەم : بڕیارەکانی دادگاکان و دۆکیۆمێنتەکانی جێبەجێکردن کە بەپێی یاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ ئاڕاستەی کرابێت. هۆکاری کردنەوەی ئەم بەڕێوبەرایەتییە نوێیەی جێبەجێ کردن، لەبەر زۆری دۆسییەکانی جێبەجێکردنە کە لەئەستۆی بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێرە و زۆری دۆسییەکان کاریگەری لەسەر پەککەوتن و دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکان و دۆکیۆمێنتەکانی جێبەجێکردن و پاراستنی مافی حکومەت و هاووڵاتیان دانابوو. وەزارەتی دادی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا، هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە ٣٥ بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەبوو بەکردنەوەی ئەم بەڕێوبەرایەتییە نوێیە بوونە ٣٦. کە بەم جۆرەی خوارەوە دابەش کراوون: ١٥ بەڕێوبەرایەتی لە هەولێر، لە سلێمانی ١٤، لە دهۆک ٦، و یەک بەڕێوبەرایەتی جێبەجێکردنیش لە هەڵەبجە هەیە.

هەر تووشبوویەکێ کۆرۆنایێ یێ ئوکسجینا وی کێم بیت پێدڤیە قەستا نەخۆشخانێ بکەت

ڕێڤەبەرێ نەخۆشخانا لالاف یا کۆرۆنایێ ل دهۆکێ ڕاگەهاند کو ڕێژا ئوکسجینێ ناف خونا تووشبوویێ کۆرۆنایێ دا پێدڤیە دسەر ٩٠ دا بیت و کێمتر نەبیت، لێ نۆکە ل دهۆکێ هندەک تووشبوویێن کۆرۆنایێ هەنە ئوکسجینێ وان دهێتە بن ٧٠ یێ را ئەڤە نەیا باشە بۆ تووشبوویێ کۆرۆنایێ و هەر تووشبوویەکێ کۆرۆنایێ ل مال چارەسەریێ وەربگریت هەکە ئوکسجینا وی کێم بیت پێدڤیە قەستا نەخۆشخانێ بکەت.

د. بەیرەیم داوود دیارکر کو نۆکە کێشەیا ئوکسجینێ نینە بۆ هەموو ژووریێن نەخۆشخانێ ئوکسجین هاتیە دابینکرن، ب تنێ ئەو تووشبوویێن کۆرۆنایێ یێن پێدڤی ئوکسجینێ بن ل نەخۆشخانێ دهێنە وەرگرتن.



هەتا ٣٤ تووشبوویێن کۆرۆنایێ یێن ڕەوشا وان نەباش دناف نەخۆشخانا لالاڤ یا کۆرۆنایێ دا ل دهۆکێ دهێنە چارەسەرکرن ئەو بخۆ ئەم دشێین هەتا ١٢٥ تووشبوویان وەربگرن جهێ ڤێ ژمارا تەختان د نەخۆشخانێ دا هەیە، لێ نۆکە ب تنێ ئەو تووشبوویێن ڕەوشا وان نەباش دهێنە وەرگرتن. ئاشکەرا کر کو هەموو جۆرێن پشکنینا ل نەخۆشخانا لالاڤ بۆ تووشبوویێن کۆرۆنایێ دهێنە ئەنجامدان وتیشک بۆ سینگێ تووشبوویێن کۆرۆنایێ دهێتە گرتن وئوکسجینێ بەردەوام هاتیە دابینکرن بۆ تووشبوویێن کۆرۆنایێ». زێدەتر گوت: هەکە ڕەوشا تووشبوویەکێ کۆرۆنایێ گەلەک دژوار و مەترسیدار بیت وپێدڤی ئامیرێ هەناسەدانا دەستکرد بیت ئەم بۆ نەخۆشخانا ئازادی ل دهۆکێ ڕەوانە دکەین و پلان هەیە چاڤدێریا چر ل نەخۆشخانا لالاڤ یا کۆرۆنایێ بهێتە زێدەکرن ئەم چاڤدێریا چر ژی بکەفتە خزمەتا تووشبوویێن کۆرۆنایێ دا».



کاڵاو خۆراکی ماوەبەسەرچوو لە بازاڕ و مارکێتەکان کۆتایی نایەت

بەگوتەی هێمن سەید مورادبەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی هەولێر، بەهاوکاری و هەماهەنگی لیژنەکانی قایمقامیەت و پۆلیسی شارەوانی و لیژنەی چاودێری تەندروستی و هۆبەی ئابووری ئاسایش بەدواداچوونیان بۆ شوێنە گشتییەکان و سوپەرمارکێت و مۆڵەکان کردووە. ئەو دەشڵێت: لەهەر شوێنێك و هەر سەرپێچیەك بەرچاو بکەوێت، خاوەنی شوێنەکە سزا دەدرێت و نابێت دوکاندار و خاوەنی مارکێتەکان بازاڕ قۆرخ بکەن و نرخی پێداویستی خۆراك لەسەر هاوواڵتیان گران بکەن.بەڵام تا ئێستایش کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو لە هەندێك شوێن دەبیندرێت و هاوواڵتیانیش قسەی خۆیان لەوبارەیەوە هەیە:

خەبات: فاتیح بەرزنجی



بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر:

مەبەستمانە نەهێلین قۆرخکاری لە بازاڕ بکرێت و ڕێگری لە هەر کەلوپەلێکی کوالیتی نزم بکەین

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر هێمن سەید مۆراد، دەربارەی ژمارەی لیژنەکانیان لە سنووری پارێزگای هەولێر و دەوروبەری ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت: لە سنووری پارێزگای هەولێردا ١٥ لیژنەمان هەیە و لەو ژمارەیەش ١٠ لیژنە لەناو سەنتەری شاری هەولێرەو پێنج لیژنەش سەربە قەزا و ناحیەکانی شاری هەولێرە، کاری ئەو لیژنانە بنەبڕکردنی کەموکوڕییەکان و پابەندبوونی هاوواڵتیانە بە ڕێنماییەکان، هەر لە لایەن لیژنەکانەوە ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ ئەو کاڵایانە دەکەن کە شیاونین و لە ڕووی کوالیتی و بەکارهێنانەوە کێشەیان هەیە، جگە لەوەش ئەو خواردنانەی کە ماوەکەی بەسەرچوو بێت دەستی بەسەردا دەگیرێت, ئیدی لە هەرکوێ و هی هەرکەس بێت، چونکە کاریگەریی خراپی بۆ سەر تەندروستی هاوواڵتیان بەگشتی هەیە.

هێمن سەید مۆراد زیاتر لەسەر ئەرکی لیژنەکان قسە دەکات و دەڵێت: بە پێویستی دەزانم هاوواڵتیان لەوە ئاگادارین کە کاری ئەو لیژنانە چاودێریکردنی کۆگاکانی خۆراکیشە، لەبەر ئەوەی خۆراك زۆر گرنگەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و تەندروستی هاوواڵتیانەوە هەیەو دەچێتە بازاڕو دەست دوکانداران و سوپەر مارکێتەکان و دواجاریش بۆ مااڵن، ئێمە لەکاتی بەسەرکردنەوەی لیژنەکانی چاودێری بۆ کۆگاکان، ژمارەیەك کۆگای خواردنمان داخستووە، بەهۆی بوونی خواردن و کاڵاو کەلوپەلی کوالیتی نزم و ماوە بەسەرچوو، هەر لەلایەن لیژنەکانەوە ئەو شوێنانە سزای داراییشیان بەسەردا سەپێندراوە، بەردەوامیش لیژنەکان سەردانی هەموو شوێنە گشتییەکان دەکەن و داواش لە سەوزەو میوە فرۆشەکان دەکەین کە نرخەکان لەسەر هاوواڵتیان گران نەکەن، چونکە ئێمە لیژنەی تایبەتمان بۆ ئەوەیش هەیە و هەر شوێنێك نرخ بەرزبکاتەوە سزا دەدرێت و بەدواداچوونی وردیش بۆ سکاڵای هەر هاوواڵتییەك دەکەین لە بارێکی خراپی دارایی دایە و دابینکردنی نەوت بۆی بەو نرخە بەراستی زۆر ئەستەمە ، بۆیە هیوادارم حکومەت ئەمساڵ زووتر و بەر لەوەی بکەوینە ناو وەرزی سەرما وسۆلەوە لانیکەم بەرمیلێك نەوت لە ڕێگای بریکارەکانەوە بەسەر خەڵك دابەش بکات بۆ ئەوەی تۆزێك لەو بارە قورسەی لەسەر شانی هاوواڵتییە کەمبکرێتەوە ، بە دڵنیایشەوە نرخی نەوت لەگەڵ یەکەم شەپۆڵی بارانبارین لەوەی ئێستاش کە هەیە بەرزترینش دەبێتەوە ، ئەمەش لەوانەیە وا بکات کە دیسان خەڵکانێك بە ناچاری ڕوو لە بریتی دار بکەن .

لە لایەکی دیکەوە (بێوار محمد) کە چەند ڕۆژێك پێش بەرمیلێك نەوتی وەك ئامادەکاری بۆ وەرزی زستان کڕیوە گوتی: من ساڵانە بەر لە وەرزی زستان بە پێی توانای داراییم بەرمیلێك یان دوو بەرمیل نەوت دەکرم هەرچەندە ئەمساڵ هەر توانای کڕینی یەك بەرمیلم هەبوو ، ئەمەش لەبەر ئەوەی تا دێت بارودۆخە داراییەکە هەر خراپتر دەبێت و نرخەکانیش هەروەك خۆیەتی ، من بەرمیلێك نەوتم بە (١١٥٠٠٠) هەزار دینار کڕی، دڵنیام زۆر کەس هەیە توانای کڕینی ئەو یەك بەرمیلەشی نییە و چاوەڕێیە کە حکومەت وەك ساڵانی ڕابردوو نەوت دابەش بکات بۆیە لای خۆمەوە داوا لە جکومەت دەکەم هەرچی زووتر نەوتی سپی بەسەر ماڵان دابەش بکات.

هەر سەبارەت بەو بابەتە (زێبار برادۆستی) وەك هاوواڵتییەکی ناوچەی سیدەکان گوتی : ئێمە هەموو ساڵێك لە سەرەتای مانگی (٩) کە نزیك دەبینەوە لە وەرزی زستان خەمان خەمی نەوت و سووتەمەنییە ، بە خۆتان دەزانن ناوچەی سیدەکان زستانێکی ساردی هەیە، من خۆم توانای کڕینی یەك بەرمیل نەوتیشم نییە بۆیە ئەگەر حکومەت نەوت دابەش نەکات ناچارین پەنا بۆ سۆپای دار و کۆکردنەوەی دار ببەین ، ساڵانی پێشووتریش هەروا بووە خەڵکێکی زۆر لەبەر نەبوونی و خراپی بارە داراییەکەی سۆپای داری بەکار هێناوە، بۆیە حەقوایە خەمێکی جیددی لەو بابەتە بخورێت و هەم نرخی نەوت لە بازار نرخێك بێت کە لەگەڵ گیرفانی خەڵك بگونجێت هەمیش حکومەت خۆی نەوت بەسەر خەڵك دابەش بکات، خۆ ئەگەر کارەبای نیشتمانیش وەك پێویست هەبووایە هەر باشتر بوو ، خەڵك دەیتوانی ئەوکات پەنا بۆ ئامێرە کارەباییەکان ببات بۆ خۆگەرمکردنەوە بەس بەداخەوە لە وەرزی زستان کاتژمێری پێدانی کارەبای نیشتمانیش کەمتر دەبێتەوە بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆچارەسەرکردنی ئەوگرفتانە لە ناوچە شاخاوییەکانی وەك ناوچەکەی ئێمە زوو دەست بە دابەشکردنی نەوت بکات.

ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وەرزی سەرما، دابینکردنی نەوت بە سەرەکیترین ئاریشەی هەر خێزانێك بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەو سەرما سەخت و دژوارەی کە لە وەرزی زستان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و شاخاوییبوونەوە ڕوو لە ناوچەکە دەکات ، بۆیە دانیشتووانی دەڤەری سۆران داواکارن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەر لە هاتنی وەرزی سەرما نەوتی سپی بەسەر ماڵان دابەشبکەن، چونکە لەو بارودۆخە سەختە داراییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازار لەسەرووی١٠٠ هەزار دینارە.



نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕ لە سەرووی 100 هەزار دینارە

دەڤەری سۆران.. هاوواڵتیان داواکارن بەر لەهاتنی وەرزی سەرما نەوتی سپی بێتە دابەشکردن

لەم چەند ساڵەی دوایی کە هەرێمی کوردستان بە هۆی بڕینی بودجەکەی لە لایەن بەغداوە تووشی گرفتێکی گەورەی دارایی بوویەوە بەشێك لە هاوواڵتیان بە ناچاری بۆ خۆگەرمکردنەوە لە وەرزی زستان ڕوویان لە بڕینی دار و درەختی ناوچەکانی خۆیان کردووە ئەمەش زیانێکی گەورەی بە ژینگەی ناوچەکە دەگەیاند و نارەزایەتی تۆندی ژینگە پارێزەرانی بە دوای خۆیدا دەهێنا، بەڵام خراپی باری دارایی و بەرزی نرخی نەوت لە بازار تاکە بیانووی ئەو کەسانە بوو کە بە بڕینەوەی دارو درەختەکان هەستابوون، (حوسێن ئەحمەد)ی هاوواڵتی لەو بارەیەوە گوتی: ناوچەی سۆران وروانذز و میرگەسۆر و چۆمان تاکو حاجی تۆمەران سەرمایەکی سەختی هەیە و هەر خێزانێك لەو وەرزە پێویستی بە چەند بەرمیلێك نەوت هەیە بۆ ڕزگاربوون لەم سەرمایە، خۆشتان دەزانن لەو بارودۆخە دواکەوتنی





هاوواڵتییەك: هەوڵی لەناوبردنی خۆراک و کاڵای کوالیتی نزم بەردەوامە، بەڵام هاوردەکردنیش بەردەوامە



هێمن سەید مورادبەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر: هەر شوێنێک نرخ بەرزبکاتەوە سزا دەدرێت و بەدواداچوونی وردیش بۆ سکاڵای هەر هاوواڵتییەک دەکەین

نەهێلین قۆرخکاری لە بازاڕ بکرێت و ڕێگری لە هەر گرانکردنێکی نرخ و کەلوپەلێکی کوالیتی نزم بکەین.

هێمن سەید مورادبەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر دەشڵێت: لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لیژنەکانی ئێمە بەهاوکاری لەگەڵ هۆبەی ئابووری ئاسایشی هەولێر زیاتر لە ١٢ تەن کاڵای ماوە بەسەرچوویان لە کۆگایەکی شاری هەولێر دەستبەسەردا گرت، کە هەمووی خۆراکی ڕۆژانەی هاوواڵتیان بوو، بریتی بوو لە مەعکەرۆنی و شەعریەو خواردنەوە گازییەکان، هەموو ئەو خۆراکانە ماوەیان بەسەرچوو بوو، دواتریش بەکۆنووسێك و لەلایەن لیژنە هاوبەشەکە هەر هەموو ئەو کاڵایانە لەناوبردران، دوای ئەوەش چەندین تەنی دیکەی کاڵای ماوەبەسەرچوو دەستیان بەسەرداگیراو ڕۆژانە لیژنەکان لەهەموو سنووری هەولێر بەدواداچوون بۆ نەهێشتنی کاڵای ماوەبەسەرچوو دەکەن.

لە بەرانبەر قسەکانی بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، هاوواڵتیان باس لەوە دەکەن، وێڕای هەموو ئەو هەوڵانە کەچی هێشتا کاڵاو خۆراکی ماوەبەسەرچوو ماوەو بە تەواوی بنبڕ نەبووە.

مەحمود ئەکرەم دانیشتووی شاری هەولێرەو دەڵێت: هەوڵەکان بەردەوامن، بەڵام هاوردەکردنی خۆراك و کاڵای کوالیتی نزمیش بەردەوامە، بۆیە چارەسەرکردنی بە یەکجارەکی ئاسان نییە.

ژیان سەعید دانیشتووی شاری هەولێرە لە گەڕەکی فەرمانبەران، دەڵێت: ئەگەر ئەو هەموو کاڵاو کەلوپەلە ماوەبەسەرچووە دەستی بەسەردا دەگیرێت، بۆچی هێشتا بوونیان هەیە و ڕۆژانەش لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەبینین کە سەدان تەن خۆراك لەناودەبرێت، پرسیاری من ئەوەیە کێن ئەوانەی ئەمجۆرە کاڵایانە دابەشی سەر مارکێت و بازاڕەکان دەکەن؟.



کۆشکی مەحمود پاشای جاف لە شارۆچکەی سەعدییە لایەنێکی میژووی جوانی کوردە لەو سنوورە دا

خەبات سەربەست برزۆ

سەعدییە شارۆچکەیەکی دێرینە وەکەوێتە نزیک زنجیرە چیای حەمرین ، سەعدییە لە روی ئیداریەوە سەربە قەزای خانەقینە .شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە شارۆچکەکە میژوویەکی کۆنی هەیە و هەروەها شوێنێکی ستراتیژی هەبووە لە سەدەکانی رابردودا .لەسەردەمی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییەتی سوڵتان عەبدولحەمید سوڵتانی عوسمانی فەرمانی ئیدارەی ناوچەیەك هەرلە هەڵەبجەوە هەتاوەکو بەرزاییەکانی حەمرین دراوەتە دەستی مەحمود پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگی جاف کەلە نێوان ساڵانی 1846 1921- ژیاوە ،. ئیدارەی ناوچەکە بەتەواوی لەژێر فەرمانڕەوایی ئەودا بووە و پاراستویەتی ، لەدوای فەرمانڕەواییەتی مەحمود پاشا دەچێتە شارۆچکەی سەعدییە و سەرتا هەوڵ بۆ سەوزایی کردنی ناوچەکە دەدات و ئەرزی کشتوکاڵی ناوچەکە بەشێوازی 11 بەش کە 6 بەشی بۆ خاوەن ئەرز و پێنج بەشی بۆ جوتیار بووە، دواتر لە ساڵی 1890 لەناوچەرگەی شاردا کۆشکێکی گەورە دروست دەکات کە دەکەوێتە سەر پارچە زەوی 20 لە موقاتەعەی 13 (باخەکانی کۆیلی خوارروو) کە روبەری سەرجەم مولکەکە 11625 دۆنمە ، ئەم کۆشکەکە کە دەکەوێتە سەنتەری شار و لە ئێستادا کەلاوەیە بە کۆشکی مەحمود پاشای جاف ناوبانگی دەرکردووە ، لە سەدەی رابردوو جگە لەوەی شوێنی ماڵباتی مەحمود پاشا بووە ، هەروەها جێگای دیداری کەسایەتی سیاسی و دەڵەتمەدار و کاربەدەستانی دەوڵەت بووە ، دەیان کەسایەتی بەناوبانگ و خاوەن دەسەڵات و پێگە سەردانی ئەم کۆشکەی کردووە لەوانە هەرسێ سەرۆك کۆماریێ عێراق : عەبدولڕەحمان عارف و سەدام حوسێن و مام جەلال و هەروەها عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق و .....هتد .

کۆشکی مەحمود پاشای جاف لە ساڵی 1890 لەسەر دەستی باشترین وەستاکانی تەلارسازی ئێرانی ئەو سەردەمە دروست کراوە ، جوانی و دیزاین زەخرەفە و ئاگردان و ژورەکانی بەجوانترین شێواز دروستکراوە .

کۆشکەکە ماڵی ماڵباتی جاف بووە و کۆتا بنەماڵەی بەگزادەی جاف کە لەو کۆشکەدا نیشتەجێ بونە ، ئەویش ماڵی عەلی بەگی رەزا بەگی جافە کە هەتاوەکو سەرەتای هەشتاکان لەو کۆشکەدا نیشتەجێ بونە .سەدام حوسێن لە ساڵی 1980سەردانی شارۆچکەی سەعدییەی کرد و ئەوەبوو یەکێك لەو کارانەی کە کردی ، کۆشکی مەحمود پاشای جافی کڕی بە بڕی 170 هەزار دیناری ئەوکاتە و خستیە سەر بەڕێوبەرایەتی پشکێنەری ئاسەواری دیالە ، ئیتر کۆشکەکە بەچۆڵی مایەوە و نۆژەن نەکرایەوە و ڕەنگە بەمەبەستی ئەوە بوبێ کە ئاسەواری کورد لەناوبچێ وەکو ئەوەی کە لە زۆر شوێندا بەعس پەیڕەوی دەکرد . لە 1990 چەند خێزانێکی کەمدەرامەت نیشتەجێی کۆشکەکە بوون بۆ ماوەیەك و دواتر چۆڵکرایەوە .لە ئێستادا کۆشکی جاف ، یاخود کۆشکی مەحمود پاشای جاف لە شارۆچکەی سەعدییە بەچۆڵی ماوەتەوە و دڵنیاین کە هەتاوەکو دەسەڵاتی کوردی نەچێتە شارۆچکەکە نۆژەن نەکرێتەوە .

جگە لە کۆشکەکە لە ساڵی 1893 مەحمود پاشای جاف لە شارۆچکەکەدا مزگەوتێکی گەورەی دروستکردووە کە بەمزگەوتی مەحمود پاشای جاف بەناوبانگە و هەتاوەکو ئێستاش مزگەوتەکە کراوەیە بەڕوی نوێژکەراندا .هەروەها لە ساڵی 1895 یش لە گوندی تازەدێی نزیك شاری کەلار کۆشکێکی دیکەی گەورەی دروست کردووە .بنەماڵەی مەحمود پاشای جاف و بەگزادەی جافەکان بەگشتی لەدوای خۆیان ناوبانگێکی باشیان لە شارۆچکەی سەعدییە بەجێ هێشتووە و جێگای ڕێزی خەڵکی شارۆچکەکەن و ، ناویان بەباشی دەهێنرێ و دەنووسرێ .

دۆزینەوەی شوێنەواری (گاورکرد) لە شاخی بەموّی ناوچەی سلێمانی

کەمال نوری مەعروف

سەرەتایەک:

بەرلەوەی بچینە ناو باسی دۆزینەوەی شوێنەواری (گاورکرد) و دەسنیشانی سەردەمەکەی لەڕووە میژووییەکەیەوە، پێویستە بڵێین: ناوچەی سلێمانی بەشوێنەواری دێرین دەوڵەمەندە، کە بۆ سەردەمە جیاجیاکانی شارستانێتی کۆن لەمێژوودا دەگەڕێنەوە.

ئەوەی لەم باسەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین کە لەبەرچاوە، ئەوەیە زۆرینەی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانە هەتاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر لەژێر زەویدا ماونەتەوە، بەهۆی ئەوەی دەستی ڕووپێوکردن نەیانگەیشتوونەتێ. ئەوانەش لەوەوبەر لەساڵانی پەنجاکاندا بۆیان کراوە، ناتوانین بۆ ناسینی سەردەمەکانیان پەنایان بەرینەبەر، چونکە نازانستییانە کراون، بەهۆی ئەوەی پسپۆڕ نەبوون لەزانستی شوێنەواردا. بۆیە ئەرکی شوێنەوارناسانی کوردە هەوڵبدەن بۆ ڕووپێوکردنیان، تاوەکو بتوانین بەو هۆیەوە، ئەڵقە ونبووەکانی قۆناغەکانی شارستانێتی کۆنی کورد بەیەکتڕەوە ببەستینەوە، تا بیانکەینە ملوانکەیەك بۆ خزمەتی میژووی دێرینمان.

ئەوەی لێرەدا جێگای باسو لێکۆڵینەوەیە، شوێنەواری (گاورکرد)ە، لەسەرمانە پێناسەی بۆ بکەین بەئامانجی وەرگرتنی زانیاری لەسەری. بەو هۆیەوە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٦ تیمێك کە پێکهاتبوون لەبرایان دکتۆر هۆگر مەحمود، مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی و ڕێزداران (عەزیم) و (نەبەز)ی دانیشتووی گوندی هۆرێن لەبناری شاخی (بەمۆ)، بەهاوبەشی نووسەری باس، ڕۆیشتینە سەردانی شوێنەواری ناوبراو، کە توانیمان خزمەت بەمێژووی سەردەمەکەی بکەین و ڕۆڵی لەمێژووە دێرینەکەیدا بەرز بنرخێنین، بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەریان دەستمان کەوتووە، وا لەم نووسینەدا دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی.

وەسفی شوێنەوارەکە:

شوێنەوارەکە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی گوندی هۆرێن لەدامێنی شاخی (بەمۆ) لەدووری ٤-٥ کیلۆمەتر لێوەی. ناوەندی شوێنەوارەکە، کەوتووەتە نێوان دووبەرەی قەدپاڵی شاخ، لای خەڵکی ناوچەکە بە (گۆڵەگەنیو) ناسراوە، کە لەبەشی خوارەوەدا هەردوولایان یەکدەگرنەوە، لەنێوانیاندا ڕێڕەوی ئاوێك پێکدەهێنن کە لەباکووروەوە بۆ باشوور دەکشێ، و پێوەی دیارە لەوەرزی باران باریندا شێوە چەمێکی پێکهێنا بێت، ئاوەکەی بەرەو خوار بووەتەوە، دوای گەڕان پێیدا پاشماوەی چوار بیری ئاومان دییەوە، کە یەکێکیان شێوە بازنەیی هەڵکەنراوبو، بەشی سەرەوەی بە بەرد هەڵچنراوبو، بەڵام ئەوانی تر، پاشماوەکانیان کە لەسەر هێڵی چەمەکە بوون، پڕبوونەوە، لەئەنجامی لیتەی باران و لافاوی زۆری وەرزی زستان، بەڵام شوێنی بیرەکان دیار بوون، چاڵەکانیان بەرچاو دەکەوتن. ئەمەش بەڵگەیە لەهەر شوێنێك ئاو هەبووبێت ئاوەدانی هەبووە. هەردوو لێوارى قەدپاڵی شاخەکە، کە شوێنەوارەکەی لەخۆگرتووە، دیارە بەر کاولکردن و وێرانکاری کەوتووە لەسەردەمێکی دواترەدا، بەڵگەش بۆ ئەمە دیوارە پچڕپچڕەکانیەتی کە لەگەڵ یەکتریدا پەیوەست نابن، بۆئەوەی بتوانین نەخشەیەکی نوێ لەسەر شێوە کۆنەکەی کە گوندەکە ئاوەدان بووە، دروستبکەینەوە. دیارەی دووەم پاشماوەی ئەو دارو دەرختانەیە کە لەئێستادا لەناو شوێنەوارەکەدا بەرچاو دەکەون، بەڵگەن بۆئەوەی لەڕۆژگاری زووەدا ناوچەکە لەئەمڕۆ زیاتر پڕ دارو درەخت بووەو خانووەکانیان لەژێر سێبەری درەختەکاندا، یاخود ڕەزەکانی، ژیانی ڕۆژانەیان بەسەربردووە، هاوشێوەی ئەو جۆرە گوندانەش لەناوچەکەدا زۆرن، لەوانە گوندی (کۆڕەداوێ)ی ناوچەی شارباژێڕ. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٧).

لێکدانەوەی وشەی گاورکرد:

وشەی (گاور) لەمێژووی دێرینداو واتاو مانای خۆی هەیەو دەبێت بەدوای ڕەگوریشەکەیدا بگەڕێین مانای چیان بۆ دروست دەکات. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی کۆن، بۆ ساغکردنەوەی ئەو جۆرە ناوانە، بەتایبەتی کە لێرەدا وشەی (گاورکرد) بەکارهاتووە، لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، وشەکە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا گوتراوە کە بۆ بەرلەدەرکەوتنی ئایینەکە گوتراوە. بەوپێیە دەتوانین ڕاقەی لێبکەین کە وشەکە زەردەشتییەو بۆ ئایینی زەردەشتییەکان دەگەڕێتەوە لەوشەی گەبرەوە هاتووە.

لەگەڵ ئەو لێکدانەوەشدا، وشەکە مانایەکی تریش دەبەخشێت، کە وشەی گاوریە، کە لەئەمڕۆدا بە عیساییەکان دەوترێت بەهەمان شێوە ڕەگوریشەکەی لە (گەبرە)وە هاتووە، هەروەکو لەوەوبەر ئاماژەمان پێدا.

هاوشێوەو لێکچوون:

پاشماوەی ئەو خانوانەی کە لەشوێنەوارەکەدا لە دیوار و بناغەو شتی تر بەرچاومان کەوتن، کە بەوشکەکەڵەك دروستکراون، بێئەوەی کەرەستەیەك بۆ بەستنەوەی بەردەکان بەکارهێنرا بێت، دەمانگەیەنێتە ئەو بەرچاو ڕوونییە کە بڵێین: ئەو شێوە ئەندازیاریە دروستکردنە، لەئەمڕۆشدا لەهەورامان ماوەتەوە. کە لێواری شاخەکان بەکاردەهێنن بۆ دانانی بەردی بناغەی خانووەکانیان.

ساغکردنەوەی میژووی شوێنەوارەکە:

بۆ دیاریکردنی سەردەمی میژووی شوێنەوارەکە، بەلامەوە پێدەچێت لەڕێگەی تەلارسازی خانووەکانییەوە بێت، بە بەراوردکردنیان بەشێوەی ئەندازیاریی خانووەکانی ناوچەی هەورامان لەهەردوو دیوی سنوور، بەتایبەتی ئەوانەی بیارەو تەوێڵە کە دەتوانین ساغکردنەوەیان لەسەر بکەین. بۆیە بۆ خانوو دروستکردن لەو جۆرە، هاتوون لێواری شاخەکانیان بەکارهێناوە کە بەردی بناغەیان بۆ داناوە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ناوچەکەیان شاخاوییە، و لەبەر نەبوونی زەوی تەخت، ئەو شێوە ناوازەیان بەکارهێناوە، بۆ دروستکردن و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان و پشت بەستنیش بەشاخەوە بۆ ڕۆژگارێك کە هێرش و پەلاماردان لەمێژووی کۆندا زۆر بووە، دەرفەتی زیاتری بەخەڵکەکەی داوە بۆ خۆپاراستنیان لەپەلاماردانی دوژمنیان. ئەم دیاردەیەش ڕەگوریشەکەی دەمانباتەوە بۆ ڕۆژگاری دەسەڵاتی مادەکان، کە بەوجۆرە لەگەڵ دروستکردنی خانووەکانیاندا بەپێی سەرچاوەکانی میژوو مامەڵەیان کردووە. نموونەی لەبەرچاویش گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانی ناوچەی کرماشانە لەرۆژهەڵاتی ئێران، لەگەڵ ئەو دوو گۆڕە بەردینەی ناوچەی سلێمانی بەناوی قزقەبان و کوڕو کچ، کە هاوشێوەی خانوو بەرەی کوردین و ڕووەو خۆر دروستکراون، کە نیشانەیە بۆ ئایین پەرستنییان. بەڵگەهێنانەوەشمان بۆ پەیوەستکردنی پاشماوەی (گاورکرد) بەماددەکانەوە، دەمانباتەوە بۆ ڕۆژگاری هێرشی هەشتەمی سارجۆنی ئاشووری لەساڵی ٧١٣ ی پ.ز لەگەڕمەی دەسەڵاتەکەیدا بۆ ناوچەی (کارالا)، ئەوەش بەهۆی بوونی شۆڕشێك بووە کە ناوچەی (کارالا)ی گرتۆتەوە. لەو هێرشەیدا سارجۆن دوای سەرکەوتنی نووسراوێکی بەجێ هێشتووە، کە سەرەتاکەی بەخواوەندی ئاشووری پێشکەش کردووە، تێیدا باسی داگیرکارییەکانی دەکات.

نووسراوەکەش لەسەر تاشە بەردەکانی (تەنگی ڤەر) لەدووری ٣٥ کیلۆمەتری شارۆچکەی (کامیاران)ە، واتە نێوانی شاری سنەو کرماشان.

سارجۆنی ئاشووری (٧٢٢-٧٠٥پ.ز) وێنەکەی لەسەر بەردی نووسینەکە هەڵکۆڵراوە، کڵاوێکی خڕی لەسەر دایەو لەدەستی ڕاستیدا کە بڵندی کردووە نموونەی پەرستگایەکی لەسەرە، کە دەتوانین بڵێین: پەرستگای خواوەندی ئاشوورە کە بەهۆی ئەو پیرۆزیی سەرکەوتنەی بووە لەهەرێمی (کارالا) بەدەستیهێناوە. نووسینەکەش بەهێمای مێخی ئاشووریی‌یەو (٤٦) دێرە.

ئەم قەوارەیە بووەتە خاڵێك بۆ نیشاندانی قەڵاچۆکردنی دانیشتوانی (کارالا) لەکێوەکانی زاگرۆس لەتەرەفی خۆرهەڵاتی ئاشووردا.

(ل. دلیڤین) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر جوگرافیای زاگرۆس لە چاخی نوێی ئیمپراتۆریتی ئاشووریدا، شوێنی (کارالا)ی لەناوچەیەك لەدەریاچەی (زریبار – زریوار)ی مەریوان داناوە. بەردە نووسراوەکەی (تەنگی ڤەری)یش باسی هێرشی سارجۆنی ئاشووری دەکات بۆ سەر کێوی (ئانا)، و سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای (کارالا) بەدەست هێناوە.

سنووری ئەیالەتی (کارالا)ش بەوردبوونەوە لەسەرچاوەکانی ئاشووری، کە ئاماژە بە ئەیالەتەکان و خاکەکانی خۆرئاوای ئێران دەکات، دەتوانین سنوورەکەی بەمەزندە لەوپەڕی باشووری خۆرئاوای ئێران دابنێین کە تاوەکو باشووری کرماشان ڕۆشتووەو لورستان و کێوەکانی بەختیاریشی گرتۆتەوە، کە هاوسنوور بووە لەگەڵ لورستان. (کارالا)ش ئەگەر تەنیا لە شوێنی نووسراوی (تەنگی ڤەر)ی سێگۆشەی شارەکانی ئەمڕۆی مەریوان و سنەندج و کامیاران بووبێت، وایدادەنێم بەشێك بووە لە ئەیالەتی (دەیاکۆ) کە لە ٧١٥ی پ.ز بەناوی (مادا) ی ناسراوە. شاخی (بەمۆ) و دەوروبەرەکەشی کە دەکەونە باکووری کرماشان پێدەچێت بەشێك بووبێت لە و(ئەیالە) تەو لەژێر دەستەڵاتی مانایییەکاندا بووبێت لەئازەربایجانی خۆرهەڵات و بەشێك لە ئازەربایجانی خۆرئاواشی گرتۆتەوە، تاوەکو دەگاتەوە بەدەوروبەری دیواندەرە.

بەوجۆرە دەتوانین بڵێین: مادەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی پ.ز لەو ناوچانەدا پێگەیان لەڕووی سیاسیی و فەرهەنگییەوە هەبوە، لەهەمان کاتیشدا ئامادەکارییان بۆ دامەزراندنی پادشایەتییان کردووە.

نووسراوەکەش بەڵگەنامەیەکی دەگمەنە کە بەشێوازێکی شیعری جوان نووسراوە، باسی شاخ و ڕووبارو دارستانی تێدایە، کە لەشکری پادشا پێیاندا تێپەڕیوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

لەبەر تیشکی ئەو زانیاریانەی کە لەسەر شوێنەواری (گاورکرد) لەشاخی بەمۆ خستمانەڕوو، گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١-شاخی بەمۆ، کە شوێنەواری ناوبراوی لەخۆگرتووە، بەشێکە لەدرێژبوونەوەی شاخەکانی زاگرۆس، کە لەئێستادا هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەی کرماشان.

(گاورکرد)یش لەسەردەمە کۆنەکەیدا، کە شارۆچکەیەکی ئاوەدان بووە، پێدەچێت سەر بە (کارالا) بووبێت و بەر هێرشی هەشتەمی وێرانکاری سارجۆنی ئاشووری کەوتبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە، دیمەنی پاشماوەکانیەتی لەو ڕووەوە.


٢-(کارالا) کە ناوەندی دەسەڵاتی ئاشووریەکان بووەو کەوتووەتە بەشی ژوورەوی دەراوەکانی سەر زێی بچووك، و لە لایەن باوەڕپێکراوێکی سەر بە ئاشووریەکان ئیدارە کراوە، خەڵکەکەی لە ئەنجامی بەرپاکردنی شۆڕشێك، نوێنەری ئاشووریەکانیان تێیدا دەرکردووە، بەمانا بۆ دەسەڵاتی مانایییەکان گەڕاوەتەوە، کە (دەیاکۆ)ش لەبەشێکی هەرێمەکەدا گەورە کاربەدەست بووە. سەرئەنجام ناوەندەکەیان بەر هێرشی سارجۆن کەوتووەو تاڵان کراوەو خەڵکەکەیشی قەڵاچۆ کراوە.


٣-A.T. AME، کە قەشەیەکی فەرەنسییە، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کە سەردانی کەلاوەکانی (گاورکرد)ی کردووە، لە ڕاپۆرتەکەیدا لەسەری نووسیوە، و دەڵێ: سارجۆن لەگەڕانەوەیدا بۆ پایتەختەکەی لەنەینەوا، دووا شۆین کە وێرانی کردووە (گاورکرد) بووە.

وێنەی (1)


وێنەی (2)


وێنەی (3)


وێنەی (4)


وێنەی (5)


وێنەی (6)


وێنەی (7)

لەگوندی هۆرێنەوە بۆی سەردەکەوێت، لای ڕاستی شوێنەوارەکە بەناوی (کەمەی زەراتەجار) ناسراوە، ئەوەی لای چەپیشی بە (قوتەی چوار برا) ناونراوە. لەهەردوو قەدپاڵەکەدا کە بەرامبەری یەکترین و ڕێڕەوی چەمەکە لەنێوانیاندا جیایان دەکاتەوە، بۆ مەودایەکی دوور پاشماوەی دیواری ڕووخاو دەکەونە بەرچاوو بڵاوبوونەتەوە، پێوەیان دیارە لەرۆژگاری خۆیدا شوێنەواری گوندێکی ئاوەدانی گەورەی لەخۆگرتبێت (بڕوانە وێنەکانی ١،٢) لەوێنەی (٣)دا، ڕاستە دیوارێکی بەچەند چینێك لەخڕکەبەردی ناوچەکە دەکەوێتە بەرچاو، کە بەردە چنراوی چینەکانی، پاشماوەی بارانی ترشەڵۆکی ناوچەکەی پێوە دیارە، کە چۆن بەردەکانی خواردووەتەوەو کاریگەری لەسەریان جێهێشتووە. لەوێنەیەکی تردا کە ژمارە (٤)ی لەسەر دانراوە پاشماوەی دیوارێکی بەوشکەکەڵەك دروستکراوی تر بەرچاو دەکەوێت، بە بەردی گەورەو تێکهەڵکێشراو، چنراون و بەرەو سەرو لەشێوەی کەوانەیەکدا دەکشێ، بەڵام پاشماوەکە نابینین پەیوەستبێت بەدیواری تردەوە، بەڵام لەنزیکیەوە، لەو دیوارە هەڵچنراوانە بەزۆری دەبینین کە زیاتر لە (٥) چینیان ماونەتەوە، یان پێدەچێت بناغەی خانوو بن، چونکە لەهەردوو لاکانیدا بەردو تەڵاشەکانیان بڵاون. (بڕوانە وێنەی ژمارە (٥) لەوێنەیەکی تردا کە ژمارە (٦)ی لەسەر دانراوە، لەژوورێکی چوار دیواری چنراودا بەوشکە کەڵەك خۆمان دییەوە، پاشماوەی دەروازەیەك بۆ هاتنە ناوەوە بەرچاو دەکەوێت، بەمانا ژوورێکەو لەدەوروبەرەکەی پچڕاوە. لێرەدا دوو دیاردە، دەکەونە بەرچاو، یەکەمیان بەشێوەیەکی گشتی پاشماوەی دیوارەکان لەیەکتری پچڕاون، بەلامەوە بەڵگەیە بۆئەوەی بڵێین: ئەو گوندە لەڕۆژگاری خۆیدا گەورەو ئاوەدان بووەو دانیشتوانەکەی زۆربوون، وا

سەرچاوەکان:

١-گە باقر، مقدمە فی تاریخ الحجارات القدیمە/ الجزو الاول، الوجیز فی تاریخ حجارە وادی الرافدین/ الکیمە الهانیە ١٩٨٦، دار الشؤون الهقافیە العامە/ وزارە الهقافە والاعلام، ص ٥١٥

٢-کەمال نوری مەعروف، چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی شوێنەوارەکانی کوردستان و میژووەکەیان، لا ١٦

٣-دیاکۆنۆف/ میژووی ماد/ برهان قانع لە فارسییەوە گۆڕیەتی، چاپی یەکەم، ١٩٧٨، لا ٣١٣.



زنجیرەی گۆڕانکاریی و پێشهاتی تازە

دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا و تورکیا، دەچنەوە سەر هەمان ڕێچکەی گۆڕانکارییەکانی ئەو دواییەی ناوچەکە



بەهزاد حەوێزی

پاش پەیدابوون و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، جیهان بەگشتی کەوتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێك هەم مەترسیدارو هەمیش ئایندە ناڕوون، مەترسیەکانی ئەو پەتایەش چەند سەرە یا ڕەهەند بوو چ لەڕووی تەندروستی و ڕێژەی مردن یا قەیرانی ئابووری یا سیاسی.

ئەو پەتایە زیانی بە سەرجەم کەرت و بواڕە ئابووری و بازرگانییەکان گەیاندووە، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك لە زانکۆی سیدنی ئوستراڵیا بۆ ڕێگرتن لەو پەتایە (3.8)تریلیۆن دۆلاری تێچووەو بەپێی ڕۆژنامەی(دەیلی مەیل-Daily mail)ی بەریتانیایی (147) ملیۆن کەسیش کارەکەی لەدەست داوە.

لەو ماوەیەدا بارگرژی و مللانێی هێمنانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وڵاتە زلهێزەکانی گرتەوە، لەوانەش ئەمریکاو چین و ڕووسیا، هەروەها وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، کەچی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی ڕێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئیمارت و ئیسرائیل و بەحرێن، هاتەکایەوە.

کاردانەوەی ئەو قەیرانە ئابووری و بازرگانی و سیاسییە وای کرد وڵاتانی جیهان ڕوو لەڕێگەچارەی جۆراوجۆر بکەنەوە، لەوانە خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانەکان، ئاساییکردنەوەی گوزەران و ژیانی ڕۆژانە و چەندین ڕێگەچارەی دیکە وەك قەرزوقۆڵە.

تورکیا یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی لەو قەیرانەدا زیانێکی زۆری بەرکەوت لەڕووی گەشتیاریی و بازرگانیەوە، بۆیە پلانی بەرەو باکووری ئەفریقیا(مەغریبی عەرەبی/لیبیا) داڕێژت، ئینجا پەلیهاوێشت بۆ دەریای سپی ناوەڕاست(خۆرهەڵات) بەمەبەستی گەڕان بەدوای گازی سروشتی، کە بووە هۆی نیگەرانیی وڵاتانی ئۆروپایی لەوانەش فەرەنسا، هەروەها یۆنان.

وتوێژی دانوستان لە نێوان حکوومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیبان لەقەتەر بەسەرپەرشتی ئەمریکا هەنگاوێکی دیکەی گۆڕانکاریەکانی سەردەمێکی دیکەیە، کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ناتۆ لە ماوەی(14) مانگدا هێزەکانیان لە ئەفغانستان دەکشێننەوە.

قەیرانی لوبنان، دەرەنجام تەقیەوەو دواجار حکوومەت گۆڕا، ماکرۆن دووجار سەردانی ئەو وڵاتەی کردو پشتیوانی تەواوی وڵاتەکەی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە نیشاندا، ئینجا سەردانی عیراقی کرد، عیراقیش بەرەو قۆناغێکی دیکەوتازە هەنگاو دەنێ لەڕووی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیی و میلیشیاکان.

دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فەرەنسا، ئینجا سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەنقەرەو دیداری لەگەڵ سەرۆکی تورکیا، دەچنەوە سەر هەمان ڕێچکەی گۆڕانکاریەکانی ئەو دواییەی ناوچەکە، هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان و خۆئامادەکردن بۆ نەخشەڕێژیی ئەجێندایەکی تازە.

ئەمڕۆ زنجیرەیەك گۆڕانکاریی و پێشهاتی تازەی زیاتر بەڕێوەن، ئەگەر هاتوو لە ئێستاوە پلان و نەخشەڕێگایەکی ڕوون و ستراتیجی هەمەلایەنە دابڕێژرێ، ئەوە داهاتووش ڕۆشن و بە قازانجی گەلەکەمان دەشکێتەوە، لەسەرینی ئەمەوە هەرێمی کوردستان لەبەردەم داهاتوویەکی ئەوتۆ دایە، کە لەهەر کاتێك زیاتر پێویستی بە خۆڕێکخستنەوەی نێو ماڵی خۆی هەیە، پێویستی بە یەك گوتاری سیاسی تۆکمەو واقیعبینانە هەیە، یەك ڕوانگەی بەرژەوەندخوازیی نەتەوەیی و نیشتیمانیی.



هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بژاردەی وەهمێکی سیاسییە

شەنگە هاوار کاکەیی*

وا بریارە لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوودا لە عێراق هەڵبژاردنێکی پێشوەختە بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕەپانی عێراق وەرزێکی نوێ لە حوکمگێڕی دەستەبەر بکا. هەرچەندە ئەستەمە ئەم هەڵبژاردنە پرۆسەی سیاسی بخاتە سەر ڕاستەڕێ و ڕێگەچارەیەکی گونجاویش بۆ گرفتە ئاڵۆزەکانی بدۆزێتەوە، بەڵایەنی کەمیشەوە داخوازییەکانی شەقامی عێراقی بهێنیتەدی و لەئاست داخوازییەکانی شەقامی کوردیشدا بێ دەنگی نەنوێنێ، چوونکە سەکۆی ئەم وڵاتە بۆ ئێمەی گەلی کورد چاوەڕوانییەکی بێ مەفادە و بەهۆی ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە کە پێی ناوەتە سەد ساڵەی تەمەنییەوە، عێراق نەبووەتە نیشتمان بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی و گۆڕەپانەکەشی ئەو سەکۆ ئارامە نەبووە بۆ دەربڕینی خواستەکان لە بنەما بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ و باوەڕهێنان بە شەرعیەتی دەوڵی و دیموکراسییەت و ئازادی ڕاستەقینەدا. بەپێچەوانەوە ئاراستەی تەقەڵاکان بۆ ماف و داخوازییەکان لە سستبوونی هەنگاوە سیاسییەکان و پێشهاتەکان بەرقەرار بوو، وا دەردەکەوێ کەوا ئەم وڵاتە گۆڕەپانێك بووە بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری توندوتیژی و ناڕەزاییەتییەکان، بۆیە قسەکردن لەسەر گیروگرفتەکانی تەکنیکی هەڵبژاردندا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لە کاتێکدا دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان شێوێندراوە، چوونکە بازنەی هەڵبژاردنەکان بە هەر چ شێوەیەك بێ، هەر کورد زەرەرمەند دەبێ چوونکە لەبنەڕەتدا ماڵ و سنووری وڵاتەکەی داگیر کراوەو لە دەرئەنجامیشدا لە ناشەفافی دەخولێتەوە. بۆ کوردیش وەکو ئەو پەندەیە کە دەڵێ ماسی لە ناو ئاو کرینی لەسەر نییە.

بە بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنەی داهاتوو نابێتە پردێکی پەیوەندی نێوان هەردوو پێکهاتەی عەرەبی و کوردی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیریی دۆخی ئەمنی ناوچەکەو دواجاریش بە گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، کە تێکڕای خواستەکانی بریتییە لە ژیانێکی سەربەخۆ و بە کەرامەت بۆ گەلێکی ئاشتیخواز لە وڵاتێکی بەزۆر بەیەکەوەلکێندراو، لەم دۆخەدا سیمای بەکارابوونی سیاسەتێکی سەر کوتکار و چەوسێنەر لەم وڵاتە هەرگیز نابێتە جێگای ئومێد، بۆیە قسەکردن لەسەر پرۆژەی عیراقیی نیشتیمانیی سەرتاسەری تەنها وەهم و دروشمێکی پڕپۆلیستییە، چەند بازرگانێکی سیاسی کە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەقۆزنەوە بۆ دەسکەوتی تایبەتی خۆیان و ئەم گرووپ و ئەو گرووپ لە سەکۆی دروشمبازیدا دەستاودەست لە یاریکردنێکی جەدەلی ئاشی سیاسەت دەگێڕن و لەوە بەدەر هیچ ڕوئیایەکی ڕوون بەدی ناکرێت. ئەگەرچی بەخەسڵەسەکردنی ئەم خواستە قەومییە لەچوارچێوەی یاسایەکی فیدراڵدایە، بەڵام ئەوەی پێشێل دەکرێ مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردە هەر لەبڕینی بوودجەو داگیرکردنی ناوچە دابڕێندراوەکان و بەشەرعی نەزانینی هێزی پێشمەرگە تا دەگات بە بچووککردنەوەی دۆزی ڕەوای نەتەوایەتیمان و چاندنی تۆوی دووبەرەکی کە ئەم لۆژیکەش لەلایەن دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان سەدان ساڵە بەرقەڕارە و بە ڕەهایەت لە ڕێگای بەمیکانیزمکردنی بە گونجاو زانراوە لەکاتی ئەنجامدانی دانوستانەکاندا. بۆیە ئەمڕۆ ئاسان نییە لە نێو گەمارۆی مللانێی ئیقلیمی و مەزهەبیدا ئومێد بەو دەسەڵاتە هەڵچنین کە حکوومەتێکی داپەڕوەر و یاساپەروەر و تەکنۆقرات بێتە کایەوە کە بتوانێ متمانە بۆ هاوواڵاتی و مافی هاوواڵاتی بوون لەچوارچێوەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی بگەڕێنێتەوە و لەئاست داخوازییەکانی میللەتێکی ئاشتیخواز گۆێچکەی خۆی شل بکاو دەست و پەنجەی نەرم بنووسێ، چوونکە ئەزموونی بیست ساڵەی ڕابردوومان تژییە لە مانۆڕی سیاسی پڕ شکست و هێڵە گشتییەکانیشی زۆر بە ڕوونی دەستنیشان کراون، کە چەندە ئەم دەسەڵاتە دانی بە شەرعیەتی یاسادا ناوەو چەندیش لەئاست داخوازییەکانی گەلی کورددا خاوەن بڕیار بووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم دۆخە سەپێنراوە ئەوەمان پێ دەڵێ کە هەمان وەهمان پێ دەفرۆشن، کە لە سوپەر مارکێتە عەرەبییەکان بەڕەڕارەو بازاڕی گەرمە.. دواجار هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لە هەمان بازنەی ڕابردوودا دەخولێتەوە.

* ماستەر لەیاسای گشتی ـ زانکۆی حیکمە بەیروت



هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان

گۆڕەپانی عێراق و خەڵک و پیاوانی ئایینی و خۆپێشاندەران، گوشاری تەواو دەکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێش وەختە ئەنجام بدرێت



ناسر مەلا حەکیم

لە سەر داوای مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە بەرواری (8)ی یۆلیۆی 2020 بڕیار لە کۆبوونەوەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق درا بۆ تاوتوێکردنی هەڵبژاردنی پێش وەختە لە عێراق.

ئەم بڕیارە دوای کوژرانی دوو کەس لە گۆڕەپانی خۆپێشاندانەکانی بەغدا و هەروەها بۆ ڕووداوەکانی کۆتا مانگەکانی ساڵی 2019 دەگەڕێتەوە، کە چەندین خۆپێشاندەر لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی دەکوژڕێن کە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (700) کەس لە خۆپێشاندەران، بۆیە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کازمی وەکو سەرۆك وەزیرانی عێراق هەوڵیدا بابەتی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی عێراق تاوتوێ بکەن، بەڵام لە بەر تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و مردنی یەکێك لە ئەندام پەرلەمانەکان و تووشبوونی ژمارەیەکی تر و ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر شێوازی هەڵبژاردن، تاوەکو ئێستا ئەم بابەتە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، هەروەها لە لایەکی تر (حەلبوسی) سەرۆکی پەرلەمان چەندین دیداری لەگەڵ لایەنەکان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك، بەڵام بێ ئەنجام بوو. ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لە سەر شێوازی (بازنەیی) و(فرە بازنەیی) هەڵبژاردن تاوەکو ئێستا واژۆ کۆنە کراوەتەوە بۆ ئەوەی دەستکاری یاسای هەڵبژاردن بکرێت .

حکوومەتی عێراق و پەرلەمان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پێشیناریان کردووە کە هەڵبژاردن لە مانگی نیسان یان یۆنیۆ یان حوزەیرانی ساڵی (2021) ئەنجام بدرێت . ئەمەو لە چاوپێکەوتنی دیموکراتی کوردستان) و (ئیتلافی دەوڵەتی یاسا) داوا دەکەن هەڵبژاردن لە پاڕێزگاکاندا یەك بازنەیی بێت، بەڵام (تحالف سائیرون) بە سەرۆکایەتی « موقتەدا سەدر» و زۆرینەی شیعەکان داوای فرە بازنەیی دەکەن و لایەنە سوننییەکانیش زۆربەیان داوای یەك بازنەیی دەکەن . هەرچەندە لە بەرواری (24/12/2019) لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وە بە بێ ئامادەبوونی زۆرینەی فراکسیۆنە کوردییەکان کە بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد ئەمەش وەك ناڕەزایەتییەك بەرانبەر ئەوەی، کە زۆرینەی ناوچە دابڕاوەکان لە ژێر داگیرکاری حکوومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی دان، شایانی باسە کە لەو دانیشتنەدا ئەنجوومەن بڕیاری لە سەر فرە بازنەیی داوە . هەرچەندە حکوومەتی کازمی دەڵێت ئامادەکاری تەواو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن کراوە، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێت پێویستیان بە (9) مانگ هەیە بۆ خۆ ئامادەکردن، لە هەمان کاتدا (هاوپەیمانی هێزە نیشتمانییەکان) بە سەرۆکایەتی محەمەد حەلبوسی و هێزە نیشتیمانییەکان بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر دەڵێن مانگی نیسانی ساڵی (2021) باشترین کاتە بۆ هەڵبژاردن .

لە ئەنجامدا هەموو لایەنەکان کۆکن لە سەرئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەڵام شێوازو کات دیاری نەکراوە . لە لایەکی ترەوە لە سەر زاری سەرۆکی پێشووی هەڵبژاردن (عادل اللامی) کە دەڵێت هەڵبژاردن پێویستی بە خۆ ئامادەکردن و هاوکاری دارایی هەیە و تێچووی هەڵبژاردن (-250 300) ملیۆن دۆلاری دەوێت هەر وەکوو هەڵبژاردنی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق .

دەبێت زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگی لە سەر بدەن، لە سەر زاری شارەزای یاسایی (ئەحمەد عەبادی) کازمی توانای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی نییە، بەپێی یاسا تاوەکو سێ بەشی پەرلەمانتاران دەنگ نەدات، کە ئەمەش لە بڕگەی (64)ی دەستووردا هاتووە.

تاوەکو ئێستا زۆربەی لایەنەکان ناکۆکن لە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە تایبەتی کورد لەگەڵ ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرژمێری تەواو لە ناوچە دابڕاوەکان، ئەمە لە کاتێکدایە، کە کورد لە دوای (16) ئۆکتۆبەری ساڵی (2017) زۆربەی ناوچە دابڕاوەکانی لە دەست داوە، ئەگەر بە هەر جۆرێك هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت لە بازنەیی یان فرە بازنەیی ئەوا وەکو پێویست سەرکەوتوو نابێت .

دوای (16)ی ئۆکتۆبەر بە شێوازێکی تۆکمە حکوومەتی عێراقی و حەشدی شەعبی و پارێزگاری ناوچە دابڕاوەکان کار بۆ گواستنەوەی (نفوسی سەرۆك خێزان و فۆرمی خۆراك)ی عەرەب دەکەن، بە تایبەتی لە شاری کەرکووك کە تەعریبێکی زۆر تۆکمە بەڕێوە دەچێت بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن عەرەب دەنگی زۆرینە بە دەست بێنێت و بالانسی شارەکە بگۆڕن بۆ عەرەبی، بۆیە دەبێت سەرکردایەتی کورد و بە تایبەتی (پارتی) کار بۆ گەرانەوەی ئاوارەکانی کورد کە لە کەرکووك و خانەقین و مەخمورو ناوچە دابڕاوەکانی ترن بکات، کە لە دوای(16)ی ئۆکتۆبەر ئاوارە بوونە و بە یاسای دەستووری لە ماەدی (140) دەبێت ئاوارەکانی عەرەبیش بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ناوچە دابڕاوەکان بەجێبهێڵن . زۆربەی لایەنەکان و بەتایبەتی (پارتی

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە: ٥٣٣/ش/٢٠٢٠/٤
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٤
بۆ/ داوالێکراو (علی اسماعیل خلیل)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٥٣٣/ش/٢٠٢٠/٤ وە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ بریاریدا لەسەر بژێوی داواکار و کچەکەی بەناوی مریم لە نیوان تۆ و داواکار (زینب یونس سلیمان) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (ئەفسەرانی پۆلیس) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداڵە، بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٦٧٠/ب/٢٠١٩/٦
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٣٠
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراوان ازا شریف محمد
و کاوە شریف محمد
داواکار لقمان عزیز رحیم وە هاوبەشەکانی داوای ژمارە/ ٢٦٧٠/ب/٢٠١٩/٦ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر ازا شریف محمد و کاوە شریف محمد وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری عربی کۆن و نوێ و سعدوناوە لە ٢٠٢٠/٢/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی
دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە/ ٧٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٤
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو: لەسەر داوای میراتگری خاوەن مافی ڕەفتار مجید محمد قادر کە لە داواکارییەکەی دا هاتووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە محمد قادر خضر بۆ محمد قادر خدر لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٨) (١١) کەرتی ١٠ / بیرێژ کە لە سالانی تەسویە بە هەڵە تۆمار کراون، پێویستە لەسەر خاوەن داوا بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣٠ کارەکەمان ئەنجام دەدین بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە/ کاوە جعفر محمود
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٧٤٧/ش/٢٠١٥/١
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراوان ازا شریف محمد
و کاوە شریف محمد
داواکار لقمان عزیز رحیم وە هاوبەشەکانی داوای ژمارە/ ٢٦٧٠/ب/٢٠١٩/٦ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر ازا شریف محمد و کاوە شریف محمد وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری عربی کۆن و نوێ و سعدوناوە لە ٢٠٢٠/٢/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی
دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە/ ٧٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٤
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو: لەسەر داوای میراتگری خاوەن مافی ڕەفتار مجید محمد قادر کە لە داواکارییەکەی دا هاتووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە محمد قادر خضر بۆ محمد قادر خدر لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٨) (١١) کەرتی ١٠ / بیرێژ کە لە سالانی تەسویە بە هەڵە تۆمار کراون، پێویستە لەسەر خاوەن داوا بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣٠ کارەکەمان ئەنجام دەدین بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە/ کاوە جعفر محمود
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٧٤٧/ش/٢٠١٥/١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراوان ازا شریف محمد
و کاوە شریف محمد
داواکار لقمان عزیز رحیم وە هاوبەشەکانی داوای ژمارە/ ٢٦٧٠/ب/٢٠١٩/٦ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر ازا شریف محمد و کاوە شریف محمد وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری عربی کۆن و نوێ و سعدوناوە لە ٢٠٢٠/٢/٢٧ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٠/٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی دووەمی زەوی
دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە/ ٧٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٤
ئاگاداری
سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەلدەستێت بە پشکنین و لێکۆڵینەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو: لەسەر داوای میراتگری خاوەن مافی ڕەفتار مجید محمد قادر کە لە داواکارییەکەی دا هاتووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٤ داوا دەکات ڕاستکردنەوەی ناوی بۆ بکرێت لە محمد قادر خضر بۆ محمد قادر خدر لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٨) (١١) کەرتی ١٠ / بیرێژ کە لە سالانی تەسویە بە هەڵە تۆمار کراون، پێویستە لەسەر خاوەن داوا بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٣٠ کارەکەمان ئەنجام دەدین بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ناو تایبەت بەم پارچە زەویانەی سەرەوە.
سەرۆکی لیژنە/ کاوە جعفر محمود
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٧٤٧/ش/٢٠١٥/١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
جاڕدان
بۆ/ داوالێکراو دلاوەر طاهر احمد
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٣٧٤٧/ش/٢٠١٥ وە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٨ بریاری دا بە تصدیق الطلاق الخارجی بۆ هاوسەرەکەت نجیبە سعید صالح لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی گولان لە شاری هەولێر بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداڵە، بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دائرة کاتب العدل أربیل-الثانیة
قسم انذار و عزل وکیل
رقم/٤٠٢
تاریخ/ ٢٠٢٠/٩/١٤
الإنذار
المنذر / ضیاء کامل جبار
المنذر الیه/ طالب اسعد حمدامین
تم توجیهکما بالانذار من دائرتنا من قبل المنذر / ضیاء کامل جبار بانذار المرقم ١٢٤/٢٤٦٣٨ في ٢٠٢٠/٩/٩ لعدم علمنا و معرفة محل اقامتکما المجهولة بموجب اشعار مختار محلة بانةمان بتاریخ ٢٠٢٠/٩/١٤ سبق و قد تم عقد شراکة بیني و بینک بتاریخ ٢٠١٥/١٢/٢٦ في مطعم خانزاد طریق مصیف صلاح الدین علي ان استلم ٨٪ ثمانیة بالمائة من أرباح المطعم المذکور و قد ستلمت مني ٤٢,٠٠٠ اثنان و أربعون الف دولار امریکي علي أربعة مراحل بموجب و صولات القبض في سنة ٢٠١٥ ولکن لم استلم أي نسبة لحد الان مطلقا و حسب البند الثالث من العقد المبرم بیننا في حال انهاء عقد المشارکة یتوجب علي الطرف الأول استرجاع المبلغ المذکور أعلاه کاملا للطرف الثاني خلال ستة اشهر لذا اطالبک باسترجاع المبلغ المذکور أعلاه کاملا و من دون أي نقصان خلال ستة اشهر من تاریخ تبلیغک بهذا الإنذار و بخلافه سارفع الدعوى بحقک في المحاکم. و قد اعذر من انذر.
کاتب العدل الأول / بوتان کامیران میران
***
دائرة کاتب العدل أربیل الاولى
شعبة الإنذار والحجز
رقم/٢١٦٥/٧
تاریخ/ ٢٠٢٠/٩/١٥
نشرالإنذار
المنذر / مکرم مازن عبد المدیر
المفوض لشرکة dragon eye
المنذر الیه/ سیف ولید ظاهر
قد وجه الیک الإنذار المرقم ١٦٩/٣٣٩٧٥ في ٢٠٢٠/٩/٦ من قبل السید مکرم مازن عبد المدیر المفوض لشرکة dragon eye لغرض انذارکم بدفع الذي بذمتکم البالغ قدرة ١٨٠٠٠$ ثماني عشر الف دولار بموجب العقد المبرم بیني و بینک، بما انک مجهول الاقامه حسب اشعار محلة کویستان في هولیر ٢٠٢٠/٩/١٥ لذا ننشر لکم و بشکل رسمي في جریدتین یومیتین.
شوان فوزي زکي/ عن کاتب عدل الأول
في دائرة کاتب العدل أربیل الأولى
***
محکمة تحقیق الشمال
اعلان
الی المفقودة : مرکز رفو اسماعیل
قدمت السیده / مزري رشو خلف طلبا الی هذه المحکمة حول فقدانک بتاریخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولیة محل اقامتک تقرر تبلیغک بواسطة صحیفتین محلیتین ولک حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون یوما من تاریخ النشر وفي حالة عدم حضورک سیتم اتخاذ الاجراءات القانونیة وفق الاصول
القاضي / سعد صالح حمادي
***
رئاسة محکمة استئناف منطقة دهوك
محکمة استئناف بصفتها الاصلیة
العدد/٦٥/س/٢٠٢٠
التاریخ/٢٠٢٠/٩/١٣
اعلان
الی /المستانف علیه (المدعى علیه) کوفان ابراهیم عمر عبدالله /مجهول محل الاقامة بالنظر للدعوى المرقمة ٦٥/س/٢٠٢٠ المقامة ضدک امام هذه المحکمة من المستأنف (المدعي) (سعید محمد عبدالله) بمشغولیة ذمتک له مبلغا قدره ($٥٠,٠٠٠ دولار) خمسون الف دولار والذي یعادل (٦٠٠٠٠٠٠٠) ستون ملیون دینار مستحق الاداء عن قیمة الشقة التي باعها لک وتمتنع عن التسدید رغم المطالبة ولمجهولیة محل اقامتک حسب اشعار مختار محلة (لیلاف ستي)(نزار نایف یونس) قررت المحکمة تبلیغک نشرا بالاعلان في صحیفتین محلیتین یومیتین استنادا للمادة ٢١ من قانون المرافعات المدنیة للحضور امام هذه المحکمة الساعة ٩,٠٠ التاسعة صباحا یوم ٢٠٢٠/٩/٢٧ للمرافعة وفي حالة عدم حضورک او ارسال من ینوب عنک ستجري المرافعة بحقک غیابیا وفق القانون
الرئیس / ستار صوفي حامد
***
مدیریه الجنسیه والاحوال المدنیه لمحافظه اربیل
الواقعات
عدد/ ٥٩٥١
تاریخ/ ٢٠٢٠/٩/١٤
اعلان
قدم المواطنة (تارا حسین رسول) دعوى فی هذه مدیریة لتبدیل الاسم من (تارا) الی (چیمەن) فمن لدیه اعتراض مراجعة هذه المدیریة خلال ١٥ ایام من تاریخ نشره فی الجریدة و بعکسه فسوف تنظر هذه المدیریة فی المدعوى وفق احکام الماده ٢٢ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
ع/اللواء
ریاض جندی عبدالکاظم
مدیر الاحوال المدنیة والجوازات والاقامة/وکالة
***
مدیریه الجنسیه والاحوال المدنیه لمحافظه اربیل
شؤون الاحوال
الواقعات
عدد/ ٥٩٩٢
تاریخ/ ٢٠٢٠/٩/١٤
اعلان
قدم المواطن (حسین احمد حسین) طلب فی هذه المدیریة تسجیل لقبه (دزیی) فمن لدیة اعتراض مراجعة هذه المدیریة خلال عشر یوما من تاریخ نشره فی الجریدة الرسمیة و بعکسه فسوف تنظر هذه المدیریة فی المدعوى وفق احکام المادة ٢٥ من قانون البطاقة الوطنیة رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
ع/اللواء
ریاض جندی عبدالکاظم
مدیر العام للمدیریة الاحوال المدنیة
والجوازات والاقامة/وکالة
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢١٣٥/٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٤
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (هاوبەش ئیبراهیم عبدالله - هاوبەش ئەحمەد عبدالله) هاوبەشی کۆمپانیای (شاتان بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)
هۆشدارلێکراو: کۆمپانیای SIMA MEDIA LTD - هاوبەش لە کۆمپانیای سیما- بۆ ڕاگەیاندن/سنووردار بەڕێژەی ١٠٪
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن هۆشدار: (هۆشمەند زید احمد) هاوبەش لە کۆمپانیای (سیما- بۆ ڕاگەیاندن/سنووردار) بەڕێژەیی ٩٠٪
بەژمارە ١٦٨/٣٣٤٥٨ لە ٢٠٢٠/٩/٦ بە مەبەستی هۆشداری کردنتان ئامادەبوونتان لە بارەگای کۆمپانیاکەمان لە ڕۆژی یەکشەممە بەروای ٢٠٢٠/١٠/١٨ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک بەمەبەستی پاکتاوکردنی کۆمپانیاکەمان، لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری دووەمی گەرەکی ئازادی لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٩/١٣ بۆیە لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرەنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر
***
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢١٣٦/٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٤
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (علی خالص جواد) هاوبەش لە کۆمپانیای (شاتان بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)
هۆشدارلێکراو: امیر باقی عبدالله - هاوبەش لە کۆمپانیای (شاتان-بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار) بەڕێژەیی ٣٣٪
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن هۆشدار: (علی خالص جواد) هاوبەش لە کۆمپانیای (شاتان بۆ بازرگانی گشتی /

ونبوون

هەویەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەناوی هاوڵاتی (کەرمیان رشید نەبی) ونبووە جا هەر کەسێك دۆزیەوە با پەیوەندی بە ژمارە موبایلی ٠٧٥٠٤٦٥٨٤١٤ەوە بکات».

***

وونبوون

وون بوونی پسوڵەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٧١٩٨ بەروارى ٢٠١٩/١٠/٢٤ بەبڕی ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی ریان عبدالالە محمد وون بووە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٧٩٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨
بریار
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ مازن احمد صالح ناوی دایکی/ شفیقە احمد

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبویت لە رۆژی دادگایی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ٩٦٨/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی مادەی ٤٣٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە بەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك مانگ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٣٠٧٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ فهد درمان بیر تعلو

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣٩٦/ سزادان) (لەیاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٢٣٠٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ مصطفی علی مارف (هەڵهاتوو)

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣٣٠) (لەیاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب. پۆلیسی چوار چرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەسی خەبات

ژمارە: ٢٦١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٤
جاردان
بۆ داوێکراو: عامر محمد عبدالرحیم

ئاماژە بەداواى ژمارە ٢٦١/ب/٢٠٢٠ کە تایبەتە بەداواکار نهایە مشیر عجیل کە جۆرى داواکەى بریتییە لە (تفریق للهجر) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێى ئیشعارى موختارى گوندى دووسەرە بۆیە ئەم دادگایە بریارى دا لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٧ بەپێى ڕاگەیاندنت بە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى بۆ بکەرادارت لەجیاتى خۆت ڕەوانە بکەى بۆ ڕۆژى دابینى ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٩/٢٨ کات ژمێر ٩ى بەیانى بەپێچەوانەوە دادگایى پاشملە و ئاشکراو دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێى یاسا..
دادوەر/ سمکۆ ڕۆستم سمین

***

دادگای بەرایی خەبات

ژمارە: ٨٠/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٦
جاردان
بۆ داوێکراو: کاکە مەد کاکە ڕەش عمر

ئاماژە بەداواى ژمارە ٨٠/ب/٢٠٢٠ کە تایبەتە بەداواکار لشکریى یحیى عثمان وە داوێکراو (کاکە مەد کاکە ڕەش عمر) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێى ئیشعارى مختارى ناحیەى ڕزگارى گەڕەکى شەهیدان بۆیە دادگا بریارى دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەڕێگاى دوو ڕۆژنامە ناوخۆیى بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگا لە ڕۆژى دابینى ٢٠٢٠/٩/٣٠.

خراپ بەکارهێنانى ئامێرە پەیوەندییەکان) لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (بەختیارى) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢١/١/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٣٠٦/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ ومصطفی علی مارف (هەڵهاتوو)

لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى مادەى (٣٣٠) (لەیاساى سزادان) لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (ب. پۆلیسى چوار چرا) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەى ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢٠/١١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادوەر / ئازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٩٤٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٥/١١
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ سمیرە کریم علی

لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى مادەى (٤٥٣) (لەیاساى سزادان) لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (ڕاپەڕین) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢١/١/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادوەر / ئازاد اکرم مجید

***

دادگای تاوانەکان سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ١١١٣/ت/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ فهد درمان بیر تعلو

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٣٩٦/ سزادان) (لەیاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەوە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ئازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارە: ٩٦٨/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠٢٠/٩/٢
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: محمد عثمان عبدالله
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون (غیابی) بەشێوەی ئاشکرا لە دۆسیەی کەتنی ژمارە ٩٦٨/ك/٢٠١٨ بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی مادەی ٤٣٢ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە بەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك مانگ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٣٠٧٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٦
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو/ شفان سالار احمد (هەڵهاتوو)

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢ ژمارە ٦) (لەیاسای

ژمارە / ١٣/خ/ ٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٤
ئاگەهداری

ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (عادل یوسف حسین) د مولکێ ژمارە (١٩٢٩/١) کەرتێ ١١ سمیل) دا بەرامبەری قەرزێ خودان قەرز (شرکە ایاد میرو) کو دبیتە (٢٨٢٦٣١٨٠) بیست وهەشت ملیون ودوو سەد وشێست وسی هزار وسەدو هەشتی دینار ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە

ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٩٢٩/١ کەرتێ ١١ سمیل)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە تێك تابقە
ڕووبەر :- (٢١٣,٣٤) م٢
بهایێ هاتیە دانان :- (٥١٦٦٠٠٠٠) پینچی وئیك ملیون شەش سەد وشێست هزار دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلیمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە /٢٠١٨/١٣٢
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/١٣
ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان بە فروتنا مولکێ ژمارە (٩١/١) کەرتێ (١٣/مالطا اسلام) کو دکەڤیتە دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (ازاد حجی محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (کومپانیا ایاد میرو) بکوژمێ (٢٦٠٠٠٠٠٠) بیست وشەش ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٢٠٥٤٠٠٠٠)سەد وبیست ملیون وپێنج سەد وچل هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٩١/١) کەرتێ(١٣/مالطا اسلام) جور پێك هاتیە ژ ئاڤاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ودوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ ڕوبەر (٢٠٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (١٢٠٥٤٠٠٠٠) سەد وبیست ملیون وپێنج سەد وچل هزار دینار

هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/٤٤٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٩/١٥
ڕاگەهاندن

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

سەروکاتیا باژێرڤانیا سەرسنك
کارگێری و خزمەتی
ژمارە/ ١٣٠/٣١٤/١٥/١٥
میژوو/ ٢٠٢٠/٧/٥
بۆ / منیرە ادونیا صلیوە
ترساندن

ژ بەر هێلانا تە د کارێ خودا کو پشتی مولەتا تە یا ٥ پێنج سالی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٣ بدوماهیك هاتی و نەهاتیە سەر کارێ خو بێ ئەگەر ئاگەهداریا تە دکەین کو دەست بکارێ خو بکەی ژ ڕوژا بهێیە ئاگەهدارکرن ب ترساندنا مە بو دەمێ ٧ ڕوژا ئەگەر تو ل سنورێ هەرێمی بی و ئەگەر دەرفەی سنووری هەرێمی بی بو دەمێ ٣٠ ڕوژان بەروفاژی دێ هێیە دەست کێشان ژ کاری ل دویف برگا ٣ ژ بەندێن ٣٧ ژ قانونا باژێری یا ژمارە ٢٤ سالا ١٩٦٠ یا ڕاستکری بو زانین.
سرکون خوشابە توما
سەروکێ باژێرڤانییا سەرسنکێ

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/٤٤١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/١٥
ڕاگەهاندن

بو/داوالێکراو (نزار احمد عبدالرحمن) ل دیف داخازیا داواکار (هناو محی الدین عمر) وکێشا ژمارا وێ لسەری دیار کری تێدا داخازیا (تفریق للهجر) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژاری دهوك دابین تود ئەفجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٩/٢٧ یان بریکارەکی پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/٣٤٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/٢٠٢٠/٩/١٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (قیس محمد خلیل)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە

داواکار (شرین خالد کمو) تێدا داخازا ژێك جوودابوون(تفریق) ژ تە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلێژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها تناهی شقیت نارو ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییین ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەها ڕوژا ٢٠٢٠/١٠/١٨ ول بەروژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەڤی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٣٤٨/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٥ / ٩ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو: ایزادا اسنگلدیڤا – خودانا ڕەگەزناما قەغیزیە .

ل دیف داخوازیا داواکار(میهڤان صالح عمر) وکێشا ژمارە (٣٤٨ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازیا گوهورینا ناڤێ تە بکت (ایزادا اسنگلدیڤا) پێش (ایسون اسنگلدیڤا) ل پەسەندا مارەبرینا دەرەکی دا یاژمارە (٢٠١٦/١١٠) یادەرچوی ل ڤێ دادگەهێ ل (٢٠١٦/١١/٢٠) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٢٥٦٣) ل (٨/٢٧ /٢٠٢٠) ونڤیسارا بەربژاریێ تاخێ (ئادار) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠ /٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمیر (٩) سپێدێ یان بریکارەکی ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤٠٦ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٥ / ٩ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : حکمت اسماعیل طاهر

ل دیف داخوازا داواکار(ژیان اسماعیل عمر) وکێشا ژمارە (٤٠٦ /ش/٢٠٢) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (باتیفا) یا ژمارە (٨٢٨) ل (٩/١٠/ ٢٠٢٠) و نڤیسارا هەلبژاریێ تاخێ (گولان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٩ /٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمیر ٩ سپێدێ یان بریکارەکی پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٤٨/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٥ / ٩ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو: ایزادا اسنگلدیڤا – خودانا ڕەگەزنامە قەغیزیە .

ل دیف داخوازیا داواکار(میهڤان صالح عمر) وکێشا ژمارە (٣٤٨ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازیا گوهورینا ناڤێ تە بکت (ایزادا اسنگلدیڤا) پێش (ایسون اسنگلدیڤا) ل پەسەندا مارەبرینا دەرەکی دا یاژمارە (٢٠١٦/١١٠) یادەرچوی ل ڤێ دادگەهێ ل (٢٠١٦/١١/٢٠) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٢٥٦٣) ل (٨/٢٧ /٢٠٢٠) ونڤیسارا بەربژاریێ تاخێ (ئادار) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠ /٩/ ٢٠٢٠) ل دەمژمیر (٩) سپێدێ یان بریکارەکی ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٩٤٢٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (امواج المحیط)
بۆ (گەشت و گوزار/سنووردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (امواج المحیط) بۆ (گەشت و گوزار/سنووردار)لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٥) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (رزگار احمد محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای کۆمپانیای (امواج المحیط) بۆ (گەشت و گوزار/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە پارێزگای هەولێر/ هەولێر- تەلاری گەلەری مۆل.
پاکتاوکار/ رزگار احمد محمد
ناونیشان/ هەولێر - وەزیران
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٤١٦٥٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٩٤٦١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فرمێسك) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/سنووردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فرمێسك) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/سنووردار)لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد عبدالرحمن حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٨٦٥٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٣١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Manifest)
بۆ (بازرگانی گشتی/سنووردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Manifest) بۆ (بازرگانی گشتی/سنووردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد انور اسماعیل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای کۆمپانیای (Manifest) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – کوك شەقامی ٤٠ مەتری)
پاکتاوکار/ پاریزەر/ محمد انور ابراهیم
ناونیشان/ هەولێر/ شەقامی زانیاری
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٦٦١٢٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای کۆمپانیای (فرمێسك) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ احمد عبدالرحمن حسن
ناونیشان/ هەولێر
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٨٥٧٣٥٩١

شیعراندنی ژیان



نەحەمە کەریم عارف

((١))

ئەگەر هەندێ بە وردی تەمەشای شیعری تازەی دنیا بکەی دەبینی بونیادێکی سەیرو نا ئاسایی هەیە. هەڵبەتە سەیرو ناسایی بە مانا ئیستاتیکییەکەی. بۆ نموونە زیاتر خەیاڵ بە سەریدا زاڵە تا واقیع، شپرزەیی و پەشێوی بە سەریدا زاڵە . جۆرێك لە گۆنگی و ئاڵۆزی فیلیڤانی وئەفسوونی زمانەوانی پێوە دیارە کە ئەمە جۆرە باندۆرو کاریگەرییەکی ئەفسووناوی پێبەخشیوەو لە هەر دەربڕینێکی باو وسواوی دوور خستووەتەوە. خۆی لە هەر گوتارێکی شیعریی ڕاستەوخۆ پاراستووە.. یانی خەیاڵی داهێنەرانە زاڵە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەی موزیکالی وسازڤانی زمان و، ئەوەندەی لە خەمی شیعرییەت و هونەرییەتی شیعردایە لە خەمی گوتاری شیعریدا نییە، زیاتر بەلای دابڕاندا دایدەکێشێت ولە هەوڵی ئەوەدایە دەقی شیعر بکات بە جۆرە مومارەسەیەکی جوانیپەرستی و پاکبوونەوەی ڕوحی، یانی خوێنەری جدی و بە سەرنج وەختێ دەقێکی ڕەسەنی شیعری تازە دەخوێنێتەوە، خۆی لە ناو ئەزموونێکی هونەری جەنجاڵی پڕ ڕەمزو ڕازی ئەوتۆدا دەبینێتەوە کە هەست بە غوربەتێکی میتافیزیکی دەکات و قاییلە ئەگەر بە لەزەتێك یان سووکە لەزەتێکی ئیستاتیکییەوە بێتە دەرێ. دیارە ئەم گۆنگی وئاڵۆزییە فیلیڤانییە، دەکاتە کارێك کە شاعیر وەدەقی شیعری، نەکەونە داوی گوتارەوانی ڕاستەوخۆوە یان ختوکەدانی سۆزی جەماوەر، یان بانگەوازی سواوی ئەخلاقییەوە. دیارە جیهانبینی ئەم جۆرە شیعرە، سنووری شتە دیارو هەستپێکراوەکان دەبەزێنێت وئۆقرەسۆفیرو هاماجی غەریب و نامۆ و بێسنووری خۆی بەرهەمدێنێت و، ئەمەش وادەخوازێت کە شاعیر پەنا وەبەر زمانێکی تازە ببات تا دەگەڵ ئەو جیهانبینییەدا تێکبکاتەوە کە بە زمانی تەقلیدی سواو نایەتە دەرککردن. بەڵکو بە زمانێکی سازڤانی دێتە دەرککردن، وشەو پەیڤ، جێگەی دەنگ ونۆتەی موسیقا دەگرنەوە. یانی شیعر لەم حاڵەتەدا دەبێت بە جۆرە سۆزەو زەمزەمەیەکی مۆسیقی، زیاتر گوزارشت لە ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕەهای میتافیکری مەندو ومەنگی هاوتای بێدەنگییەکی ئەفسووناوی دەکات..

((٢))

هەڵبەتە لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی تازەدا، کە لە گەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا دەستی پێکرد، نۆڕینی مرۆڤیش بۆ سروشت وبۆ خوا گۆڕا، نۆڕینی بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەو تیرەی بەشەر، لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیستدا شانبەشانی شۆڕشە پیشەسازی و کۆمەڵایەتی وئاینی وئەقڵییەکان، بە تەواوەتی گۆڕاو لە کاریگەریی ئەو شۆڕشە هەمەجۆرانە نەخەڵەسی و ئەمە لە ویژدانی هونەریی و لە دەربڕین و گوزارشتی شیعرییدا، بە جۆرێ ڕەنگیدایەوە، دەشێت ناوبنرێت شۆڕشی شیعری تازە (مۆدێرن).. دیارە ئەم گۆڕانە، یان شۆڕشانە وەکو ئەڵقە بە یەکدا چووبوون ولە یەکترەوە هەڵدەقوواڵان وبە یەکدی بارگاوی بوون، بۆ نموونە ڕۆمانتیکییەت، لە کلاسیکییەتەوە پەیدا بوو و ، ڕەمزییەت لوتکەی خەمڵینی ڕۆمانتیکییەت بوو لە ئینگلتەراو فەرەنسا و ئەڵمانیا، ریالیزم پەرچە کرداری ڕەمزییەت بوو بە هەموو شێوەکانییەوە.. ئیدی شاعیر- کە بە یەکجارەکی سیفەتی هۆنەریی(نازم) لە خۆی داماڵی! کەوتە کەشفکردنی نهێنگەکانی دەروون و جیهانی ناوەوەی خۆی و، زمانێکی تازەی ئەوتۆی کەشفکرد کە بتوانێت ئیحا و سروش و سەرۆیەك بێت بۆ ئەم دنیا تازەیەی شاعیر، واتا دنیای بێپایانی ناخودئاگا. ئیدی ئەمە جۆرە ئاڵۆزی و گۆنگییەکی سیحر و ئەفسوونامێزی بە دەقی شیعر بەخشی کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نەدات و بەرزبێتەوە بۆ ئاستی زمانێکی سەختفام، چونکە شیعری تازە دەیەوێت بە خۆی وبۆ خۆی ولە خۆیدا، وەکو قەوارەیەکی هونەریی سەربەخۆ، هونەرییەتی خۆی ڕابگەیەنێت و، قەوارەیەك بێت، جۆرەها تیشکی دەلالەت بداتەوەو تەزووی غوربەت بە ڕۆحدا بێنێت.. هەڵبەتە ئەمەش تەنیا لە ڕێگای زمانێکی شیعری ناباوەوە دێتە دی و،خوێنەر نابێت بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ زمانی شیعردا بکات، وەکو چۆن دەگەڵ زمانی لێکدی حاڵی بوونداد دەکرێت، کە ئەوزاری گوێزانەوەو گەیاندنە و تەواو. کەواتە خوێنەر دەبێت بەو نەفەسە مامەڵە لە تەك شیعری تازەدا بکات کە دیاردەیەکی بێ چەند و چوونی سەردەمی تازەو هاوچەرخە و بە جۆرەها چەمك و مانا ئاوسە و بە ڕادەیەك فرە مانایە کە خوێنەر تیایدا سەرگەردان وسەراسیمە دەبێت، بەڵام فرە مانایی و ئیمکاناتی فرە شرۆڤەو ڕاڤە، لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی شیعری تازەیە.

ئەو گۆرانە گەورەیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا بە سەر شیعردا هات، کردیە کارێك هەمان گۆڕان بە سەر چەمکی ئەدەبیات وتیورییانی ڕەخنەشدا بێت. شیعر تا ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەو هێودەتریش، لە چوارچێوەو سایەی کۆمەڵگەدا دەژیا. خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرد کە گوزارشتێکی نموونەیی، هەڵوێست وهەستە ئاساییەکان بێت. سوکنایی بەخشی ئازارەکان و سارێژکەری بریناں بێت.. بەڵام پاشان شیعری تازە گۆڕاو خۆی لە ژێر ئەم بارە دەرهێناو، تەوەری شیعر بوو بە خودی شیعر. شیعر بوو بە باڵاترین وخالیسەترین دیاردەی ئەدەب. ئەوپەڕی ئازادی بە خۆی دا کە گوزارشت لە خەیاڵ بکات، بە ناخی دەروواند ڕۆبچێت ونهێنگەکانی ناخودئاگا تەی بکات. دیارە ئەم گۆڕانکارییە لەو زمانەشدا ڕەنگی دایەوە کە ڕەخنەگران و خودی شاعیرانیش لە باسی شیعردا بەکاریان دەبرد..

((٣))

لە شیعری تازەدا زەمەنی باتین دەبێت بە پەناگەی شیعر، دەقی شیعری بە دنیایەك ڕەمزو لەگەزان بارگاوی دەبێت و، وزەیەکی ڕێتمەوانی ئەوتۆ پەیدا دەکات، کە لە باری کاریگەرییەوە، لە فیکر و گۆنگی دەقە شیعرییەکە، وەرگر ناچار بکات گوێی لێبگرێت و هەرجارەی ڕاڤەو شرۆڤەیەکی تازەی بۆ بکات، بە نەباوی و غەرابەتی خۆی، وەرگرانی دژەباو وبێزار لە باوییەت، بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.. هەڵبەتە لێرەدا نابێت دەوری وشە فەرامۆش بکرێت، چونکە شیعری تازە بە فیکر دروست ناکرێت بەڵکو بە وشە دروست دەکرێت. واتە شیعری تازە بە ڕادەیەك پشت بە وشەێن ئیحابەخشی فرەماناو دەلالەت دەبەستێ و وزەو توانا لەبن نەهاتوو وبێپایانەکانی زمان بە جۆرێ دەتەقێنێتەوە، کە دەبێت بە ناوەرۆکی شیعرەکەو، گۆنگی و ئاڵۆزی شیعرەکە، کە دیاردەیەکی شیعری تازەیە، لێرەوە پەیدا دەبێت.. واتە شاعیری هاوچەرخ، قەناعەتی تەواوی بەوە هەیە کە پەیڤ و وشە وزەو تواناو ئیمکاناتێکی ئەفسووناوی کاریگەر وئیحابەخشی زیاتر لە فیکری هەیە. واتە لێرەدا شیعر وەکو کارێکی خالیسە، قەوارەیەکی سەربەخۆی خودکەفایی پەیدا دەکات، دەبێت بەو زمانەی کە هیچ زمانێکی دیکە جێگەی ناگرێتەوە. هەڵبەتە زمانی شیعری تازە، زمانێکی ڕوون وئاسانفام نییە وخوێنەر بە دەستییەوە گیرۆدە دەبێت، نە بە ئاسانی تێیدەگات و نە بە ئاسانی زەوقی لێدەبینێت ، چونکە لە سنووری تێگەییشتنی ئاسایی دەردەچێت و دەگاتە ئاستێك کە وشە ڕەسەنایەتی و بەرائەتی ئەسڵی خۆی وەردەگرێتەوەو لێرەدا وشە، عەینی چەخماخە پڕشنگێك دەدات و بەرەبەرە لە بێدەنگی نزیك دەبێتەوەو خۆی ئامادە دەکات کە بە زمانی بێدەنگی ، نەگوتەنییەکان، بڵێت. ئەم دیاردەیە خوێنەری لێدەتۆرێنێت. بۆیە شیعری تازە خوێنەری کەمە و زیاتر خەڵکی بژاردە ڕووی تێدەکەن. دیارە هۆی ئەم گۆنگی و ئاڵۆزییەی زمان، زیاتر لەو بیروکەیەوە هاتووە کە ئەرکی ئەدیب ئەوەیە کە ڕێگە نەدات زمان بە جۆرێ لە قاڵب بدرێت، کە ئەیەڵێت شیعر شتی زۆر تازە بڵێت، چونکە داهێنانی شیعریی لە بنەڕەتدا تازەکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی زمانەوانی ڕەسەنە. جا زمان لەمجۆرە شیعرەدا ئەوزاری لێکدی حاڵی بوون و گەیاندن نییە، پردێك نییە لە نێوان خوێنەر و نووسەردا. بەڵکو زمان جۆرە گوزارشتێکە لە خودی خۆی وئەگەر لە حاڵێکا بە ئاستەمێك لە خەمی خوێنەریشدا بێت، ئەوا لە خەمی ژمارەیەکی زۆر کەمی خوێنەری بژاردەدایە. خوێنەری کراوەو ئامادە بۆ تێگەییشتنی هەمەجۆر. ئەو خوێنەرەی کە مانا بە دەقی شیعرەکە دەبەخشێت، جا بەم پێودانگە هەر قەسیدەیەك، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی مانا هەڵدەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شیعری تازە زیاتر شیعری ئیحاییە تا شیعری وەسف و ناوبردنی ڕاستەوخۆ بێت، کە سیحری لەزەتە ئەدەبییەکە بە تاڵ دەکاتەوەو خوێنەری لێ مەحرووم دەکات. جا ئەو باندۆر وکاریگەرییەی، ئەم ئیحاگەرییە، لای خوێنەر چێدەکات، تاقە پردی نێوان شاعیری مۆدرێن و خوێنەرە.

هەڵبەتە ئاساییە کە دەبێ زمانی شیعری تازە زمانێکی تازە بێت، زمانێ کە پسپۆڕانی ڕێزمان و دەستوری زمان هیچی لێنازانن . واتە زمانێکی موسیقی وەکو زمانی خوێندنی بولبول، کە تەنیا خوێندنی مەبەست بێ و بەبێ وشە ئۆخژن بە ڕۆح ببەخشێت . ئەراگۆن لە پێشەکی دیوانی چاوانی ئیلزادا دەڵێت: شیعر بە هۆی خوڵقاندنی تازەو بەردەوامی زمانەوە، لە ڕێگەی ڕوخاندنی هاوئاهەنگی زمانەوانییەوە، لە ڕێگەی شکاندنی دەستوورەکانییەوە، لە ڕێگەی گۆڕینی تەرتیبی باوی زمانەوە، پەیدا دەبێت. واتە لەم حاڵەتەدا شیواز بۆ خۆی و لە خۆیدا دەبێت بە ئامانج و ماناو هۆشداری بەلاپەڕەی یادەوەرییەکانی دەدا، ئەو پرسیارەی لەخۆی کرد بۆچی زۆرجار ناو ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی کەسەکە نی یە؟ ئەوەی بەخەیاڵدا هات چەندین کەس ناوی (دڵشاد) یان هەڵگرتووە، بەڵام هیچ کامییان تروسکەییەك شادی لەدڵییان بەدی ناکرێت. بۆ خۆیشی نەیزانی چۆن لەناکاو ناوی(دڵشاد قادر) ی بەیاد دا هاتەوە، ئەو کەسەی بەبەردەوام خەندە وپێکەنین لەسەر ڕووخساری نەخشکراوە، هیچ کەس نەیزانی بۆچی مانگی ڕابردوو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.جارێکی تر بە دڵتەنگییەوە گەڕاییەوە سەر نووسینەوەی ژیاننامەکەی. ئەو دەستەواژەیەی نووسی» لە شاری ئاگری (بابا گورگوری)ی هەمیشەیی لەدایکبوومە» ئەو شارەی بەبەردەوام شارێکی گەرمە، هەندێجار ئەوکاتانەی ئاڵۆزی وگرفت و کێشەکان زۆر دەبوون و بەبڕوای ئەو زەمینەی شارەکەی بەشێکە لە دۆزەخ. پاش چەند چرکەیەك وشەی (دۆزەخ) ترسێك شەودا لە بیرو هزری مرۆڤدا باوەش بۆ ژیان دەکاتەوە. دەرگای ژووەکەی داخست بەئومیدی ئەوەی دەرگای بیرکردنەوەی بخاتە سەرپشت بۆ ئەوەی هەموو وشە قەتیس ماوەکانی نێو فەرهەنگی ژیانی لە ئامێزی لاپەڕە سپییەکاندا ڕەنگڕێژ بکات. هەرکاتێك لاپەڕەی سپی لەپێش خۆی دابنایە، قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسەیەی بەبیردا دەهاتەوە کەدەیگووت:- «من زۆر سەرسامم بەجوانووسی تۆ، خۆزگە هەموو کەس وەك تۆ بە خەتێکی جوان نووسینی بکردایە.» لەچرکەساتێکدا هەموو بیرکردنەوەیەکی وەلاوەنا، بەتەنها تیشکی خستە سەر ژیانناملەکەی، بەپیتی گەورەو لەسەر ڕاستەهێڵەکە دەستی پێکرد ..... من ناوم ( ) بە شێوەیەکی کتوپڕ ئەوەی بەخەیاڵدا هات وا باشترە لەکۆتاییدا ناوی خۆی بنووسێت، پێویست ناکات لەسەرەتاوە ناوی خۆی بهێنێت، لەچرکە ساتێکی بێدەنگیدا (ناو) بەشادەمارەکانی بیرکردنەوەی زەنگی موچورکەیەکی بە لەشیدا هێنا، دواتر ویستی بنووسێت لەچی ساڵێك لەدایکبوو، بەڵام هەڵوێستەیەکی کرد و لەبەر خۆییەوە گوتی «هەرگیز نەمتوانیوە ئەوە بزانم لەچی ساڵێك لەدایکبوومە، دڵنیام ئەو ساڵەی لەسەر ناسنامەکەم نووسراوە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نی یە، بەتەنها لەسەر ژیانناملەکەی ئەوندەی نووسی» لە ناوەڕاستی شەستەکاندا هاتومەتە دونیاوە، ئەگەر لەناوی باوك وباپیرم دەپرسن، بەتەنها کۆپی ئەونواوانە دەکەم لەسەر ناسنامەکەم نووسراوە، چونکە هەرگیز باوکم نەبینیوەو نەناسیوە، دەگێڕنەوە ودەڵێن پێش ئەوەی من بێمە ژیانەوە ئەو کۆچی دوایی کردوەو ژیانی بەجێهێشتووە، ئەوە باسدەکرێت کە پێشمەرگە بووەو شەهید کراوە، من بەهەتیوی هاتوومەتە ژیانەوە، تەمەنم چوار ساڵان بووە دایکم منی بەجێ هێشتووەو شوویکردۆتەوە، ئیتر وەك منالێکی بێکەس ژیاوم. لەلای داپیرەم گەورە بووم، گۆشە گیری و خەم وبێکەسی هۆکاری ئەوە بوون حەز لەدونیای ئەدەب بکەم، سەرەتای ژیانم بەشیعر دەستم پێکرد، دەمویست گوزارشت لەناخی پەنگ خواردووی خۆم بکەم، دەمویست بێ بەشبوونم لە سۆزو بەتەنگەوە هاتن وخۆشەویستی بەوشەو ئاوازو دەربڕین پڕ بکەمەوە.

تەمەنم چوارەدە ساڵان بوو هەستم بە خەمێکی زۆر قوڵ کرد لەبەر ئەوە لەوساوە قەڵەمم هەڵگرت و بە شیعر ناخی خۆم هەڵڕشت، سەرەتا بەشیعر دەستم پێکرد، پاشان ڕوومکردە چیرۆك و دواجار لە ویستگەی ڕۆمان ئۆقرەمگرت و ڕاوەستام. هەموو ئەو چیرۆك و ڕۆمانانەی نووسیوومە جگە لە گیرانەوەی بەسەرهاتی پڕ لە تەنگو چەڵەمە و ناخۆشی خەڵکی تر هیچ شتێکی تر نییە.

زۆر کەس ستایشی چیرۆك و ڕۆمانەکانم دەکات و دەست خۆشیم لیدەکات جەخت لەسەر کاریگەری نووسینەکانم دەکات. بەڵام پێویستە دان بەو ڕاستیەدا بنێم، سەرکەوتنی نووسینەکانم کەسێتی شکست خواردووی خۆمی لەپشتەوەیە، بۆ ئەوەی تیمەو ئەنگێزەو نێوەرۆکە شیعرییەکان لەودا و لە پشت ئەوەوە پەنهان دەبن..

((٥))

گوتمان یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری مۆدێرن، ئاڵۆزی و گۆنگییە. لە ڕاستیدا شیعری مۆدێرن، ئەرکێکی یەجگار قورس و غەریب بە ملی زماندا دەدات، ئەویش ئەوەیە کە هەم مانا بنوێنێت و هەم بیشارێتەوە. واتە گۆنگی و ئاڵۆزی دەبێت بە پرەنسیپێکی ئیستاتیکی گشتی ئەم شیعرە. یانی ئاڵۆزی ئیستاتیکی, دەقی شیعریی، لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی زمان کە گوێزانەوەو گەیاندنە داەدەبڕێت، لە نیمچە بۆشاییدا هەڵیدەواسێت، تا خوێنەر هەوڵبدات لێی نزیك ببێتەوە، ئەو دوور دەکەوێتەوە. یانی بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات. ڕستەو دەستەواژەو ئامرازێن زمانەوانی پچڕپچڕ وغەریبە، ڕستەی کراوەو ئیحایی تیایدا زاڵە. واتە بە سیحر و ئەفسوونی خۆی خوێنەر، بکێشێ دەکات. ئیدی با بە تەواوەتی لە شیعرەکەش نەگات، ئیحای شیعرەکە لەو توانا حسی و هەستەوانیانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زمانەکەدا پەنهانە، واتە لە ڕیتم و ئاهەنگ وئاواز ودەنگدا پەنهانە.جا ئەمجۆرە شیعرەی زیاتر پشت بە ئەفسوون و ئیحای زمان دەبەستێت، بە جۆرێ دەسەڵات بە وشە دەدات کە بکاتە بەردی بناغەی کردە شیعرییەکە. بۆیە هەر شیعرێك، بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرانی خۆی مانا هەڵدەگرێت، بگرە زۆرجار لای یەك خوێنەریش، لە خوێندنەوەیەکەوە بۆ خوێندنەوەیەکی دی ماناکەی دەگۆڕێت. هەڵبەتە پەیوەندی نێوان شاعیرو شیعر جیایە لە پەیوەندی نێوان خوێنەرو شیعر. شاعیر کە لە نووسینی شیعرەکەی دەبێتەوە، ئیدی لە دەستی ئەو دەردەچێت، ڕەنگە خوێنەر مانای وای لێبهەڵێنجێت کە دوور و نزیك بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێت..

***

بە هەرحاڵ، شیعر، بە تایبەتی شیعری تازە، وەکو ئەزموونێکی فیلیڤانی داهێنەرانە، تەواو لە ئەزموونی سۆفیگەرانە نزیك دەبێتەوەو هەمان هێزو کاریگەریی سیحر پەیدا دەکات و زۆر زەحمەتە بێتە پێناسە کردن. بەڵام لە بنەڕەتدا بە خەمی شیعراندن و هونەراندنی ژیانەوەیە، بە خەمی ئەوەوەیە ژیانی باتینی و توانای فیلیڤانی و تازەگەریی و داهێنانی مرۆڤ، شاعیرانە و بە شێوازی تایبەتی خۆی لە هەر سوان و پوان و پووکانەوەیەك ڕزگار بکات..

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە هەر وشە ڕیزکردنێکی بێسەرو بەر، هەر چەنەبازییەکی ناشیعری، هەر ڕستەیەکی تێك شکێنراوی ناباو، هەر بانگەوازێکی ئیباحییەتخوازی سێکسی، ناکاتە شیعری تازە، هەر هەوڵێکی دەستکردی ناڕەسەن بە ناوی داهێنانەوەو، بە مەبەستی گوایە پێشەنگایەتییەوە، ناکاتە شیعری تازە. شیعری تازە پێویستە زادەی زەروورەتی هونەری بێت نەك لاسایی کردنەوەی کۆیڕانەو چاولێکەری و مۆدبازی، هەر هەوڵێکی لەو بابەتە بە مردوویی لە دایك دەبێت و هیچ بۆشاییەکی هونەری پرناکاتەوە...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- سوزان بیرنار/قصیده النهر من بودلیر الی ایامنا/ترجمه: د.زهیر مجیدمغامس/مراجعه: د.علی جواد اهر/ دارالمامون للترجمه والنشر/بغداد-١٩٩٣

٢- الدکتور عبدالغفار مکاوی/بوره الشعر من بودلیر الی العصر الحدیث/الجز الاول، الدراسه/ الهیئه المصریه العامه للکتاب/١٩٧٢

[چیرۆکی ژیاننامه.....]

چیرۆك





ئەسعەد عەزیز محەمەد

ئەوە ماوەی چەندین ڕۆژە دەیەوێت ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە، ئەوەچەندین جارە ئەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیە داوای ئەو ژیاننامەیەی لێدەکات، چونکە بەنیازە ژیاننامەی نوسەران و هونەرمەندانی شارەکەیان لەئیسکلۆپیدیایەکی نایابدا لە کتێبێکی گەورەدا بەچاپ بگەیەنن.

زۆرجار لەبەردەم ئەو ڕاستیەدا دۆش دادەماو، هەستی بەشکستێکی ئێجگار گەورە دەکرد، ڕاستیەك بوو هەرگیز نەیدەتوانی نکۆڵی لێبکات ئەوەش ئەو ڕاستیە بوو» داخوا بۆچی هیچ کات نەیتوانیوە لەبارەی ژیانی خۆییەوە هیچ شتێك بنووسێتەوە ؟ بۆچی زۆر وردەکاری لەسەرخەڵکی تر و دەوروبەری خۆی دەنووسێتەوە؟ کاتێ دەیەوێت لەسەر ژیاننامەی خۆی بنووسێت هێز و گوڕی نامێنێت. تەنانەت چەند دێڕێکی کەمیشی بۆ نانووسرێت.» کات شەوە، شەو پانتایی خەون و وشەیە، حەز و خولیاو هەست ونەست لە جەستەی ڕاکشاوی شەودا لە بیرو هزری مرۆڤدا باوەش بۆ ژیان دەکاتەوە.

دەرگای ژووەکەی داخست بەئومیدی ئەوەی دەرگای بیرکردنەوەی بخاتە سەرپشت بۆ ئەوەی هەموو وشە قەتیس ماوەکانی نێو فەرهەنگی ژیانی لە ئامێزی لاپەڕە سپییەکاندا ڕەنگڕێژ بکات. هەرکاتێك لاپەڕەی سپی لەپێش خۆی دابنایە، قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسەیەی بەبیردا دەهاتەوە کەدەیگووت:- «من زۆر سەرسامم بەجوانووسی تۆ، خۆزگە هەموو کەس وەك تۆ بە خەتێکی جوان نووسینی بکردایە.» لەچرکەساتێکدا هەموو بیرکردنەوەیەکی وەلاوەنا، بەتەنها تیشکی خستە سەر ژیاننامەکەی، بەپیتی گەورەو لەسەر ڕاستەهێڵەکە دەستی پێکرد ..... من ناوم ( ) بە شێوەیەکی کتوپڕ ئەوەی بەخەیاڵدا هات وا باشترە لەکۆتاییدا ناوی خۆی بنووسێت، پێویست ناکات لەسەرەتاوە ناوی خۆی بهێنێت، لەچرکە ساتێکی بێدەنگیدا (ناو) بەشادەمارەکانی بیرکردنەوەی زەنگی هۆشداری بەلاپەڕەی یادەوەرییەکانی دەدا، ئەو پرسیارەی لەخۆی کرد بۆچی زۆرجار ناو ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی کەسەکە نی یە؟ ئەوەی بەخەیاڵدا هات چەندین کەس ناوی (دڵشاد) یان هەڵگرتووە، بەڵام هیچ کامییان تروسکەییەك شادی لەدڵییان بەدی ناکرێت. بۆ خۆیشی نەیزانی چۆن لەناکاو ناوی(دڵشاد قادر) ی بەیاد دا هاتەوە، ئەو کەسەی بەبەردەوام خەندە وپێکەنین لەسەر ڕووخساری نەخشکراوە، هیچ کەس نەیزانی بۆچی مانگی ڕابردوو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.جارێکی تر بە دڵتەنگییەوە گەڕاییەوە سەر نووسینەوەی ژیاننامەکەی. ئەو دەستەواژەیەی نووسی» لە شاری ئاگری (بابا گورگوری)ی هەمیشەیی لەدایکبوومە» ئەو شارەی بەبەردەوام شارێکی گەرمە، هەندێجار ئەوکاتانەی ئاڵۆزی وگرفت و کێشەکان زۆر دەبوون و بەبڕوای ئەو زەمینەی شارەکەی بەشێکە لە دۆزەخ. پاش چەند چرکەیەك وشەی (دۆزەخ) ترسێك بەلاپەڕەی یادەوەرییەکانی دەدا، ئەو پرسیارەی لەخۆی کرد بۆچی زۆرجار ناو ڕەنگدانەوەی لەسەر خودی کەسەکە نی یە؟ ئەوەی بەخەیاڵدا هات چەندین کەس ناوی (دڵشاد) یان هەڵگرتووە، بەڵام هیچ کامییان تروسکەییەك شادی لەدڵییان بەدی ناکرێت. بۆ خۆیشی نەیزانی چۆن لەناکاو ناوی(دڵشاد قادر) ی بەیاد دا هاتەوە، ئەو کەسەی بەبەردەوام خەندە وپێکەنین لەسەر ڕووخساری نەخشکراوە، هیچ کەس نەیزانی بۆچی مانگی ڕابردوو کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.جارێکی تر بە دڵتەنگییەوە گەڕاییەوە سەر نووسینەوەی ژیاننامەکەی. ئەو دەستەواژەیەی نووسی» لە شاری ئاگری (بابا گورگوری)ی هەمیشەیی لەدایکبوومە» ئەو شارەی بەبەردەوام شارێکی گەرمە، هەندێجار ئەوکاتانەی ئاڵۆزی وگرفت و کێشەکان زۆر دەبوون و بەبڕوای ئەو زەمینەی شارەکەی بەشێکە لە دۆزەخ. پاش چەند چرکەیەك وشەی (دۆزەخ) ترسێك

چیرۆکێکی ناوازە بنووسمەوە پێویستە ژیانێکی زۆر تاڵ بگوزەرێنم، ئەو ئەزمونە پڕ لە نائومێدی و دەردە سەرییەی لەژیاندا بینیم ئەگەر بۆ هەر مرۆڤێك بیگێڕیتەوە بێگومان کاریگەری دەبێت و زۆر دوور نی یە ببێتە هۆی گریاندنی. دواجار لە ژیانی نووسینمدا، دوای چەندین ساڵ لە بواری نووسین ئەو حەقیقەتەم بۆ دەرکەوت هەموو کات چیرۆك و ڕۆمانە ناوازەکان ئازارێکی قوڵی مرۆڤایەتی لە ناخدا حەشاردەوە، دەرکەوتنی ئەو ئازارە یاخود شاردنەوەی لە سێبەری نووسەرەکە هۆکاری ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر خوێندنەوەی.

ژمارەی ئەو کتێبانەی بەچاپم گەیاندووە هیچ گومانی تێدا نی یە لە ژمارەی تەمەنی خۆم زیاترە، لەوە زۆر دڵنیام تا تەمەنم بەرەو ژوور هەڵبکشێت زیاتر لە خەم وئازاری مرۆڤ زیاتر تێدەگەم.

نووسینم زیاتر دەبێت. لە کۆتاییدا ئەگەر دەتانەوێت بزانن چەند جار ڕێزم لێنراوەو خەڵات کراوم لەسەر چیرۆك و ڕۆمانەکانم. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمەوێت ئەو ڕاستیە ئاشکرا بکەم. بەدەیها جار چیرۆك و ڕۆمانەکانم خەڵات کراون زۆر دەزگای ڕۆشنبیری گەورە ڕێز لێنانی بۆ کردووم بەڵام لێتان ناشارمەوە هەر کاتێك لەسەر چیرۆکێك یان ڕۆمانێکم خەڵات کرابێتم هەرگیز ئەو خەڵات و دیاریە بۆ خودی خۆم نەبووە، ئەوە کەسێتی من نەبووە ڕێزی لێبگیرێت بەڵکو ئەوە ئازاری مرۆڤایەتی بووە کە لە چیرۆکەکەمدا گوزارشتی لێدەکەم. خەڵات و دیاری پێدەبەخشرێت. ببوورن زۆر درێژەم بەچیرۆکی ژیاننامەمدا، دەمەوێت لە کۆتایی چیرۆکی ژیانم پێتان بڵێم گرنگ نی یە ناوم بنووسم یان نەنووسم، ژیاننامەی من بێت یان هەر نوسەرێکی تر، بەڵام ئەوەی دەینووسین ئەگەر ڕەنگانەوەی حەزو خواست و خەم و پەژارەی مرۆڤ بێت بێگومان کاردانەوەی بەسەر خوێنەر دەبێت.

ئەیلول/٢٠٢٠ کەرکوك



هاوینی گەرمی بیلاڕووسیا گڕ لە (دواییین دیکتاتۆریەتەکانی ئەورووپا) بەر دەدات

ڕەمزی میرەکانی

لە بیلاڕووسیا (رووسیای سپی)، یەکێ لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤییەتدا، فراوانترین ناڕەزایەتییەکان تەقینەوە و چەندین دیاردەی تووندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی لە دژی خۆپیشاندەران بە خۆوە بینی، ئەوەش لەگەڵ فشارەکانی دەرەکیی هاوتا بوو، کە گەفی سزای بیانی تازەی لەدژی دەسەڵات لە مینسکی لەگەڵدا بوو. ئەو پێشهاتانە، دوای ڕاگەیاندنی بردنەوە گەورەکەی سەرۆك، ئەلیکسەندەر لۆکاشینکۆ، بۆ ماوەیەکی تازە بوو، کە بۆ هەتاهەتایە وەکو سەرۆك دەیهێڵێتەوە، چونکە لەوەتەی ساڵی 1994ـەوە لە دەسەڵات دایە، بەمەش دەبێتە چیرەدڕێژترین سەرۆك، لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەتدا. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بیلاڕووسیا، بۆ کەس شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو، دوای ئەوەی لۆکاشینکۆ، کە بە (باوك) ناسراوە، توانی ڕێژەی 80% دەنگی دەنگدەران بەدەست بهێنێت، لەو هەڵبژاردنەی کە لە سەرەتای ئەو مانگەدا، بەبێ ئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی و گەمبوونی ڕەوشی ناوخۆ بەڕێوەچوو، نەخاسمە دوای ڕاگەیاندنی فەرمی ئەنجامەکانی، گوایە لە ئاکامی لەباربردنی پیلانێکی دەرەکیی بووە، کە ئامانجی سەراوژێرکردنی ڕەوشی وڵات بووە. هەروەها لەکەدارکردنی کەسانی ئۆپۆزسیۆن و دەستگیرکردنی چوار کاندیدی ڕکابەر لەسەر کورسی سەرۆکایەتیش، بە تۆمەتی بەشداریکردن لە پیلانی دەرەکیی شتێکی تازە نەبوو. ئەو شتەی تازە بوو، هەڵکشانی ناڕەزایەتییەکانی گەل و دەستکردن بە ناڕەزایەتی گەورە بوو، کە لە ڕووی قەبارە و داواکارییەکانەوە جیاواز بوو، ئەوەش بە پەرەسەندنێکی ناوازە لەو وڵاتە دادەنرێت، کە چەندین دەیەیە هیچ پشێوی یان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. دەسەڵات دەستی بە بەکارهێنانی تووندتیژی لە دژی خۆپیشاندەران، ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی هەزاران چالاك، بڵاوەپێکردنی سوپا لەنێو شارەکان، گرتنەبەری ڕێوشوێنی نەکردە لەسەر سنووردکان، بەدووکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەستبەرسەرکردنی فەرمانبەرانی، بە ڕاگەیاندکارانی سەربەخۆی وڵاتی دیکەی وەکو ڕووسیاش کرد. بەڵام هەموو ئەمانە، لەسەر ئاستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە و کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتییەکان، ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ڕەوشێکی تازەی لەو وڵاتە داهێنا، ئەویش ڕاگەیاندنی هەواڵی دەست لەکارکێشانەوەی کەسانی سەربازیی و مەدەنی بوو لەسەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا، لە دیمەنێکدا، کە زۆر لە ڕەوشی هەندێ ناوچەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچوو، بەتایبەتی سووریا لە سەرەتای قەیرانە خوێناوییەکەیدا. ئەو ڕەوشە نالەبارە، لەگەڵ ڕۆیشتنی لەخۆوەی خانمە سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕووسیا، سڤیتلانا تیخانۆفسکایا، هاوتا بوو، کە لە هەڵبژاردنەکان لەبەرامبەر لۆکاشینکۆ دۆڕابوو و بەرەو وڵاتی لیتوانیای دراوسێ ڕۆیشت. لێ دواتر دەرکەوت، نیوەی تیمەکەی لە هەڵبژاردنەکان بەندکراون و خۆیشی ناچار کراوە، پەیامێکی قیدیۆیی بڵاو بکاتەوە و بڵێت بە ویستی خۆی لە بیلاڕووسیا دەڕوات.

ڕۆڵی بەرچاوی ئافرەت

لەوانەش زیاتر، لە میانی ناڕەزایەتییەکاندا، چەندین دیاردەی نەکردە دەرکەوتن، وەکو ڕێکخستنی کۆمەڵێك ئافرەت، بۆ وەستانی هاوخەمی لەگەڵ دەستگیرکراوەکان لە ناوەڕاستی مینسکی پایتەختدا. بەشداربووانیش دروشمی (دژ بە تووندوتیژی)یان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەڵگرتبوو و داواشیان دەکرد، بەندکراوەکان ئازاد بکرێن. بۆ سەرنج ڕاکێشانیش، ئامادەبووان جلی سپییان پۆشیبوو، لەگەڵ هەڵگرتنی چەپکە گوڵ و کارتی پۆستەی سپی لەسەر شتێوەی دڵ. پاشان کاروانی خۆپیشاندەرانی ئافرەت بەرەو ئەکادیمیای زانستی نیشتمانی لەسەر شەقامی سەربەخۆیی لە شارەکە ڕۆیشت، ڕاننەی تۆتۆمبێلەکانیش بە هۆرن لێدانی پشتیوانی پێشوازییان لێکردن. بەڕاستی ئەو دیمەنە بۆ مینسك شتێکی نامۆ بوو، کە چەندین دەیەیە شتی وای بە خۆوە نەدیووە. هاوزەمان، ئەو چالاکانەی لە دەرەوەی وڵاتیش دەژین، ڕیتمی جوولەکانیان خێراترکرد، بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخەنە سەر سەرۆك لۆکاشینکۆ، ئەوەش لە میانی چوونی کەسانی ناسراو بۆ ڕیزی نارازییەکان باشتر دەرکەوت، وەکو سڤیتلانا ئەلیکسیێڤیچ، خانمە نووسەری خاوەن خەڵاتی نۆبلی ئەدەب لە ساڵی 2015دا، کە پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندەران دووپات کردەوە و، داواشی لە لە لۆکاشینکۆ کرد، واز لە دەسەڵات بهێنێت و ڕێگەش نەدات جەنگێکی ئەهلیی لە وڵات هەڵبگیرسێت. بە گوێرەی قسەکانی ئەلیکسیێڤیچ بێت، زۆربەی بیلاڕووسییەکان دڵنیان لەوەی، لۆکاشینکۆ لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاوە، بەڵام پێویستە هەموو کۆمەڵگە بچێتە پاڵ ئەو هەوڵانەی، کە دەیانەوێت ڕێگە بە دەسەڵات نەدەن، شتەکان بەرەو خراپتر ببات، ئەو خانمە نووسەرە وتی: « پێم وایە دەسەڵات جەنگی لەژی گەلی خۆی ڕاگەیاندووە. من وای دەبینم، چۆن کۆمەڵگە لەبەر چاومان بەرەو تووندڕەوی هەنگاو دەنێت، ئەوەش بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتەیە، کە پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی ئاژاوە بەکاری دەهێنێت. هەرگیز خەیاڵی ئەوەمان نەدەکرد، تاکو بینیمان چۆن ئەوە لە وڵاتانی دیکە ڕووی دا، بەڵام ئەوەش لێرە ڕوو دەدات، کاتێك تەقە لە ئۆتۆمبێلێك دەکەن، کە مندااڵی بچووکی تێدایە و لە خوێن سوور کراوە، کاتێك ئافرەتێکی دووگیان بەرشەق دەدرێت و دەستبەسەرکراوەکانیش لەبەر زۆریان تووشی هەناسەبرکێ دەبن، ئەوەش کردەیەکی تەواو سەربازییە». لەبارەی ڕۆیشتنی سڤیتلانا تیخانۆفسکایاش بۆ لیتوانیا، ئەلیکسیێڤیچ وتی:»ئەو پێشان و ئێستاش سیمبولێکی تینووی گۆڕانکارییە، تینووی ژیانێکی تازەیە، تینووی ڕاستگۆیی و قوربانیدان بەخۆی لە پێناوی گەلەکەیەتی» لە کۆتاییشدا وتی:»بڕۆن، کەس گۆڕەپانی ناوێت» وەکو ئاماژەیەك بۆ (گۆڕەپانی کییڤ)، کە (شۆڕشی پرتەقاڵی) لەوێندەر لە ساڵی 2004 لە ئۆکرانیا ڕووی دا. کەس خوێنی ناوێت، تەنیا تۆ دەسەڵاتت دەوێت، ویستیشت بۆ دەسەڵات، داوای خوێنڕشتن لێدەکات».

وتارێکی ناوازە

ئەو وتارە لە ڕووسیای سپی ناوازەیە، ئەو وڵاتەی ئەلیکسەندەر لۆکاشینکۆ، بۆ ماوەی سێ دەیە، بە مشتێکی پۆڵایین بەڕێوەی دەبرد، دوای ئەوەی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی گەورەی کشتوکاڵییەوە، خۆی گەیاندە کورسی سەرۆکایەتی. ئەوەی لەو پیاوە دەگیرێت-ئەمڕۆ و دوێنێ- ئەوەیە، نەیارانی سەرکوت کردووە و ڕێگەشی نەداوە گۆڕانکاریی، یان چاکسازیی سیاسی یان ئابووری بکرێت، لێ لە بەرامبەردا، وەکو چۆن لایەنگرانی داکۆکی لێدەکەن (سەرکەوتوو بووە لەوەی وڵات لە پشێوی دوور بخاتەوە و زیاتر سەربەخۆی بکات)، لەو کاتەی وڵاتانی دراوسێ بە دەست چەندین ململانێ دەیانناڵاند. هەروەها لایەنگرانی پێیان وایە (ڕێگر بووە لەوەی بیلاڕووسیا بکەوێتە نێو گێژاوی تایبەتکردنی ڕەمەکی، ئەوەی ڕووسیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا تێیکەوت، بەمەش پارێزگاریی لە ئاستی بژێوی نزم، بەڵام سەقامگیر کرد». لە هەمبەر هەموو ئەو پێشهاتانەدا، کە هێشتا بە نیشانەی خراپبوونی زیاتر دادەنرێت، دەسەڵاتداران دەستیان بەو چیرۆکەی خۆیان لەبارەی (پیلانگێڕیی دەرەکیی)یەوە گرت. وەزارەتی دەرەوەش ئامادەیی خۆی نیشاندا، بەڵگەی تەواو لەبارەی دەستوەردانی دەرەکیی لە کاروباری وڵات پێشکەش بکات. داواشی لە جیهان کرد، بە شێوەیەکی بابەتیانە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ئێستای بیلاڕووسیادا بکات، چۆن و لەبەرچی ڕوویان دا. ئێمەش ئامادەی گفتوگۆیەکی بنیاتنەر و بابەتیانەیان، لەگەڵ هەموو هاوبەشانی بیانی، لەبارەی ئەو بابەتەوە. هەروەها مینسك داوای لە وڵاتانی دیکەش کرد، واز لە دانی (لێدوانی زل) لە بارەی ڕووداوەکانی وڵات بهێنن، هۆشداریشی دا، لەوانەیە ئەو کارە ببێتە هۆی گرێبڕبوون لە پووشی پشێوییەکان لە کۆمەڵگەدا.

ڕەخنەی ڕۆژئاوا و پشتیوانی ڕووسیا

ئەو وەڵامدانەوەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو، بۆ ئەوەی ڕەخنە لە شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژئاوا، لەگەڵ پێشهاتەکانی ئێستای بیلاڕووسیا، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان بگرێت. دوای ئەوەی چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا، لە سەرووی هەموشیانەوە و ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، بە تۆندی ڕەخنەیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و هاودەمییەکانی گرت و پێیان وابوو(سەربەخۆ و پاك نەبوو). بەڵکو، واشنتن هۆشداریی سەپاندنی سزای تازەی بەسەر مینسك دا، لە وەرچەرخانێك لە ئاراستەکانی ئەمریکا، ئەوەی لە ماوەی ماڵنگەکانی ڕابردوو دەرکەوت، بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو کۆمارە، ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشتر بە (دواییین دیکتاتۆریەتەکان) لە ئەورووپا وەسفی دەکرد. لەو چوارچێوەیەدا، پێش چەند مانگێکی کەم، مایك پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەردانی مینسکی کرد، وەکو هەوڵێك بۆ ئەوەی وا لە لۆکاشینکۆ بکات، واز لە پشت بەستن بە بەرهەمەکانی نەوت و گازی ڕووسیا بهێنێت، بەڵێنی ئەوەشی پێدا، واشنتن دەتوانێت قەرەبووی پێداویستییەکانی بیلاڕووسیا لە نەوت و گازی ڕووسیا، بە نرخێکی گونجاو بکاتەوە.لێ ڕۆژەڤی ئابووری، لەوانەش بابەتی وزە، تاکە شت نەبوو کە لەو سەردانەدا باسکرا، بەڵکو وا دەرکەوت، واشنتن ئامادەیە، هەوڵی زیاتر بدات، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکەی سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمێر پۆتین، لێی هەڵگەڕێتەوە، ئەوەش بە پێشکەشکردنی چەندین بەڵێنی چەور لە چەندین ڕۆژەڤی دیکەدا، لەوانە مەسەلەی هەڵگرتنی ئەو سزایانەی بەسەر مینسکدا سەپێندراون، لەگەڵ کارکردن لەسەر یارمەتیدانی بۆ بەرەودان بە ئابووریەکەی و باشترکردنی هاوکارییەکانی لە ڕەوڕەشەی ئەورووپادا. ئەوەش هاوزەمان لەگەڵ زیادبوونی چالاکی بزاوەکانی پەیمانی ناتۆ لە نزیك سنوورەکانی ڕووسیا، لەگەڵ قسەکردن لەسەر جوولەپێکردنی یەکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ئەڵمانیا و دووبارە بلاوەپێکردنی لە پۆڵەندا، لە نزیك ڕووسیا و بیلاڕووسیادا بوو. بەڵام لە هەمبەردا، واشنتن مەرجێکی بۆ هەڵگرتنی سزاکان و جوولەکردن بە شێوەیەکی چالاکتر بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ لۆکاشینکۆ دانا، ئەویش پێویستی ئەنجامدانی چاکسازی ناوخۆیی، باشترکردنی ڕەوشی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بوو لە وڵاتدا. بە گوێرەی وتەی شارەزایانی ڕووسیاش بێت، ئەو پێشهاتانەی کە ئێستا ڕوو دەدەن، بەڵگەن لەسەر ئەوەی، ڕۆژئاوا بۆ سیاسەتی توندکردنی میکانیزمەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مینسکدا دەگەڕێتەوە، لە میانی سەپاندنی سزای زیاتر و گێژاوەوەی لۆکاشینکۆ بۆ سیستمی (گۆشەگیری نێودەوڵەتی)، کە زۆری بەدەستەوە نالێندووە. سەبارەت بە ڕووسیاش، ئەو بە پەیاننامەی یەکگرتن لەگەڵ (دراوسێ) سلاڤی بچووك پەیوەستە. بەڵام ئەو پەیاننامەیە، چەندین ساڵ بوو هەر لەنێو ڕەفەکاندا بوو و ڕوناکی پیادەکردنی تەواوی نەبینی، تەنها لەچەند ڕەنگدانەوەیەکی کەمدا نەبێت، وەکو ئازادی پەڕینەوەی سنوور بۆ هاووڵاتیانی هەردوو وڵات، لەگەڵ هەندێ ئاسانکاریی گومرگی و باجدان. لە بەرامبەڕیشدا، هەوڵەکانی مۆسکۆ، بەمەبەستی ئەنجامدانی باشترکردن و تەواوکاریی نێوان هەردوو وڵات، تاکو دەگاتە دەرکردنی پارەیەکی یەکگرتوو، لەگەڵ کردنەوەی بازاڕەکانی هەردوولا بۆ وەستانی مۆسکۆ لەتەك مینسك لە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی ڕۆژئاوا بۆ ماوەی چەندین ساڵ، کاریگەرییەکی گرنگی لە بەرخۆدانی لۆکاشینکۆ لەبەرامبەر سزاکان و گۆشەگیریدا هەبوو. هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و مینسك، چەندین قۆناغی هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینی، لەگەڵ چەندین (بەگژداچوون)، کە دواترینیان پێش ماوەیەکی کەم بوو، ئەویش دەستگیرکردنی 32 بەکرێگیراوی ڕووسی بوو لە گرووپەکانی (فاگنەر) دا. ئەودەم مینسك گووتی، ئەوان بۆ ئەوە هاتوونەتە سەر خاکی بیلاڕووسیا، تاکو بەشداریی لە تێکدانی بارودۆخەکە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا بکەن. مۆسکۆ تەواوی هەواڵەکەی بە درۆ خستەوە و دەزگاکانی ئۆکرانیای بە (پیلانگێڕیی) بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ نزیکترین دراوسێیی تۆمەتبار کرد. بەڵام، ڕووداوەکانی ئێستای بیلاڕووسیا، بە هاندەرێك بۆ ڕووسیا و بیلاڕووسیا دادەنرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندی پتەوی نێوانیان بگێڕنەوە و ڕووبەڕووی پێشهاتەکان ببنەوە، کە ڕەنگە کاریگەری ترسناکی بۆ سەر ڕووسیادا هەبێت، ئەگەر بتوانێت ڕەوشی دراوسێیە بچووکەکەی بگۆڕێت. ڕەنگە هەر ئەوەش پاڵی بە مۆسکۆوە نابێت، بە پەلە پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ هەموو ئەو ڕێوشوێنانە دەربڕێت، کە لۆکاشینکۆ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی تێکدانی ڕەوشی وڵات گرتووینەتە بەر. وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دووپاتی کردەوە، مۆسکۆ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بە وردی چاودێری ڕەوشی لە بیلاڕووسیادا دەکرد، ئاماژەی بەوەش کرد، دەسەڵاتدارانی وڵات، ڕێگەیان لە هەڵکشانێکی ترسناك گرتووە. ئەوەشی بۆ زیاد کردووە، هەرچەندە هەندێ هێز دوای تەواوبوونی دەنگدان، هەوڵی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی فراوانیان داوە، بەڵام دەسەڵاتداران ڕێگەیان لە ڕوودانی هەڵکشانێکی ترسناکدا گرتووە. وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە هەڵوێستەکەیدا هێما بۆ ئەوەش دەکات، ئێمە باوەڕمان وایە، ئەو بژاردەیەی گەلی بیلاڕووسیای پێی هەڵساوە، ڕێگە بە بەردەوامی دۆزینەوەی چارەی گونجاو لەو کۆمارە دەدات و یارمەتی باشترکردنی دۆستایەتی نێوان هەردوو وڵاتی براش دەدات.

سەرچاوە: www.aawsat.com

بە شێوەیەکی تەواو لەبەردەم ئازادی وەبەرهێنان و کار، ڕووبەڕووی لاملی لۆکاشینکۆ دەبوویەوە، کە چەندین جار هۆشداریی لە (چاوتێبڕینی ئۆلیگارشێی ڕووسی، بە (دەستگرتن) بەسەر وڵاتەکەی دا.

دۆستە سەربزێوەکەی مۆسکۆ

لەسەر ئەو ئاستەوە، دەتوانین بڵێین، نزیکترین هاوپەیمان لە ڤلادیمێر پۆتینت، هەر بە (دۆستە سەربزێوە)کە مایەوە و بەردەوام یاری لەسەر دوو فاقییەکانی ڕووسیا و ڕۆژئاوا دەکرد، هەوڵیشی دا بۆ باشترکردنی پێگەی دانووستانی لەگەڵ مۆسکۆ بەکاری بهێنێت، چونکە دەیزانی ڕووسیا چەندە پێویستی پێیەتی. وەکو نموونەیەك، ئەوەندە بەسەر ئاماژە بەوە بکەین، مۆسکۆ بوونی باتریە مووشەکییەکانی خۆی لەسەر سنووری بیلاڕووسیا لەگەڵ ئەورووپا پەرە پێدا، لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ناتۆ، لە نزیك سنوورەکان لەگەڵ ڕووسیادا. ئەوەش



مانشێت

سکای نیوز:

لە تویتێکدا ، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند ئەگەر ئێران هەر هێرشێك بکاتە سەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی ، وەڵامی ئەمەریکا هەزار جار بەهێزتر دەبێ .

یۆرۆ نیوز:

بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەم پارتی یەکێتیی مەسیحی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی ئەنجیلا مێرکل سەرۆکێکی نوێ دەستنیشان بکات.

ڕۆیتەرز:

سێرگێ لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند ڕۆژئاوا دۆسیەی ژەهراویکردنی ناڤالنی دەکات بە بیانوو بۆ ئەوەی سزا بەسەر وڵاتەکەیدا بسەپێنرێ.

ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:


چەکدارانی سەر بە ڕێکخراوی داعش لە مۆزەمبیق لە پێشڕەوی دان و تا ئێستا دوو دوورگەیان داگیر کردووە.

ئەی ئێف پی:

بڕیار وایە ئەمەریکا نەوەیەك لە فڕۆکە شەڕکەرە هەرە پێشکەوتووەکان ڕەوانەی ئالاسکا بکات و لەوێ جێگیریان بکات.

کەنالی ئار تی:

حکومەتی یۆنان ژمارەیەك پەنابەری بە سوتاندنی خێمەکانیان لە دوورگەی لیسبۆس تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند ئەوان بەمە دەیانەوەێ فێڵ لە دەسەڵاتداران بکەن.



کانْبوونەوەی خۆشەویستی و ماناوەی بەناچاری لە ژیانی هاوبەشدا

مەهاباد عوسمان

کۆمەڵناسەکان لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیای تاکەوە، باوەڕیان وایە ژیانی هاوبەش بێ خۆشەویستی هەمان دیلکردن و بەکەنیزەك بردنە، بەڵام بە ڕواڵەتی فریودەرانەی ئاهەنگی زەماوەندەوە. ئەوەی تا ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و بە گشتی لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەدیکراوە ڕەنگە زیاتر لە 40% ئەو ژن و پیاوانەی ئەمڕۆ وەك هاوسەر و بنەماڵەیەك پێکەوە دەژین، بە دوور بن لەو سۆز و خۆشەویستییەی کە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی پێ پێناسە دەکرێت. ئەوان تا ئێستاش بە سێ هۆکار پابەندی ئەم پێکەوە ژیانەن کە بریتین لە: نەریت، منداڵ، بێدەرەتانیی ئافرەتان.

ئەوەی هەر تاکێك لە ئێمە سەرەتا بیری لێبکاتەوە، پێوەرەکانی بەزۆر بەشوودان پێناسە دەکات کە دایك و باوك بڕیاریان داوە، یان عەشیرەت کەلتوورێکی دیاریکراوی هەیە و نابێت لێی لابدرێت، یان دیاردەیەکی ژن بە ژن و خوێنبایی و بەرخوێن، بەڵام گرنگتر لەو دیاردانە پەشیمانی ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە دوای پێکگەیشتن بە خۆشەویستی لەو سنووڕە پیرۆزە دادەبڕێن و تەنیا بە جەستە پێکەوە دەمێننەوە. ئەو 40% ـەمان بڕاس کرد و هۆکارەکانمان ڕوونکردەوە، بەڵام ئەوانەی وا کۆڵ و کۆی خۆشەویستیان ڕێسا مەنتقیەکان دەبڕێت و بێ بیرکردنەوە ژیانی هاوسەری پێکدێنن، بە کام ڕەهەند شرۆڤەی تێکچوونی ژیانی دواڕۆژیان دەکرێت. لە لایەکی تریشەوە، ڕەوتی ئابووریی سەرمایەداری، ئافرەتان دەربەستی بواری مادی دەکات و سنووری تەمەنەکان تا 20 ساڵ زیاتر لێك جیاواز دەکات و ژیانی هاوبەش لەگەڵ پیاوێك پێکدێنن کە بە باوکیان دەشێت، ئاخۆ کام خەسارناسی دەتوانێت ئەم بۆشاییە عەقڵییە پڕبکاتەوە. لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێت، ڕەخنەگرتن تەنها لە نەرێت و دواکەوتوویی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی باب و باپیران و کەلتووری کۆمەڵایەتیی ئایینی نییە، بەڵکو ڕەخنە لە بیرکردنەوەکانی سەردەمیانەیە کە لە پێناو خەونی ژیانێکی ئاسوودە کەسایەتی و جەستەی خۆیان وەك کاڵایەك پێشکەش بە پارەدارێك دەکەن. ئەو جیاوازی تەمەنە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە، بەرامبەرە بە هەمان ناڕێکبوون و تێنەگەیشتن لە نیوان دوو هاوسەردا کە بە نابەدڵ پێکگەیشتوون. ئەگەر دوو گەنجی نابەدڵ پێکەوە دەژین، ڕەنگە بتوانن بە لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی بنەماڵەیی خۆیان لە زۆرێك لە کردارەکانی شاراوەی دڵداری هاوکات بپارێزن، بەڵام بە ڕواڵەت پێشکەوتووەکانی سەردەمی ئەنتەرنێتی و شووکردن بە پیرەپیاوێکی پارەدار ئەو سنووڕەش ناناسن و پێیانوایە ئۆتۆمبێلەکەی ژێر پێیان، نافەرمانییەکانیان دەشارێتەوە. کەوابوو خەسارناسانە، پێناسەکان داڕشتنەوەیان دەوێت، واتە بنەماکانی ڕەوتی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە ئەرکی دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ کۆنترۆڵی میدیایی و داڕێژەو ئاوقاکردنی فەرهەنگێکی بە خۆماڵیکردنی سەردەمیانە، نەك خەون و خولیای زنجیرەیەکی تورکی و فارسی بۆ دابڕانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بەهاکان بە ناوی پێشکەوتنەوە.

بەو تێڕوانینەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لاوازن، چونکە پێناسەی مافی ئافرەتانیان گەیاندۆتە ئەو قۆناغەی کە ئافرەت پێیوایە دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی، دژایەتی ڕاستەوخۆی پیاو بکات و یان بە پێوەندیی نهێنی، تۆڵەیەك لە لایەنی بەرانبەری بکاتەوە. ئەو دەستەواژەی تۆڵە نهێنییە، پێناسەی تەنها ئافرەت نییە و بۆ پیاویش زیاتر بەرچاوە، بەڵام بەشێکی بۆ ئازادیی ڕەها و دەسەڵات دەگەڕێتەوە، ئەو نازادی و دەسەڵاتەی پێیوایە دوور لە چاوی هاوژینەکەی هەرچۆنێك بێت دەتوانێت کەسایەتیی خۆی بپارێزێت، بەڵام کێشە دەروونییەکان زۆرجار دەگەنە ئاستی دیاردەیی لە کردەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا و متمانەکان ڕەنگ دەگۆڕن و کار دەگاتە ئەو جێگەیەی تۆڵە بە تۆڵە و تاوان بە تاوان پێناسە دەکرێت، بۆیەش وەك دەبینین کۆمەڵگەی کوردەواری ڕوو لە داڕمانی ئەخلاقی و لەدەستدانی بەهاکانی ویژدانییە. کەوابوو ڕووڵەتی کۆمەڵگەیەکی ئارام و کەمبوونی دۆسییەکان لە ناوەندەکانی داد بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەری بەو پێوەرانەی باسمان لێکردن زۆر مەترسیدارە و ڕێککەوتنێکی بورکانییە تا کاتی تەقینەوە.

کچانی گەنجی کورد ڕووەکەنەوە کاری دەستی

کریشما عەلی: هەموو کات نەوەستان لە وەستان باشترە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت کە بە بێ هۆ نەهاتوویتە ئەم دوونیایە و ئامانج و مەبەستێکی لەدواوەیە





دیانە/ پەریهان عومەر

هەر نەتەوەیەك جگە لە کلتور و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی کۆمەڵێك کاری دەستی هەیە کە تایبەتە بە نەتەوەکەی و هەڵقوڵاوی کلتور و جوگرافیا و ناوچەی خۆیەتی. نەتەوەی کوردیش لەو یاسایە بەدەر نییە و سااڵنێکە ئافرەتانی کورد جل و کەرەسەی ماڵ و ڕازاندنەوەی تایبەتیان هەیە و کاری مورو و زەنگیانە و تەوەن و سیرامیك و ...تد دەکەن. کریشما عەلی ئەو کچە گەنجەیە کە خولیای کاری دەستی هەیە، با زیاتر بیناسین. کریشما عەلی خەڵکی سلێمانییە، دەرچووی بەشی ژمێریاری کە جگە لە کاری ژمێریاری خەریکی کاری دیزاین و چنینە بۆسەر جلی کوردی و مۆدە.

کاری دەستی چیت پێدەبەخشێت

کریشما پێیوایە کە دیزاین و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان وەکو زەخرەفەیەك تایبەتمەندییەکی جوانت پێدەبەخشێت و دەڵێ: کاری دەستی چوونە نێو دنیای ڕەنگەکانە، بەڵێ تۆش دونیات وەکو ئەمە ڕەنگاوڕەنگ بێ، بەڵێ خەیاڵەکانت فراوان بێ تاکو ڕەنگی زیاتر ببینێ، خۆت تەنها بە دوو ڕەنگەوە مەگرە ژیان ڕەنگی زۆر جوانترە تیایە ڕەنگە ئەگەر لە جێی خۆمان دانیشین نەیانبینین، ڕەنگی ئەو جلەی لە بەرتایە، ڕەنگی ئەو شوێنەی لێی دانیشتووی، ڕەنگی ئەو زەوی و ئاسمانەی تۆ لە نێوەندیانی، ڕەنگی ئەو گەڵایەی لە پاییز زەردە و لە بەهار سەوزە واتا ئەویش سەبری ئەوەی نییە هەموو تەمەنی هەر یەك ڕەنگ بێ، ڕەنگی ئەو گوڵانەی دەست بە دەموچاویانا ئەهێنین و ماچیان ئەکەین، ئەو ڕەنگە جوانانەی ڕەسمی پێتەکێشین، هەموو ئەمانە و زۆر زیاتریش بیهێنە کراسێکی پێ بچنە ئەبێ چەند نایاب دەرچێت و کاتێك سەیری ئەکەیت چاوت دەحەسێنێتەوە.

هۆکاری هاتنت بۆ جیهانی کاری دەستی

کریشما عەلی باسیدەکات کە: من حەز و ئارەزووم بۆ جلی کوردی و ڕەنگەکان وایلێکردم کە خەریکی کاری دیزاین کردن و چنین بم، کە بێ بینینی هیچ خولیك و بە هەوڵی خۆم توانیم سەرکەوتوو بم لەم بوارەدا، هەمیشە حەزی ئەوەم هەبووە لە هەموو بوارێك شتێك بزانم بۆ بەڕێکردنی ژیانی خۆم و خۆشبەختانە توانیومە هەمووی بە ئەنجام بگەیەنم.

کاری دەستی وەک سەرچاوەیەکی داهات

کریشما ئەڵێت: هەرچەندە بارودۆخ کاریگەری لەسەر هەموو پیشەکان هەبووە، تا ڕادەیەك ئەتوانم بڵێم بۆتە سەچاوەی داهات، بەڵام بارودۆخ کاریگەری هەبووە لەسەری، بۆیە لە ئێستادا ناتوانی بە تەواوەتی وەکو سەرچاوەیەکی داهات پشتی پێ ببەستیت، بەڵام من پەیامم هەیە بۆ خانمە جوان و دەسترەنگینەکان کە هەرگیز نەوەستن و چاوەڕێی دەستی هیچ کەسێك نەکەن لە هەر بوارێکدا بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەوڵی خۆی بدات و هەرگیز نەوەستێت و ڕۆڵی خۆی هەبێت، چونکە هەموو کات نەوەستان لە وەستان باشترە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە بە بێ هۆ نەهاتووەتە ئەم دنیایە و بۆ مەبەستێك هاتووە. هیچ کات هیچ بەربەستێك و ڕێگرییەك نەیوەستێنێت، سەرەتاکەی چەن قورس بێت گرنگ نییە تەنها ئەوە گرنگە کە بەردەوام بیت، پشت بە خۆت ببەستیت، خۆت یارمەتیدەر و پاڵپشتی خۆت بیت لە بواریکدا خۆتان بدۆزنەوە و پەرەی پێبدەن و داهێنانی تیادا بکەن حەزتان بۆ ئەو کارە هەبێت، چونکە ئەگەر حەزتان بۆی هەبێت ئەتوانن داهێنانیشی تێدا بکەن.



کەی کاتی جیاکردنەوەی ژووری نووستنی منداڵان دێت؟

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ڕەوانناسێك دەڵێت: منداڵ پاش تەمەنی دوو و نیو ساڵی دەبێت سەربەخۆ بێت و بەجیا بخەوێت، ئەگینا لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی دەبێت چاوەڕێی سەرکێشی و عینادی لێبکەن.

کاتێك منداڵ لەگەڵ دایك و باوکی دەخەوێت ئەو باوەڕە لای دروست دەبێت کە کەسێك بەردەوام ئاگەداریەتی و ئەو ڕەفتار پەیوەستبوونە لە ژیانی داهاتووی تووشی کێشەی دەکات.

ڕەوانناسانی خێزانی پێیانوایە کە دەبێت هۆکاری نەبوونی مەیلی بەجیانووستن لە منداڵدا بدۆزرێتەوە و دەڵێن بەهێزترین هۆکاری ترس لە جیابوونەوەیە کە بە گشتی لە ١٨ مانگییەوە دەسپێدەکات، هەروەها بینینی فیلم کارتۆنی خەیاڵی یان بیستن لە بارەی ئەو گیانلەبەرە خەیاڵییانە وادەکات منداڵ بەڕاستی هەست بە بوونیان لە ژێر سیسەم و نێو کەنتۆر بکات. کەواتە پێویستە ئەو چاودێرییە بەردەوامە لە لایەن بنەماڵەوە متمانە و سەربەخۆبوون لە منداڵ دەستێنێتەوە و هەندێ لە تواناکانی لەنێودەبات.



دایك و باوك بەر لە خەوتن هەموو کون و کەلەبەری ژوورەکە پیشانی منداڵ بدەن تا ترسی بڕەوێتەوە. لە لایەکیتر پێویستە ئەمکارە بە وردی ئەنجام بدرێت بۆ وێنە شەوێك لە هەفتەدا، پاشان دوو شەو و ...تد. هەروەها بۆ متمانەی زیاتر دایك یان باوك تا منداڵ خەوی لێدەکەوێت لە ژوورەکەی بمێننەوە و چیرۆکی بۆ بخوێنن یان دەرگاکە کەلێن بکەن تا منداڵ تا ئەو کاتەی خەوی لێدەکەوێت گوێی لە دەنگیان بێت و جاروبار بیانبینێت.

پێدانی خەڵات ڕێگەیەکیترە بۆ هاندانی بەجیانووستن و هەروەها دانانی ئەو بوکەڵانەی کە منداڵەکە خۆشی دەوێن تا بتوانێت لە ئامێزیان بگرێت.

پێویستە دایك و باوك کاتێك منداڵ باس لە هۆکاری ترسەکەی دەکات گاڵتەی پێنەکەن و بە سەرنجەوە گوێی لێبگرن، لە لایەکیتر ئیزن نەدەن کە ترس ببێتە بیانوو بۆ هەموو شەوێك و دایك و باوك لەسەر بڕیاری خۆیان سور بن.

پسپۆڕانی دەرونی پێیانوایە ئەگەر سەرەڕای هەموو ئەو ڕێکارانە دیسان منداڵ پێداگربوو لەوەیکە لەگەڵ دایك و باوکی بخەوێت پێویستە ڕاوێژ لە ڕەواننناسێك وەربگیرێت چونکە ئەگەری هەیە ڕەفتارەکان بەهۆی کاردانەوە لەبەرامبەر کردەوەیەکی نەخوازراوی دایك و باوك بێت.

ماسکی هەنگوین و دارچین دیارییەکی سروشتی بۆ ئافرەتانی سەردەم



ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

سوودەکانی هەنگوین: هەنگوین دژە ئیلتیهاب و پاکژکەرەوەیە، هەبوونی دەتوانێت ئەو باکتەریایانەی هۆکاری دەردانی زیپکەن لەنێوببەرێت. جگە لەوە بەکارهێنانی هەنگوین وەك ماسك پێش لە بڵاوبوونەوەی بەکتەریاکان لەسەر پێست دەگرێت. ئانتی ئۆکسیدانی هەنگوین کونیلەکانی پێست خاوێن دەکاتەوە، پێست شێدار دەکات و پێش لە چرچ بوونی پێست دەگرێت.

سوودەکانی دارچین و کاریگەرییەکانی لەسەر پێست: دارچین پێکهاتووە لە مەنگەنز، مەنزیۆم، پۆتاسیۆم، ئاسن، سدیۆم، سلنیۆم، زینك و هەروەها ڤیتامینەکانی A،B1 ،B2 ،B5 ،B3، و B6 و هەروەها ئەسیدی سکۆربیك و ڤیتامینەکانی E - K کە ئەمانە هەمووی پێکهاتەی ئەو بەهاراتە بۆن خۆشەن. دارچین تەعقیم کەرەوەیەکی سروشتییە و دەتوانێت بەرەنگاری ڤایرۆس و بەکتەریاکان بێتەوە.

ماسکی هەنگوین و دارچین: تێکەڵەی دارچین و هەنگوین بۆ لابردنی زیپکە و بچووککردنەوەی کونیلەکانی پێست زۆر بەسوودە. گەر پێستێکی ناسکتان هەیە و دەمارەکانی ژێر پێست دێنە بەرچاو ئەو ماسکە دەتوانێت چارەسەری بکات.

چۆنیەتی دروستکردنی ماسکی هەنگوین و دارچین: سێ کەوچکی چێشت هەنگوین، کەوچکێکی چێشت دارچین و دەتوانن چەند دڵۆپە لیمۆیەکی لێزیاد بکەن و تێکەڵی بدەن. ئەکم تێکەڵەیە بۆ ماوەی بیست خولەك لە پێست بدەن و دواتر بە ئاوی شیلەوتین بیشۆنەوە. تێبینی: چونکە هەندێ کەس هەستیاریان بە دارچین هەیە وابا‌شترە ئەو ماسکە پێشووتر لەسەر دەست تاقیبکەنەوە.



ئینتەر خیانەت لە بەرشلۆنە دەکات

"ئینتەر میلان دەیەوێت بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ ریاڵ مەدرید رێکبکەوێت"

راپۆرتی رۆژنامەکانی ئیتاڵیا باس لەوە دەکەن کە ئینتەر میلان بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ یانەیەکی دیکە گەیشتۆتە رێککەوتن بۆ ئەوەی لاوتارۆ ماتینێزی پێببات، کە ناوی ئەو یاریزانە ماوەیەکی زۆرە بە یانەی بەرشلۆنەوە بەستراوەتەوە.

پێگەی سپۆرت میدیاسێتی ئیتاڵی ئاشکرایکردوە، کە یانەی ئینتەر میلان دەیەوێت بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی رێکبکەوێت بۆ ئەوەی لاوتارۆ مارتێنز بۆ ئەو یانەیە بگوازنەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی گواستنەوەی قیدااڵ بۆ یانە ئیتاڵییەکە کێشەی تێنە کەوێت.

هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشکراکردوە، کە ئامانجی فلۆرەنتینۆ پێریز لە گواستنەوەی ئەو یاریزانە، لێدانە لە یانەی بەرشەلۆنە و لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزکردنی هێڵی هێرشبردنی یانەکەی دەبێت بۆ رکابەرییەکانی وەرزی داهاتوو.

میدیا سێت ئەوەشی ئاشکراکردوە کە گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ یانەی ریاڵ مەدرید بەهای 100 ملیۆن یۆرۆی تێدەچێت و لۆکا یۆقیچی سەرپیش دەبێتە بەشێك لە گرێبەستەکە و بە خواستن رو لە یانە ئیتاڵیەکە دەکات.



نەیمار بە قۆرسی سزا دەدرێت

لە خولەکی کۆتایی یاریی نێوان پاریس سان جێرمان و مارسیلیا گرژی کەوتە نێوان یاریزانانی هەردو یانە و بەو هۆیەشەوە ناوبژیوانی یاریبەکە 5 کارتی سووری بە ڕووی یاریزانانی هەردو یانەدا بەرز کردەوە کە دووان لەو یاریزانانە نەیمار و ئەلڤارۆ گۆنزالێسی بەرگریکاری ئیسپانیای بوون.

یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕوودواوە گەورەکەی کلاسیکۆی ئەو وڵاتە دەستپێکردوە، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتی ناوبژیوان و قیدیۆی یاریبەکە دەبێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی یەکێتییەکە لەو ڕوودواوە، پێشبینی دەکرێت کە ڕێکاری تونند بەرامبەر هەر یاریزانێك بگرێت کە تاوانبارە لەو ڕوودواوەدا.

بەپێی ڕاپۆرتە رۆژنامەوانییەکان، زلەی نەیمار بۆ ئەو یاریزانە ئیسپانییە لەوانەیە سزایەکی قورس بە دوای خۆیدا بهێنێت و چەندین یاریی دور بخرێتەوە، هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی RMC، ئەگەری هەیە نەیمار چوار یاریی دوربخرێتەوە و ئامادەنەبونیشی لەیاریی پاریس سان جێرمان بەرامبەر میتز ئەمڕۆ چوارشەممە پشتڕاستکرایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی تەمبێ کردنی یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا، لێدانی یاریزانێك بۆ بەرامبەرەکەی بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی پێکان، دەتوانێت ببێتە هۆی ڕاگرتنی حەوت یاریی، وەك لەڕێنمایی سزاکانی ئەو خولە باسی لێوەکراوە، ئەگەر هۆکاری دەرکردنەکەی ڕاستەوخۆ یاریزان تەنیا هەوڵێکی دەستدرێژی بێت، ڕەنگە سزاکە بۆ شەش یاریی کەمبکرێتەوە.



هازارد بەشداری یەکەم یاری یانەکەی ناکات

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کردووە، ئێدین هازارد بانگهێشت ناکرێت بۆ یەکەم یاری وەرزی نوێی خولی ئیسپانی.

ریاڵ مەدریدی هەڵگری نازناوەکە لە یەکەم هەفتەدا و لە یارییەکی بەهێز ڕووبەڕووی ریاڵ سۆسیداد دەبێتەوە، بەگوێرەی کادینا کۆپ ئێدین هازارد بەهۆی پێکان لە پاژنەی پێی و نا ئامادەیی باری جەستەیی ناتوانێت بەشداربێت.

هازارد بەر لەوەش لە کێشەدابوو لەگەڵ یانەکەی بەهۆی بەرزبوونەوەی کێشی جەستەی لە میانەی پشووی هاوینەدا، ئەمە جگە لە دابەزینی ئاست و لەدەستدانی بەشێکی زۆری وەرزی ڕابردوو بەهۆی پێکان.

گواردیۆلا بەهەرنرخێك بێت بەرگریکارێکی دەوێت

مانچێستەر سیتی گرێبەستێکی گرانبەها بۆ گواستنەوەی خۆزێ خیمینێز دادەنێت وئامادەیە بیکاتە گرانبەهاترین بەرگریکار لە مێژووی تۆپی پێ.

ڕۆژنامەکانی مارکا و ئاسی ئیسپانی ئاشکرایان کردووە مان سیتی ئۆفەرێکی بە 89 ملیۆن پاوەند خستووەتە بەردەم ئاتڵێتیکۆ مەدرید بۆ ئەوەی دەستبەردای خۆزێ خیمینێز ببێت، لەگەڵ پێدانی پێنج ملیۆن یۆرۆ وەکو پاداشت لە ئەگەری بردنەوەی نازناوەکان.

ئاماژە بەوە کراوە گفتوگۆی نێوان مان سیتی و ڕۆخێ بلانکۆس بەردەوامە و ڕەنگە مان سیتی لە گواستنەوەی ئەم یاریزانە ئەرکی ئاسان نەبێت، چونکە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەکەی دیێگۆ سیمیۆنیە.

خۆزێ خیمینێز لە هاوینی 2013 لە یانەی دانوبیۆی ئۆرۆگوایی بە بەهای تەنیا 100 هەزار یۆرۆ ڕوویکردە ئاتڵێیکۆ مەدرید، لەگەڵ ئەو یانەیە 191 یاری کردووە 8 گۆڵ و 8 ئاسیستی هەیە.

ڕۆناڵدۆ فشار دەخاتە سەر ئیدارەی یۆڤانتۆس

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەیەوێت قسەی هەبێت لە پلانی گواستنەوەی یوڤانتۆسدا و بۆ ئەو مەبەستەش فشاری خستۆتە سەر یانەکەی بۆ گواستنەوەی ئەستێرەیەکی ڕیاڵ مەدرید.

بە پێی زنیارییەکانی تۆڕی هەواڵی دیفینسا سێنترااڵی ئیسپانی، ڕۆناڵدۆ بەم دواییانە فشاری لەسەر بەرپرسانی کارگێڕی خانمەپیرەکە زیاد کردووە بۆ گرێبەست کردن لەگەڵ مارسێلۆی بەڕازیلی و هاوتیمی پێشووتری لە مێرەنگی.

کریستیانۆ و مارسێلۆ سەردەمی یاری کردن بۆ قەڵای سپی، پێوەندیەکی هاوڕێیانەی تۆکمە لە نێوانیاندا هەبوو لە دەرەوە و ناوەوەی یاریگا، هەر بۆیە ئەم پێشنیازەی گۆڵکارە پورتوگالییەکە بۆتە بیرۆکەیەکی باش لای ئاندریا پیرلۆی ڕاهێنەر، کە بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ڕاهێنەرەکەی یوڤێش هەمان داخوازی لە بۆردی یانەکەی کردووە.

مارسێلۆ ماوەیەکە پێگەی سەرەکی بۆ مێندی فەرەنسی لە دەست داوە و، ڕەنگە ڕیاڵ بۆ دەستکەوتنی بڕە پارەیەکی باش، بیر لە فرۆشتنی یاریزانە بە ئەزموونەکەی بکاتەوە.

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Wed. 16 Sep. 2020 No. (6006)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



ئەژدەر محەمەد
گۆرانییەک بۆ خۆپارێزیی لە کۆرۆنا دەڵێت

خەبات:بەرهەم شێخ عزەدین

گۆرانیبێژی دەنگخۆش ئەژدەر محەمەد یەکێك لەو هونەرمەندانەیە لەسەرجەم بۆنە نیشتیمانی و سیاسییەکان بەسروود و گۆرانی بەشداری کارای هەیە، ئەو گۆرانیبێژە لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆڤید١٩، بەگۆرانی و لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان هەڵمەتی خۆپارێزی ڕاگەیاند و بەشداری هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بوو، ئەژدەر دەربارەی ئەم بەرهەمەی بەخەباتی گوت: لەسەرەتای هاتنی ئەم ڤایرۆسە من زۆرترین خۆپارێزیم کردووە، بەڵام ئەوەی جێی داخە خەڵك پابەندنەبوو، لە دوای جەژنی نەورۆز وەك یەکەمین هونەرمەند گۆرانیم بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا گوت تا خەڵك هوشیار بێت.ئەژدەر محەمەد دەشڵێت: گۆرانی کۆرۆنا لەتێکست و ئاوازی خۆمە، بەڵام پێویستە سپۆنسەرم هەبێت.بۆئەوەی کلپێکی جوانی بۆبکەم.

هەڵدەستن بەدووبارە کوڵاندنەوەی چا دوای ئەوەی کە سارد دەبێتەوە و هەرئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خواردنەوەکە ناتەندروست بێت.

ڕاشیگەیاند "باشترین چارەسەر بۆ گەرمکردنەوەی کوپێك چا بریتییە لە خستنی کوپەکە بۆ نێو مایکرۆ وەیڤ بۆماوەی ١٥ بۆ ٢٠ چرکە"، چونکە بەم ڕێگایە دەتواندرێت پارێزگاری لە ڕێژەکانی ئۆکسجین و نایترۆجین بکرێت لەناو ئاوەکەدا و لەگەڵ ئەوەشدا تامی چاکە دەپارێزێت.بەپێی وتەی پسپۆڕەکان، کاتێك کە چا دەخرێتە نێو مایکرۆ وەیڤەوە گەردەکانی دەجوڵێن تاوەکو پلەیەکی گەرمی دیاریکراو بێ ئەوەی تامی چاکە بگۆڕێت.گۆرمان لەکۆتایی وتەکانیدا وتی کە بۆئەوەی بتوانن تەنها یەك جار چا گەرم بکەنەوە، دەتوانن جۆری چای کوالیتی باش بەکاربهێنن و وتیشی کە دەتوانن یەك کەوچك لە چا یان کیسێك چا بۆ هەر کوپێك ئاو بەکاربهێنن، وە گرنگیشە کە لەناو قاپێکی داخراودا دایبنێن تاوەکو چاکە هەوای بەرنەکەوێت.



)ویلیام گۆرمان(کە سەرۆکی یەکێتی چا و خواردنەوەکانە لەبەریتانیا ڕایگەیاند:"کوڵاندنی ئاو زیاتر لەجارێك کارێکی مەترسیدارە لەسەر تەندروستی مرۆڤ چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی ئۆکسجین و نایترۆجین لەو ئاوەدا کە دەکوڵێنرێت و چای پێ ئامادەدەکرێت".

بەپێی ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی، (گۆرمان) ئامۆژگاری ئەوەشی کرد:، کە باشتر وایە بۆ ئامادەکردنی چا مایکرۆ وەیڤ بەکاربهێنرێت، وتیشی:، خەڵکی

ساکار سلێمان

پرۆژەی هونەریی

جوین





کچە شێوەکار (ساکار سلێمان) بۆیەکەم جار کارێکی جیاواز بەبنێشتی کوردی ئەنجام ئەدات



دەربارەی پرۆژە هونەرییەکەی خاتوو ساکار سلێمان وا بۆخەبات دوا: ئەم پرۆژەیە لەپلانمدا بوو لەنێوان مانگی دوو بۆ چواری ئەمساڵ 2020 لە هۆڵێکدا پێشکەش بکەم ،بەڵام بەهۆی بارودۆخی کۆرۆنا ڕامگرت. بیرۆکەی ئیشەکەش ساڵی 2017 دوای گەڕانەوەم لەبینالەی ئیتاڵیا بۆ هات کەبینیم هونەرچ کاریگەرییەکی جدی هەیە لە ئەورووپا. ئەم پرۆژەیە لە سێ بەش پێك هاتووە:(ڤیدیۆ ئارت ، فۆتۆ) هەروەها ئنستلەیشن کە بە بەرهەمێکی خۆمالی بنێشتی کوردی ئەنجامم داوە. بنێشتی کوردی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە نمونە شیرین نیە گڵۆپ ئاکات ڕەنگاوڕەنگ نیە تەنها سپییە وەك ڕەنگە سروشتییەکەی خۆی وکاتی جوینی زۆرترە چەندجارێکتوانی بەکاری بێنیتەوەو بیچوێتەوە.

خەبات: وریشە عومەر

بیرۆکەی پرۆژەی هونەری جوینەوە

ساکارسلێمان لەوبارەیەوە زیاتر گوتی: پرۆژەکە لەسەر ئەو دوبارە بونەوەیەی ئەنجامی هونەرلای خۆمان تاڕادەیەکی زۆر وەك جوینەوەیەك دەبینم یاخود بەشێوازێکی تر بیڵێم تەنهاچالاکیەکە و ئەکرێت و کاریگەرییەکی کەمی جێهێشتوە دوای خۆی لەم ساڵانەی کۆتاییدا بەبەراورد لەگەڵ ئەو گرنگییەی پێشتر هەیبوە لەهەموونمایشە هونەرییەکانەدا ئەنجامی کارەکان بە بینینی لەلایەن چەند هونەرمەندێك و هەندێ خەڵکەوە لەماوەیەکی کورتدا و دوای تەواوبونی نمایش کارەکانم هێناوەتەوە ماڵەوە. ئەم دوبارە بونەوەی ئەنجامی هونەرکردن لەلای تێمە وەك جوینەوە وایە بۆ من، هەرچەندە بابەت و ماتریاڵاو بیرۆکە وشوێنی نمایشیش ئەگۆڕم بەڵام هەر بۆشاییەکی جدی هەیە لە هونەردا لای خۆمان کە پرنابێتەوە ، من ئەمەبەئەرکی سستەمی ئەزانم کە لانی کەم پرۆسێسی نمایش لە چالاکییەوە بگۆڕێت بۆ فۆتاغی بەکڵتورکردن و بەبازاڕکردنی هونەرییانە. لە ئەورووپا و ئەمەریکا کە کاری هونەریی ئەفرۆشرێ و ئەبێتە هۆکاری ناسینی هونەرمەندی ترو دروست بونی پەیوەندی هونەریی دیکە و نمایشی تر بە دوای خۆیدا دێنێ بەڵام لای خۆمان توشی خاووخلیچکی هونەری ئەبمەوە. گرنگی ئەم پێشەنگایە بۆ عێراق لەوەدایە بە ئاگابین بەرامبەر خاڵی بەیەك نەگەیشتنی هونەر و کللتور و کۆمەڵگە، وە دیاری کردنی هۆکارەکان و قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە لەڕۆژانی پێشەنگەکە کە ئەکرێ هەنگاوێك بنێین بۆ دروستکردنی کاریگەری هونەر لەسەر کۆمەڵگە کە بە بڕوای من هەرچەندە دوابکەوێ هەر یەتەوە ڕێگەی هونەرمەندی دوای منیش وەك جیلی نوێی هونەرخۆشحاڵم پێشنیاری ئەم بابەتەم کردوە بەرەو هەر ئەنجامێك بڕوا باشە بەهیوای بۆنێوەش پرسیار ومناقەشەدروست بکات

YouTube Go
Officially Launched
GET IT ON Google Play

گووگڵ هەوڵی چارەسەرکردنی سستی هێڵی ئینتەرنێت دەدات

هەردەوان:کۆمپانیای گووگڵ نوێترین تایبەتمەندی زیادکرد، کە ئەویش بریتییە لە ڤیرژنێکی ئەزموونی بەناوی (یوتیوب گۆ) بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خاوی ئینتەرنێت، کە بەشێك لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا گرفتیان لەگەڵیدا هەیە.بەپێی هەواڵێکی وێبسایتی ماشابڵی ئەمریکی، ئەم بەرنامە نوێیەی گووگڵ یەکەمجار لەوڵاتی هیندستان کاردەکات و دواتریش لەوڵاتەکانی تری جیهان بڵاودەبێتەوە وەك ڤیرژنێکی جێگیری کارپێکراو.لەئێستاشدا ئەو بەرنامەیە لە ستۆری گووگڵ پلەیدا بوونی هەیە، هۆکاری ئەوەش کە بۆ یەکەمجار لەوڵاتی هیندستاندا بڵاودەکرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو وڵاتە خاوترین هێڵی ئینتەرنێتی هەیە لەهەموو کیشوەری ئاسیادا. بەرنامە نوێیەکە کۆمەڵێك بژاردە دەخاتە بەردەست بەکاربەران، تا بتوانن کۆنترۆڵی چۆنیەتی کارپێکردنی ڤیدیۆکان هەڵبژێرن، هەروەها ئەم بەرنامە نوێیە یارمەتیدەرە بۆ خەزنکردنی ڤیدیۆکان تاوەکو دواتر بتوانرێت بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەماشابکرێنەوە.